● **بەهاری ڕەش**

ڕۆمان

● **ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل**

PDF4Kurd



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

رۆمان

# بەهاری ڕەش

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل



ناوی کتێب: بەهاری ڕەش - ڕۆمان
نووسەر: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٩٩
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم رەحمان
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا حەسەن
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل و لوتفی شۆڕش
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە ٢١٩ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

# پێشەکی

بەهاری ڕەش، کارەساتی هەرە ترسناکی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمی مێژووی مرۆڤایەتییە، کە نزیکەی (٢٠٠) هەزار قوربانی لێ کەوتەوە، بەبێ ئەوەی بزانن بکوژەکانییان چییان لێیان دەوێ، و لەسەر چی و لەپێناوی چیدا کۆمەڵکوژیان دەکەن.

بەهاری ڕەش، ئاه و نزا و هەناسەی ساردی سەرەمەرگی ئەو هەزارەها ئافرەت و ڕوو سوور و منداڵە بێ گوناه و کوڕە دڵ پڕ لە ئاوات و ئارەزووی ژیان و ئەو بەساڵاچوو و پەککەوتە کوردانە تۆمار دەکا کە بەهاری (!) ساڵی ١٩٨٨ لەناکاودا بەربەڵای ناگەهانی (ئەنفال)ی ناو زڕاو کەوتن.

لە کارەساتەکانی بەهاری ڕەشدا هەزارەها مرۆی بێ تاوانی کورد ڕاپێچی مەرگ دەکرێن، هەزارەها ئاوایی وێران دەکرێن هەزارەها باغ و ڕەز دەسووتێنرێن، هەزارەها کانی ڕوون کوێر دەکرێنەوە، بەری ڕەنجی میلۆنەها کورد و شاکار و دەستکردی پڕ لە داهێنانی چەندین پشت و وەچی خاپوور دەکرێن دابونەریت و فۆلکلۆر و کەلەپووری سەدان هەزاران نەوەی یەک لەدوای یەکی کوردستان دەسترێتەوە، هەزارەها مزگەوت و وەجاخ و کوانوو کوێر دەکرێنەوە، بەڕاستی لێقەومانێکی بێ وێنەی ئەوتۆ دەخوێننەوە کە لە ئەنجامدا گومان دەخاتە سەر مرۆڤایەتی خودی مرۆڤیش.

لە بەهاری ڕەشدا مرۆڤی بێ دەسەڵاتی کورد بەتینووکردن و برسی کردن، بەتاقیکردنەوەی چەکە قەدەغەکراوەکانی کیمیایی و بایەلۆژی شەهید دەکرێن و، کار دەگاتە ڕادەی ئەوەی کە تەرمە بێ نازەکانیشیان فڕێ بدەنە بەردەم سەگ کە هیچ یاسا و ڕێسایەکی زەوی و ئاسمانی قبووڵی ناکات.

بەهاری ڕەش، پانۆرامەیەکی ترسناکی پێشێلکردنی هەموو ماف و بەهاکانە و دڕندەیی مرۆڤی (!) دەسەڵاتدار و دەسترۆ و، لێقەوماویی مرۆڤی (!) بێ دەسەڵات بەرجەستە دەکا.

کە دەڵێم مرۆڤ، مەبەستم لە مرۆڤی تاک و کۆیشە، کارەساتی ئاوا لە مێژوودا هەر بەسەر کەسێک، یا چەند کەسێکی دیاریکراودا هاتووە و مرۆڤ ئەگەر لە تەنهایی و تاکەکەسیشدا دووچاری زوڵم و زۆری گەورە و کردەوەی دڕندانە هاتبێت، بەڵام کە (کۆ) بووە هێزێکی لەو (کۆ)ییەی خۆی پەیداکردووە و توانیوەتی لەگەڵ هاومالاندا لە هەمبەر ڕووداوی گەورەی سروشتی و شەڕوشۆڕی بێ ئامان بوەستێ، لێ پێدەچێت تەکنەلۆژیا بەتایبەتیش (تەکنەلۆژیای شەڕ) و پەیدابوونی چەک و دەزگاکانی





کۆمەڵکوژیی ئەو مافە و ئەو خەسڵەتەشی لە دەست مرۆڤ (هەر هیچ نەبێ لە دەست مرۆڤی هاوچەرخی کورد) دەرهێنا بێت، کە بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە و لە بەهاری ڕەشی ١٩٨٨ و لە کرداری ناوی زڕاوی (ئەنفال)دا جینۆساید دەکرێ و تەنها تاوانیشی هەر ئەوەندەیە کە نەوت لە نیشتمانەکەیدا هەیە و، لە داڕشتنەوەی جوگرافیای سیاسی پاش هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا قەوارەیەکی بۆ نەڕەخساوە و نیشتمانەکەی بووەتە سەربەشی گەلانی دراوسێیی و ئەوانیش بە تەماحی نیشتمانەکەی و سامانە نەتەوایەتییەکەی خەڵکەکەی قڕ و ڕەشەکوژ دەکەن، چەک و جبەخانەی خۆیانی پێ تاقی دەکەنەوە، لە قەرەبووی شکستییە مێژووییەکانی خۆیاندا (خود سەلمێنی) خۆیانی پێ ئەنجام دەدەن.

قوربانییەکانی بەهاری ڕەش، توێژ و چین و ئایین و مەزەب و بیروبۆچوونی سیاسی و تەنانەت سەروسیمای تاکەکەسی و، هەندێ جار تەمەن و حەز و ئارەزوو و تاقیکردنەوە و شتەکانی دیکەشیان پێوە دیارنین، چونکە لەڕاستیدا پێویستیان بەوە نییە، ئەوان کە ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە ڕەشەی ئەنفالکردنە دەبنەوە لەبەرئەوە نییە کە سەر بەتوێژ و چینێکی کۆمەڵایەتی و ئایین و مەزەبێک و هەڵگری بیروڕایەکی تایبەتن، یا خاوەنی کەسایەتییەکی دیاریکراو و خاوەن حەز و ئارەزووی تایبەتن، بەڵکو تەنها و تەنها لەبەرئەوە کە (کورد)ن دووچاری ئەو زوڵمە مێژووییە و ئەو کارەساتە و ئەو ڕۆژە ڕەشە دەبن.

لە بەهاری ڕەشدا کوردی بوون نەک هەر تەنها بۆخۆی تاوانە، بەڵکو دایکی تاوانەکانیشە (!) ئیتر مەبەست نییە، ئەو کوردە نێر بێت، یا مێ، گەورە بێ یا منداڵ، چەکدار بێت یا بێ چەک، گوناهێکی کردبێت یان نەء... بەڵکو ئەوەندەی بەسە کە (کورد)ە بۆ ئەوەی بە دڕندانەترین شێوە بکوژرێت.

پاڵەوانانی بەهاری ڕەش خەڵکێکی سادە و ساکاری یەک دیوی لادێیین و بەبێ ئەوەی هیچ پەلەقاژەیەکی شیاو بنوێنن بەوپەڕی واق وڕماوی و ئارامیشەوە خۆیان داوەتە دەست مردنەوە، و لە بارودۆخێکدا کە هیچ مەرجێکی ژیان و مانەوەی تێدا نییە چاوەڕێی مەرگێکی سەیر و نامۆ دەکەن و شوکری خوا دەکەن.

زمانی قسەکردنیشیان وەکو خۆیان سادە و ساکارن و لە ئاستی بەرجەستەکردن و دەربڕینی ئەو کارەساتە گەورەیەدا نییە کە چاوەڕوانیان دەکا و لێی تێناگەن.

کە دەڵێم پاڵەوانەکان سادە و ساکارن یەک دیون، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەوان چ لەناو خۆیاندا و چ لەگەڵ بکوژانیشیاندا ململانێیەکیان نییە، ئەوەی کە تێیشی کەوتوون تەنها هەڵوێستێکە و بەس، خۆیان نەدەستیان تێدایە و نەڕەهەندەکانیشی دەزانن و نەدەشتوانن ڕای بگرن، یا تەنانەت لە دژیشی بوەستن، ئەوەی لە بەهاری

ڕەشدا ڕوو دەدات (شەڕێکی یەک لایەنەی نا بەرابەرە) ئەو دوژمنە دەرەکییە بەسەر ئەو کوردە لێقەوماوانەیدا سەپاندوویەتی و لەهەموو ڕوویەکی چۆنیەتی و چەندایەتیشەوە تیادا بالا دەستترە.

بێ گوناهی و بێ تاوانی قوربانییەکانی ئەنفالیش لە دەقی ئەم ڕۆمانەدا لێرەوە سەر هەڵدەدات کە هیچ حەز و ئارەزوو و دەستەڵاتێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و داوایەکی نابەجێ و نایاسایی و ناشەرعییان نییە، جگە لە بیرکردنەوە لە مافی ژیان و بەردەوامی ئەو ژیانە کولەمەرگییەی کە لەسەر خاکی باووباپیرانی خۆیاندا بەئارەقەی نێوچەوان و بەرەنج و بەنینۆک ڕۆژانە بونیادی دەنێن، لەکاتێکدا ولاتەکەیان بەسەر دەریایەک نەوتەوە مەلە دەکات، ئەو نەوتەی کە ژیانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی لەسەر بەندە و پێی هەڵدەسووڕێن، ئەو نەوتەی کە دوژمنان تالانی دەکەن، و خۆیانی پێ دەوڵەمەند و دەسڕۆی ئابووری و سیاسی دەکەن بەلام بۆ کوردەکەی کە خودانێتی بووەتە مایەی مەرگی بەکۆمەڵ و قەلاچۆکردن و ڕاگواستن و نەهامەتی.

لە بەهاری ڕەشدا هەست بەمەرگی لەسەرخۆی هاوڕەگەز و هاوئایین و هاوولاتییە بێ گوناهەکانمان دەکەین، لە زمان و قسە و حەز و ئارەزووەکانی سەرەمەرگیاندا هەست بەسادەیی ژیان و خواستی بیروبۆچوونی کوێرەوەری ئەو مرۆڤە بێدەستەلاتانە دەکەین کە بەخۆیشیان نازانن لەبەرچی کەوتوونەتە ئەو هەڵوێستەوە و تەنها ئاوات و خواستێکیان ئەگەر مابێ هەر ئەوەیە کە شەرەف و کەرامەت و نامووسیان پارێزراو بێت و، هەتا ئەشمرن تەرمەکانیان لەپاڵ دیوارە بێ هەست و سۆزەکانی بەندیخانەدا فڕێ دەدرێ، چاویان لەگەڕانەوەیە بۆ زێدی خۆیان لێرەشەوە زنجیرە پەیوەندییەکانی مرۆڤ – خاک، مرۆڤ ژینگە دەست پێدەکەن، کە هەست و نەستی مرۆ لە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونیان پێک دێت، لێرەشەوە تێدەگەین «دوورخستنەوە»، «ڕاگواستن» بۆ بووەتە مەزنترین و بە کاریگەرترین سزا بۆ مرۆڤ و، بۆ (نەفی) کە مرۆڤ لە زێدی دادەبڕێ وا دەکا مرۆڤ وردەوردە خۆی بەدەست مردنەوە بدات و مردن بە (ڕزگار)بوونی خۆی بزانێ.

لەلای لێقەوماوانی بەهاری ڕەشدا مردن چارەسەری کۆتایی هەموو کێشە دیار و نادیارەکانە، بۆیە بەبێدەنگی دوور لە ئێمەی خوێنەر دەمرن، بەبێ ئەوەی وەکو هەموو مرۆڤێکی تری ئەم سەرزەمینە، ئامۆژگارییەک یا وەسیەتنامەیەک بەجێ ناهێڵن، ئەمەش ئاماژەیەکی هونەرییە کە ئەم لێقەوماوانە هیچ کێشەیەکیان لەشوێن بەجێ نامینێت، لە سەروەتی دونیا و لە کوڕ و کچ و دۆست و برادەر و یادگاری و کێشە و خۆشی و ناخۆشی هیچیان لە دوا بەجێ نامینێ قسەی لەبارەوە بکەن. گەورەیی کارەسات و کۆمەڵ کوژییەکەش لێرەدا بەرجەستە دەبێت و یەکسانی (ڕزگاریی) و (مردن)ەکەش لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەو کۆمەڵگەیەی بەر ئەنفال کەوتووە هەر لە





بیرەوەرییەکانی مرۆڤە تاکەکاندا بوونی ماوە و بە(مردن)ی ئەو مرۆڤە تاکەش هەموو گرفتە تاکەکەسی و کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتی و ئەزەلییەکانیش پێکەوە کۆتاییان دێت، بۆیە بەبێدەنگیش دەمرن و لەشێوەی تارماییەکی سپی بێ ڕەنگ و بێ دەربەستی ئەوتۆدا دێنەوە بەرچاو کە هیچ سنوور و دیوار و تەلبەندێک ناتوانێت ڕێگەی سەردانەوە و بەسەرکردنەوەی هاومەرگەکانی وەک خۆیان لێ بگرێت.

دەستخۆشانە لە (ئەحمەد) دەکەم و، هیوادارم بەم بەرهەمەی دەرگا لەسەر قۆناغێکی دیکەی ئەدەبی ڕەسەنی کوردی کردبێتەوە کە لێقەوماویی مرۆڤی کورد بەرجەستە بکات و دۆست و هاوسۆزیی دیموکراتییەکەی لە جیهاندا زۆر بکات.

دەرگای لەسەر ئەدەبێکی ڕەسەنی کوردانەی دوور لە ئیدیعا و خۆهەڵکێشان و هەڕەشە و ئەو وێنە دەست هەڵبەستانە کردبێتەوە، کە کورد بەبکوژ و ببڕ و فسفس پاڵەوان لە قەڵەم دەدەن، لەکاتێکدا کورد بێ پشت و پەنا و بێدەسەلاتترین مرۆی سەر زەوییەکە ولاتەکەی بەش بەش دەکرێتەوە و خۆی کۆکوژ دەکرێ و شوێنەوارەکانی دەشێوێنرێن و کەلەپوور و کەلتوورەکەی زەوت دەکرێن.

نووسەری دەست ڕەنگین تەنانەت ئەگەر بەتاکە سوارەیش بووە دەتوانێ بەرگری لە میللەتێک بکات، بەلام دەبێ ڕاستگۆ و واقیع بین بێت و بوێرانە ببینێ و بنووسێت.

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لەم بەرهەمەیدا ڕەچەیەکی واقیعییانەی گرتۆتەبەر و ئەوەی سەلماندووە کە کورد لە کۆتایی سەدەی بیست و لەگەڵ هاتنی سەدەی بیست و یەکەمدا حیسابی ئەو گیانلەبەرانەشی بۆ ناکرێ کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ (تۆو) دەیانپارێزێت، بەڵکو لەجیاتی هەندێ گیانلەبەری موختەبەرەکان چەکی کیمیایی و بایەلۆژی و شێوەکانی دیکەی کوشتن و بڕینیان پێ تاقی دەکەنەوە.

بەهاری ڕەش، کارەساتی مرۆڤی هاوچەرخی کوردە، کە دەبێ بخوێنرێتەوە.

W½U¹WÐ¸˘˙ dO¼«“

هەولێر ١٩٩٨/٨/١٠

بەهاری گەرمیان چوون ساتە خۆشەکانی کورت و کەم تەمەنە، بەناو بەهارە و کەچی لە پێرەوە تەپوتۆزێکی دڵگوشێنەر هەڵی کردووە، خۆڵ دەبارێ، خۆڵێکی وردی کل ئاسا، خەنەیی و کەمێ مەیلەو سووره خۆڵی ئەم گەرمیانە... سەرەڕای کورتییەکەشی ئەمساڵ بووەتە ئاگر و وا تەڕ و وشک لووش دەدات. دوای سێ ڕۆژ خۆڵ بارین تۆزەکەی نیشتەوە بەڵام گەرد و تۆزەکە بەئاسمانەوە مانیان گرتووە کە تیشکی خۆرەکەی بەردەکەوێ سوور دەڕوانێ. لەوە دەچێ خوێنت بەئاسماندا پرژاندبێ... بەدرێژایی ئەو سێ ڕۆژەش زیل و زرێپۆش لە ئاواییەکانی گەرمیانەوە ژن و منداڵ و لاو و پیری پەککەوتە و مەڕومالآتی گوندییان دەگوێزنەوە... دەمەو ئێوارەی سێیەمین ڕۆژ پیکابێک بەتوند هات و لەپێش یەکێ لە قوتابخانەکانی شاری دووز... کە بۆ ئەم مەبەستەیان تەرخان کردبوو... وەستا، بەپرتاو یەک دوو چەکداری شەرواڵ لە پێ لە پیکابەکە دابەزین، چاوەڕێی یەکێکی ناو پیکابەکە بوون، یەکەکە بەکاوەخۆ لەناو پیکابەکەوە هەستایە پێ... بەجەمەدانیەک لەچەکی کردبوو. تەماشایەکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد، سەروملی لە تۆز نیشتووە، هەرچەندە تەمەنی لە چل تێ نەپەڕیبوو بەڵام لەو کاتەدا گەلێ لەوە پیرتر دیاربوو، دابەزی، دەرگا ئاسنینەکەی قوتابخانەیان بۆ کردەوە... ئەودیو دەرگاکە ڕێڕەوێکی درێژە، یەکێ لە چەکدارەکان پێشی کەوتووە، ئەوەی کەشیان دوای کەوتووە، شاکامی خواستنیان پێوە دیارە. خەڵکێکی زۆر لە شەقامەکەی ئەوبەرەوە و لە پاڵ دیواری ماڵەکانی بەرامبەر، یا دانیشتوون یا وەستاون کزکز دەیانڕوانی هاتبوون ناسیاوێکیان ببینن و هەواڵی خزم و خوێشیان بزانن، لەم کاتەدا





لەناو قەرەباڵغەکەوە دەنگێک بەرز بووەوە: (خۆ ئەوە سابیری حاجی جومعە بوو... ئەویش بەر ئەم لێشاوە کەوت!...) دەنگەکەی بیست، پێش ئەوەی لە دەرگاکە ئاودیو بێ ئاوڕێکی دایەوە، بۆیە لەچەکی کردبوو تا کەس نەیناسێ «ئێستا باوکم پێی دەزانێ. یەجگار خەمی دایکمە...» لە دڵی خۆیدا ئاوای گوت. ڕێڕەوەکە درێژە، بەدەستە ڕاستدا دەرگای چەند ژوورێک کەوتوونەتە ڕێڕەوەکەوە، زەڵەزەڵ و ژاوەژاوی ئەودیو دەرگاکان ئەوە دەسەلمێنێ سیخناخن.

سابیری حاجی جومعە... شاکامی و بزەی زەردی ئەم دوو چەکدارەی تەکت ئەوەندەی کە دڵت سەخڵەت دەکەن، پێت سەیر نایەت چونکی کردەوەی وا هەر لەمانە دەوەشێتەوە، لە ڕێگاش لەناو پیکابەکەدا چەندیان کرد و کۆشان زوانت لە زوانیان نەچەرخا، نەهاتیتە گفت و زاق زاق تەماشات دەکردن، هەم ڕقت لێیان دەهاتەوە هەم بەزەیی... ژوورێ، دوو،... شەش، لەپێش حەوتەمین دەرگادا ڕایان گرتی. لەبەر دەرگاکە یەکێک وەستاوە، لیستێکی بەدەستەوەیە، زانیت دەیەوێت ناونووست بکات.

«ناوت چییە؟».

«سابیر حاجی جومعە.»

ژمارەی تەنیشت ناوەکەت سەرنجت ڕادەکێشێ 18988.

«دانیشتووی کام ئاواییی...؟»

تۆ خەڵکی ئەم شارەی، ئەمە چەند ساڵێکە ڕووت لەو دەشتە کردووە، هەرچەند مانگێک و لە ئاواییێکدای، لەبەر کەسوکارت ناڵێی خەڵکی ئەم شارەم، هەر بەئەنقەست ڕاستییەکەیان پێ ناڵێی...

«ئاوایی گەرمک...»

«گەرمک؟!»

ئاوای گوت و لێت مووڕ بووەوە، تۆش بەبزەیەک مەگەر هەر خۆت بزانی چی گەیاند وەڵامی خێسەکەیت دایەوە... لەم کاتەدا گوێت لە گریانی چەند منداڵێک بوو، ڕێڕەوەکە کەمێک لەولاترەوە بەلای چەپدا دەشکایەوە زەڵەزەڵ و گریانی منداڵەکان لەو ئاستەوە دەهات... ئەوەی ناوتی نووسی ڕانکوچۆغەیەکی حەلوایینی لەبەرابوو، چاوی لەچاوت گیرکرد. «ڕەنگە

بمانناسیّ...» ، حەزت نەدەکرد بتناسیّ، ڕووت وەرچەرخاند، وات نیشان دا تەماشای ڕێڕەوەکە دەکەیت، ماندووی، دوو شەوە چاوت لێک نەناوە، کفت و شەکەتی، لەشت وەک لەناو دنگدا کوترابیّ دەمارەکانت پل دەدەن، چاوت ڕێشکە و پێشکەی پیّ کەوتووە، لیّ ناگەڕێن ئەگینا ئێستا ئا لێرەدا لەبەر ئەم دەرگایەشدا بیّ سەرخەویّ دەشکێنی... هێشتا هەر تەماشات دەکات، زەردەخەنەیەکی زەردی شاکامی خوازانەشی کەوتۆتە سەر لێو «دەک ڕووڕەش بی...» ئەمەت لە دڵی خۆتا پیّ گوت، خەریک بوو ڕووبەڕوو وای پیّ بڵێی... دەرگاکەشت بۆ دەکاتەوە چاوت لیّ ناگوێزێتەوە، کە دەرگاکەی بۆ کردیتەوە سەری کەمێک هێنایە پێشەوە، هەستت کرد بۆنی دەمی دێت... پێت نایە ناو ژوورەکەوە، بۆنی هەناسەی خنکاوی ژوورەکەت بەگژدا هات، دەستێکی بەپشتەوە نا تا دەرگاکەی بۆ پێوە بدریّ، لە دواتەوە دەرگاکەی داخست وەستای... هەر لە جێگاکەی خۆتەوە چاوێکت بە ژوورەکەدا گێڕا، سیخناخە، هەر لەبەر بیّ جێگایی بەپێوەن، ژوورەکە دوو پەنجەرەی گەورەی هەیە، بە مقەبا گیراون، زەردەی ئەو ئێوارەیە لە درزی مقەباکانەوە دزەی کردووە، لاکێشەیەکی درێژی مەیلەو سووری خستۆتە سەر دیوارەکەی بەرامبەر... تۆ عاشقی زەردەپەڕی ئێوارانی ئەو دەشت و هەردەیەی، زەردەی ئێوارانی هەردە و پێدەشتی گەرمیانت لەم کاتەشدا لە بیر ناچێت! جاروبار کە نامەت بۆ هاوڕێیانی شارت دەنووسی، جوانیی سروشتی گەرمیانت بۆ باس دەکردن، لە دوانامەتدا کە بۆ زایەری برادەرت نووسیبووت، کە هێشتا بەدەستی نەگەیشتوون، چونکی چەند ڕۆژیّ لەمەوپێش لەگەڵ دایکتا بۆت ناردبوو... «زەردەی ئێوارانی ئەم ناوچەیە کە دەڕژێتە سەر خۆڵە پەتانیە سوورەکە ڕەنگێکی تایبەتی پیّ دەبەخشیّ کە پەڕەمووچی هیچ هونەرمەندێک ناتوانیّ ئەو ڕەنگە دەربێنیّ... کە سەرنجی دەدەیی و لێیی ڕادەمێنیی خەم و خولیایەکی سەیرت لە ناخا دەوروژێنیّ، من دەڵێم ئەو ڕەنگە زەردباوە دەگمەن و جوان و دڵگوشێنەرە ئاه و هەناسەی خەڵکەکەیە...» . ژوورەکە لە دە ساڵانەوە تا پیری پەککەوتەی تێدایە، وەک چاوەڕێی شتێک بن، هەرکە تەقە لە دەرگاکەوە هات سەریان هەڵبڕی و ئاوڕیان دایەوە، لە زەڵەزەڵ و قسەکردن کەوتن





ڕوویان ڕەنگی مردووی لیّ نیشتبوو، تەماشاکانیان ترس و بیّ ئومێدییان لیّ دەتکا، کیّ دەتوانیّ لە ئاستی ڕوانینی وادا خۆی پیّ بگیریّ، تەماشاکردنێک هاوار و پاڕانەوە بوو... تۆش سابیری حاجی جومعە وا ئێستا یەکێکی لەمانە... یەخەی کیّ دەگرن؟ گوناهتان لە ئەستۆی کیّ دەخەن؟... یەخەی کەستان پیّ ناگیریّ مەگەر هەر هەناسەی ساردتان بەگژ ئەوانەدا بکەن کە بەم دەردەی بردوون...

لە نامەیەکی کەدا کە پار بۆ هاوڕێیەکت ناردبوو پێشبینی کارەساتێکی وات کردبوو، وا هاتە دی بەڵام خەیاڵت بۆ شتێکی ئاوا نەچووبوو... سەرت دانواند، دەستێکت بەڕوومەتی خۆتا هێنا. دەموچاوەکان لات نامۆ نین، بەڵام جاریّ کەسیانت بۆ ناناسرێت، ئەم گەرمیانیانە دەڵێی نەوەی یەک کابرایەکن، ڕەنگ و سیمایان لەیەک دەچن... جاران کە ڕێت دەکەوتە ئەو شارانەی کوێستان کابرایەکی گەرمیانیت بدیبایە بەهاوڕێکانت دەگوت ئا ئەوە خەڵکی لای ئێمەیە، لێیان دەپرسیت چۆن دەزانی دەتگوت بەسیما و خوێن... لەم کاتەدا لە هۆڵی ناسینەوەی کەسدا نیت. ناهەقت نییە ماندوو و شەکەتی، دوو شەوە نەنووستووی. چاوت بۆ جێگایەک گێڕا، هەر نەبیّ چیچکەی تیا بدەی و چاویّ گەرم بکەی، چاوەکانت بوونەتە دوو گۆلی خوێن، لاکێشە سوورباوەکەی قەد دیوارەکە هێشتا تیلماسکێکی ماوە و کەمیّ بەرزتر بۆتەوە. لەوپەڕ ژوورەکەوە تارماییەکت بینی، وا هەستا بەرەو لای تۆ دیّ، تا گەیشتە تەکت بووە ساڵیّ، بیّ ئەوەی هیچ بڵیّ مەچەکتی گرت، تۆش ورتەت نەکرد دوای کەوتی. تۆ لە خوات دەویست، ناسیت. «دەیناسم» لە دڵی خۆتدا وات گوت، نە تۆ دەنگ دەکەی نەئەو هیچ ناڵێن. بەناو قەرەباڵغییەکەدا بەزەحمەت هەنگاو هەڵدێن و جیّ پیّ دەکەنەوە، هەبوو کەمیّ خۆی لار دەگرت، هەشبوو کاس و بیّ ورتە جوولەی بۆ ناکات، پێتان بەر قاچ و سمت و شانیان دەکەویّ و خۆی نابزووێنیّ. زەڵەزەڵەکە بەجاریّ خاو بووەوە، لە سووچی بنەوە داینای... چاکی دەناسی، ناوێری ئاوڕی لیّ بدەیتەوە... «ئای حەمە غەریبی مام مەنسوور... ئەم بەیانییە تۆ لە ئاوایی نەبووی...» دەم بەدوعای هەواڵی خێزانەکەیت لیّ نەپرسیّ... پشتت بەدیوارەکەوە دا، پێت هەڵکێشا و کردنت بەسەرین بۆ

قۆڵت، سەرت بۆ سەر سینگت شۆڕ بووەوە، زەڵەزەڵ و ورتەورت دەستی پێ کردەوە، بەڵام تۆ بۆ ناو بیرێکی قووڵ ڕۆ دەچی، هێدی هێدی دەنگەدەنگت لە گوێ دوور دەکەوێتەوە، پێڵووت تا دێ قورستر دەبوون... وا دەستەڵاتت بەسەریاندا نەما... ئاوایی «قەڵا» سەرتۆپی دەورەی داوی، چاویان لە دەمی تۆ بڕیوە... سەرزەنشت و گلەیی و تووڕەبوون لە ڕوویاندا دەخوێنیتەوە... بۆ؟ بۆ بەجێیان هێشتین؟... ئێمە لەم دەشتە کاکی بەکاکییەدا چیمان پێ دەکرێت؟... بۆ کوێ بڕۆین و کوێ دەمانشارێتەوە؟ بۆ لێ نەگەڕان زووتر بەخۆمان بکەوین؟. بۆ بەر لەوەخت ڕێگاتان نەداین، ڕوو لە شارێک بکەین و خۆمانی تێدا بشارینەوە؟ بۆ دەستی وڵاتێکی دیکەتان گرت و هێناتان ئێستا ئەوەشیان بەبیانوو کردووە، لە ڕقی ئەوەدا ئاوامان لێ دەکەن هەزار (بۆ) لەسەر لێویاندایە... خۆت ئامادە دەکەی شتێ بڵێیی، هیچت بۆ نایەت... هەزار... هاوار دەکەی دەنگت دەرناچێت... خەڵکەکەی دەوروبەرت دەم دەکەنەوە دیارە هاوار دەکەن بەڵام دەنگیان نابیسی... چەند ئافرەتێک دەگرین و دەنگی گریانەکەیان نایەت... هەندێک لێو دەکرۆشن و هیچ ناڵێن... لەپڕ گرمەیەک، دوو، سێ، وەک پۆڵە باڵندە هەریەک بەلایەکدا داغان دەبن... ئافرەتەکان ناپڕژێنە سەر ماڵ و حاڵ تەنها منداڵە ساواکانیان بەسنگەوە دەنووسێنن و هەڵدێن... چاو دەگێڕی کەست لە نزیک نەماوە... گریانی منالێک دەژنەوی، بەتەنها لە دەم کۆڵانەکەی ئەولاتەوە بەتەنیا وەستاوە و دەگری... تاو دەدەی لە باوەشی بگری و دووری بخەیتەوە، هەرچەند دەکۆشی دەستت نایگاتێ... تۆ ڕادەکەی لەپڕ... لە هەڵدێرێکی هەزار بەهەزار پێت دەخزێ و بەرەو خوار ڕۆ دەچی، لە ڕۆچوونیشدا گریانی منالەکەت لە گوێ نابڕێ... بەئەسپایی وەک پەڕێک لەسەر تاشەبەردێک خۆت دەبینیتەوە و دەوروبەری تاشەبەردەکە توولە مارن، لە ژماردن نایەن لەسەرخۆ خەریکن بە تاشەبەردەکە هەڵدەکشێن، بەدەستی پەتی نازانی چۆن خۆتیان لێ قوتار کەی... لەپڕ لە گابەردەکەوە خۆت هەڵدەدەی، سەرت بەتاوێرێک دەدات، کەچی هەر گریانی منالەکەت لە گوێ دەزرنگێتەوە... گوێ هەڵدەخەی... منداڵەکەش بەدەم گریانەوە دەڵێ بۆ ۆ ۆ ۆ... دادەچڵەکێی، گلۆپێکی کزی بنمیچەکە ڕۆشناییەکی کاڵی





بەژوورەکە داوە، چاو دەگێڕی، حەمە غەریب نەبێ کەسی کەی دانیشتووی ئاوایی «قەڵا» نابینی... ئەی بۆ کوێیان بردوون؟ بەباشی دەموچاویانت لێوە دیار نین، هەندێکیان خەوتوون هەندێک پشتیان لێتە، یەک دووانێک لەولاوە ستریان بەیەکا کردووە بە چپە بۆ یەک دەدوێن، پەنجەرەکەی بەرامبەر بەدرێژی دوو بست و پانێتی دوو پەنجە کارتۆنەکەی دڕابوو، ڕووناکی ماڵەکانی بەرامبەری لێوە دیاربوو، جار ناجارێ کەسانێک بە بەر پەنجەرەکەدا گوزەریان دەکرد ترووسکاییەکە نەدەما، ویستت حەمە غەریب بدوێنی، لە ئێوارەوە نە ئەو دەنگ دەکات نە تۆ... «ڕەنگە هەواڵیان پێ دابێ... دەبێ جارێ ئاگام لە دەمی خۆم بێ و هیچی بۆ نەدرکێنم...» یەک دوو دوورە تەقە کرا... نەخێر دەستڕێژێکی کە... لەم کاتەدا حەمە غەریب بێ ئەوەی تۆ داوای لێ بکەی لەتێ نان و چنگێ خورمای لە پێشت دانا.

– «دەزانم ماندووی حەزم نەکرد لە خەوەکەت بکەم...» . کە واش دەڵێ تەماشات ناکات. «بخۆ... ئەو لەتە نانە بخۆ... ئیتر وای لێ هات...»

وەک بۆخۆی بدوێ وشە وشە و لەسەرخۆ ئاوای گوت، دەتەوێ تۆش شتێک بڵێیی، هیچت بۆ نایەت چی پێ دەڵێیی؟ بەچی و چۆن چۆنی سەبووری دەدەی؟. سابیر کەی وا بووی هەرچەند سەر بەهیچ لایەنێک نەبووی بەڵام کە دەچوویتە هەر ئاواییەک جێگای متمانە و پرسکردنی ئەو خەڵکە بوویت، لە گرفت و تەنگانەدا چاویان لە دەمی تۆ دەبڕی، کەچی دەتەوێ شتێکی پێ بڵێیی کەمێ سەبووری پێ ببەخشی هیچت بۆ نایەت.

– «ئەم بەیانییە کە گەڕامەوە قەڵا تۆ لەوێ نەبووی، کاتێ کە قەوماش چاوم گێڕا نەمبینیت؟!... بە ئاستەمێکەوە ئەو پرسیارەی لێ کرد. حەمە غەریبیش وەک وشەکان لە قوڕگیا دەمەیی. – «لە ئاواییەکانی دەوروبەری ڕۆخانە بووم... ئەمانەش زۆربەیان خەڵکی ئەو ئاواییانەن...» .

حەمە غەریب سووکە ئاڵوویرێکی بەدەستەوە بوو... کاتی بڕینە، خوری ئەو دێهاتانەی کۆ دەکردەوە، تا لە شارەکانەوە دەهاتن و لێیان دەکڕی، هاوینان سەوزەی لە ئاواییەکانی دەوروبەری ئاوەسپی دەکڕی و بۆ هەردەی

زەنگەنەی دەبرد، لەوێشەوە هێلکەی کۆ دەکردەوە و بۆ شاری دەهێنا، لەو سەریشەوە بەپارەکەی خورما و دۆشاوی دەهێنا و بەگەرمیاندا دەیگەڕاند... بەهۆی گەڕان و هاتوچۆوە، دەنگوباسی سەرتۆپ ناوچەکەی لە هەگبە دەنا و بەو دێهاتانەدا بڵاوی دەکردەوە، کە پیا تێدەپەڕی، بۆ سۆراخ و زانینی ژیان هەواڵی مان و نەمانی کەسێکی ئەو ئاواییانە ڕوویان لە حەمە غەریب دەکرد ئەویش ڕاست و بێ پێچ و پەنا ڕاستییەکەی لە قووڵە مشت دەنان، یان دەیگوت «دان بە خۆتانا بگرن تا سبەینێ» هەواڵی پرسە و زەماوەندی بڵاو دەکردەوە، سەڵا و هەواڵی نەخۆشی و چاکبوونەوەی خەڵکی بەخزمان و ناسیاو و گوند ڕادەگەیاند... نازانم کێ بوو جارێکیان گوتی: کێ دەڵێ کورد ئاژانسی دەنگوباسی نییە!! ئەی حەمە غەریب چییە. لەو ڕۆژەوە بەئاژانسی گەرمیانیان ناودەبرد...

«ئەو چاکتر ئەو بەیانییە لە ماڵ نەبووە و هەواڵی ماڵەوەیان نازانێ... ئەی بۆچی پرسیاری ماڵەوەیانم لێ ناکات؟ لەوەتی گەیشتوومەتە ئێرە سەری هەڵنەبڕیوە! تەنها ئەو یەک دوو وشەیە نەبێ هیچ شتێکی لە بارەی منداڵەکانیەوە نەوتووە!».

لەپڕ لەژێر لێوەوە پرسی:

– «گوڵشەنیان هێناوە.».

دیارە پێیان گوتووە، لە دڵی خۆتەوە ئاوات گوت و لێت پرسی:

– «چۆن زانیت گوڵشەنیان هێناوە؟ لە کوێیە؟».

– «من لە (داروەسەرە) بووم... لەوێوە یەکسەر بۆ ئێرەیان نەهێنناین... لەگەڵ هێزێکی گەورەی سەربازی و ژن و منداڵێکی زۆردا بۆ ئاوایی (لفتی ئاغا)یان هێناین کە لە (ئاوە سپی) پەڕیمانەوە... ئا بەوێدا گوڵشەنم بینی ئەو لە زیلێکدا بوو کە منی بینی هەر سنگی دەکوتا و دەستی بەرز دەکردەوە نەمئەزانی چی ئێژی».

– «من باش ئەزانم گوڵشەن دەیویست چیت پێ بڵێ، ئەو چاکتر، با هەر نەزانی، با زامێکی قووڵ نەکەوێتە جگەرتەوە، با هەر وا بزانی (شوانە) لەگەڵ دایکی دایە... وای لەم ڕۆژە کە باوک ئاگای لە ڕۆڵەی خۆی نییە...».





تۆ دەتەوێ گفتوگۆکەتان بەلایەکی کەدا بەریت.

– «ئێژن لێرە جێ نابێتەوە لە شوێنێکی کەیان داناون». دوای کەمێ بێدەنگی وتی: «لەوانەشە لێرە بن...». ترسی ئەوەت لا نیشت کەسێکی ئاوایی قەڵا بۆ ئێرە بهێنن و هەواڵی شوانەی پێ بدات... بەڵام بەوە دڵی خۆت دایەوە:

«لە من بەولاوە کەس شوانەی نەدی...» دەستت بە کرماندنی لەتە نانەکە کرد، خورماکە لە دەمتا تاڵە سەرت خوار گرتووە، پارووەکەت بۆ قووت نادرێ لەمەلاتەوە گوێت لە بڵمەبڵمێک بوو، کەسێ لەولاترەوە، ڕیش سپییەک سەڵتەکەی بەسەرین کردووە منداڵ ئاسا گرمۆڵە بووە و وڕێنە دەکات... نەکەی... حەبە... حەبە... بڕۆ... بڕ... بەتەنیشت پەنجەرەکەی بەرامبەرتەوە مێردمناڵێک لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە ملە تاتکێیەتی دەیەوێ لەو شوێنەوە کە مقەباکە دڕاوە تەماشای دەرەوە بکات، قەیرێ چاو بە مقەباکەوە دەنێت ئەمجا وەردەچەرخێ پشت بە دیوارەکەوە دەدات... کەمێ مات دەبێ، ئۆقرە ناگرێت هەمدیس لەسەر چۆک بۆی دادەنیشێتەوە و چاو بەکونی مقەباکەوە دەنێتەوە. یەک دووجار ئەمەی دووبارە کردەوە، لە دواییدا بە نائومێدییێکەوە وازی هێنا و پاڵی بەدیوارەکەوە دا... گوێت لە «ئەی هاوار هەی»ێکی پڕ لە نائومێدی بوو... نەتزانی کێ بوو وای گوت. دیارە ئەویش دڵ سەغڵەتی و مەینەتی خۆی بەو جۆرە دەردەبڕێ؛ مەگەر هەر خۆی بزانێ لە چی بارێکی دەروونی دایە و چی خەم و خەفەتێک بەکۆڵیا دراوە.

«چۆن وا نەڵێ... کێ چوزانێ چەند ڕەسیدەی بەدەست نامەردەوە زەلیلە و چەند منداڵی ساوا و بەرمەمکەی ونە، هەزار ئەی هاوار هێشتا هەر کەمە...» وا حەمە غەریبیش خەوی لێ کەوت... تۆ سەرەڕای ماندوویەتی و شەکەتیت خەوت نایە... شەو هێشتا لە کوێیەتی شەوی وا نابڕێتەوە، شەوگار کردی و تۆ کردت جارێ تۆ وەک گورزت بەسەر درابێ هێشتا دەبەنگی نازانی ئەم بارە چۆن لێک دەیتەوە، وەک شریتێک هاوڕێکانت، ناوچەکە، دایکت، دوێنێ و ئەم بەیانییە شوومەت یەک بەیەک دێتە بەرچاو... ئەم گێژەلووکەیە، ئەم گەرداوە، ئەم سێڵاوە لیخن و شینە لە

ناکاودا چی بوو وا ئەم هەزار هەزار ژن و منداڵ و پیر و لاوی ڕاماڵیوە ئەو قاتوقڕی و کارەساتانەی بیر دەکەوتەوە لە کتێبەکاندا خوێندبوونی، خوێن و کۆچ و لاشەی کەڵەکە بوو لەبەر چاوی لانەدەچوو دەیویست بیر لە شتی تر بکاتەوە نەیدەتوانی؟!!. نازانی ئەنجام بە چی دەگات:

«دانیشتووانی ناوچەیەک چۆن هەمووی بەجارێ ڕەشبگیر دەکەن».

سەرت لەمە دەرناچێ، مێشکی خۆت دەگوشی، هەوڵ دەدەی تاوانێکی لەو بابەتە بیر خۆت بخەیتەوە، یا لە کتێبێکدا باسی کارێکی وا کرابێ، لەم حاڵەتە بچێ بۆی ناچی... هیچت بۆ ناوترێ و نازانی نەفرەت لە کێ بکەیت...

«بۆ وامان لێ دەکەن!» یەک دوو جار لەژێر لێوەوە وات گوت. ئەم بەیانییەش خەڵکەکە هەمان «بۆ»یان لە تۆ دەپرسی... چاوت بەژوورەکەدا گێڕا، حەزت دەکرد یەکێ، هەرکەسێ بێ نەخەوتبێت و بچیتە لای... چاوت بەمێردمناڵەکەی تەنیشت پەنجەرەکە کەوت، ئەویش وەکو تۆ خەوی نایەت، چاوت لێ بوو کەمێ لەمەوبەر بۆ ماوەیەک بۆ چەند ساتێک سەری بەسەر سنگیا شۆڕبووەوە، وا ئێستا بە ئاگایە، ژوورەکە کشوماتە هەموویان نەخەوتوون، هەندێکیان خۆی لێ مت کردووە خەم و ترسی خۆی دەدوێنێ، لە دەرەوە هێشتا جارناجارێ ژاوەژاو و گوڕەی ترومبێل دەبیسترێ، فرت و هۆڕیانە دێن و دەچن... تەماشاکانتان ڕووبەڕوو بووەوە، هەستت کرد بزەی هاتێ، هیچ هێزێک نییە بتوانێ مرۆ بە یەکجاری لە بزە و خەندە بێ بەری بکات، ئەوەتا لە بارێکی ئاواشدا بزە کەوتە سەر لێویان... هەستت بە فێنکاییەک کرد، حەزت کرد بۆ لای بچی، ڕەنگە لە هاودەنگێ بگەڕێ هەستای، زانی بۆ لای ئەوە دەچی، هێشتا نەگەیشتبوویە لای خۆی گورج کردەوە و پێی هەڵکێشا، نیشانەی ڕەزامەندی و پێخۆشحاڵی بوونی بەوە دەربڕی، لەبەردەمیا چیچکەت کرد...

– «بۆ ناخەوی؟».

– «خەوم نایەت.».

چاوت لە چاوی بڕی سەری داخست، برژانگی دەتگوت بە کل ڕشتووە.





«وای... ئەم دڵە بچکۆڵەیەی تۆ چۆن بەرگەی ئازار و خەفەتی وا دەگرێ... تۆیان بۆ هێناوە؟! بۆ لەم ژوورە تار و ناخۆشەیان خزاندووی... ناهەقت نییە دڵت بگوشرێ و بێ ئارام بی... تۆ بەو دەشتە کاکی بەکاکییە ئاشنای کە بەدوای پەپوولەیەکی نەخشیندا لەم گرد بۆ ئەو گرد غار بدەی بۆ لەم ژوورە تەنگەدا گیریان داویت؟! فریشتەیەکی وەکو تۆ چ مەترسییەکت بۆیان هەیە وا مەلۆچکە ئاسا لە قەفەسیان ناوی؟...» لەبەر خۆتەوە ئاوات دەگوت، بۆ ماوەیەک تاس بردیتیەوە.

– «ناوت چییە عاقڵ؟»

– «گەرمیان.».

– «ئا... گەرمیان گیان ئـ...».

لێرەش دەترسێی پرسیاری باوک و کەسوکاری لێ بکەیت... نەیهێشتە بەر تۆ.

«لە دوێنەوە لێرەم... دوێنێ هەر بەیانی زوو ئاواییان ئابڵوقە دا، من خەوتبووم... ئەو بەیانییە دەبوایە لەگەڵ دایکمدا بچووبایەین بۆ سەر ڕۆخانە و زەڵمان بهێنایە... بووە تەقە، تۆپێک کەوتە ماڵی میمکە ڕەعناوە، مام خدر ئێژی کەسیان دەرنەچوون، هەر خەڵکی بوو و دەڕەمی، ئێمەش بۆی دەرچووین، خۆمان بەرەو دۆڵەڕەش کوتا، نەمانزانی ئەولاشمان گیرابوو، باوکم دەستی منی گرتبوو، دایکم و نازەی خوشکم لە پێشمانەوە بوون، لە پاین ئاوایی باوکم بەدەما کەوت، تەماشام کرد شانی سوور بووە، ترسام منیش دانیشتم، وتی تۆ بڕۆ... هەڵسە و بڕۆ خۆت بگەیەنە دایکت، ترسام هاتن منیان هێنا باوکم لەوێ بەجێ ما... نازانم... هەر بە دۆڵەکەدا هێنامیان لە ڕێگا هاپۆ خدریان بینی، ئەویشیان گەڕاندەوە.».

– «ئەی هاپۆ خدر کوا؟».

دەستی بۆ خوار ژوورەکە درێژکرد. «ئا ئەو سەڵتە لەبەرە خۆیەتی کە جگەرە تێ ئەکات... لەولای ئاواییەوە کۆیان کردینەوە... هەشت نۆ زیل لەناو ئاواییەوە پەیدابوون. دایکم لەناو یەکێ لە زیلەکاندا بوو، ویستم بۆ لای بچم نەیانهێشت، دایکم هەر دەگریا و دەستی بۆ درێژ دەکردم،

ئێمەشیان لە زیلێکی کە نا...» چاوەکانی پڕ بوون، یەک دوو فرمێسک سەریان کرد، قەتارەیان بەست و بەسەر ڕوومەتیا لەسەرخۆ دەهاتنە خوارێ.

– «خەڵکی کام ئاواییت؟».

– «برایم غولام... ئەو زیلەی ئێمەیان پێ هێنا دوو جاشیان لەگەڵا ناردین دەیانگوت... ئەو دێهاتانەی ئەودیو ڕۆخانەشیان برد... ئەیان گوت بەرتان ئەدەن.» هەرخۆی ئەیگوت: هەر یەک دوو ڕۆژێکە و بەرمان ئەدەن، گەرمیان شەرواڵێکی شین و بلووزێکی بێ قۆڵی لەبەردایە، لەژێر بلووزەکەوە کراسێکی قاوەیی لەبەرە، ڕەنگە هەر دایکی بۆی دووریبێ چونکێ یەخەکەی نارێک و کرژ بووەوە تەمەنی هەر ١٠-١٢ ساڵان دەبێ و نابێ. کە قسەی بکردایە هەردوو لێوی کەمێ دەکشان، تۆ وات دەزانی بزەی دێ... نازانی چی بڵێی...

چۆن و بەچی دڵی بدەیتەوە، قوڕگت گیراوە دان بەخۆتا نەگریت لەپڕمەی گریان دەدەی، خۆیشی پاشماوەی گریانەکەی هێشتا پێوە دیارە، یەک دوو فرمێسکی کە سەریان کرد، چڵمەکەی هەڵلووشی و گورج هەستایە پێ... هەمدیس چاوی بە کارتۆنەکەوە نا. هەر بۆ ئەوەی بیدوێنی پرسیت:

– «چی ئەبینی؟؟».

– «تاریکە...» یەک دوو جار خۆی نەوی کرد، سەری بۆ بانتر هەڵبڕی... «ئا ئەوە بڕێکی کەیان هێنا... ئێژم بەڵکو باوکمیان هێنایە ئێرە؟».

– «ئا... ئەیهێنن... بۆ نایهێنن با...».

هەمدیس سەری بە کارتۆنەکەوە نا

– «لەڕیزە ماڵەکەی ئەو بەرەوە لە باڵەخانەکەیدا چەند کەسێک لەبەر پەنجەرەیەکدا دانیشتوون تەماشای ئێرەکانە دەکەن...».

کەمێ هاتە پێشەوە وەک نهێنییەک بدرکێنی دەمی بردە لای گوێتەوە:

– «ئێژم... ئەتوانم لە پەنجەرەکەوە بڕەمم؟... ئا ئەو کابرایە کە خەوتووە ئێژێ دوێنێ کوڕەکەم لە پەنجەرەی ئەو ژوورەی تەنیشتمانەوە ڕەمی و ئێستا لە ماڵی خزمێکیاندایە...».

– «تۆ گەورەی شیشی ئەم پەنجەرەیە سخن ئەوەندە شاش نین تا تۆی لێوە بچیتە ئەو دیوا...» بە نائومێدییەکەوە لە جێگاکەی خۆی دانیشتەوە،





لێوی کەمێ کشا و خەمێکی نادیار بەو منداڵییە لە ڕوومەتیا دەرکەوت، چاوی بڕییە کۆشی خۆی. لەوە ترسای دڵی لێت ڕەنجا بێ

– «گەرمیان گیان پێم ناڵێی هاپۆ خدر کامەیە؟»

– «پێم نەوتی، ئا ئەو سەڵتە لەبەرەیە... ئەوەی سەڵتەکەی داکەندووە... ئا ئەوەتانێ پاڵی داوەتەوە... ناسیت؟»

هیچی پێ نەما بیڵێ، ملی کەمێ بەلای شانی چەپیدا لار بووەوە.

– «ئەی تۆ چۆن...» وەک پەشیمان بێ لە پرسیارەکەی تەواوی نەکرد، بەڵام تێگەیشتم

– «دەتەوێ بزانی چۆنیان هێنام؟ خەوت نایەت؟».

***

چیت بۆ باس کەم؟ گەرمیان گیان لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ خەوت نایەت؟... باوکت لەبەر خۆشەویستی ئەم ناوچەیە ناوی تۆی ناوە گەرمیان... ناهەقی ناگرم. کام شوێن ئەوەندەی ئەم گەرمیانە دڵگیرە گەرمیان گیان... دڵسافی و سادەیی خەڵکەکەی بۆ ناڵێی... هەشت ساڵ پێش ئێستا لەم شارە دەرچووم دەمتوانی بۆ خۆم ڕوو بکەمە ئەو کوێستانانە بەڵام گڕە و گەرمای ئێرەکانەم لە نسێ و تاڤگە و کانیاوی ساردی کوێستانانم پێ خۆشتر بوو... هەردە و دەشتە کاکی بەکاکییەکەیم لە قەد چیا و بنارانم پێ جوانتر بوو، تۆ مانگەشەوان لەگەڵ هاوڕێکانتا لە پاین دێ چاوشارکێ و قوولانت قەت نەکردووە؟ دەزانی نە لە کوێستانان نە لە هیچ شوێنێکی کەی ئەم دونیایە هەرگیز مانگ ئەوەندە جوان و تریفەدار نابێ!! گەرمیان گیان لەڕێوبانی ئەم گەرمیانەدا، کە لە ئاواییەکەوە بۆ ئاواییەکی کە دەچووم لە ڕێگا پێم پەتی دەکرد، ئەو خۆڵە وردە کل ئاساییەی ڕێگا، تەزوو و موچڕکێکی خۆشی بەژێر پێم دەدا... خۆڵی وا ورد ورد هەر ئێژی ئاردێکی سوورە... مرۆ دەتوانێ بەپێی پەتی بەشاخێکدا هەڵگژێ؟... گەرمیان گەر لەم سەغڵەتییە دەرچووین دێمە ئاواییەکەتان ئێ؟... هەموو ئەمانەت پێ نیشان دەدەم... چیت بۆ باس کەم؟ بەهارانی بۆ ناڵێی... هەرچەندە بەهاری کورتە، بەڵام شتێکی دەگمەن و سەیرە بەهارانی... لە کام شوێن، بەهار ئاوا کورتە؟ سەیر نییە؟! لەپڕێکا

ئەو دەشتە بۆ خۆی ڕایەخێکی سەوزت بۆ ڕادەخات، ئەوەندەی پێ ناچێ هاکە زەرد هەڵگەڕا، بۆیە دەڵێن خەڵکەکەی لە هیچ شتێکی خۆش، تێر نەبوون... بە عەزرەتی شتی خۆشیشەوە سەر دەنێنەوە، کەچی سەرەڕای ئەمەش بەبێ گەرمیان هەڵناکەن و تا دەمرن لێی دوور ناکەونەوە...

***

لەوەتی گەرمیان گەرمیانە، گەرمیان گیان، خەڵکەکەی بەتەمای بەهارێکی درێژن... تۆ قەت لە بەهاراندا بۆ قاڵچک و دۆمەڵانی قەد تەپە و تەڵان و قنگری ناو زەوی بەیاری نزیک ئاوایی نەچووی؟... دواجا لە دونیادا شوێنێک هەیە لە یەک ساڵدا دوو بەهاری هەبێ؟... ئەی پایزان نەچوویتە قەراخی (ڕۆخانە) و (ئاوەسپی...) بەڵام گەرمیان گیان لەگەڵ ئەم جوانییە بێ وێنەیەدا خەم و پەژارە و نەهامەتی و کلۆڵی خەڵکەکەی هامتەقای نییە، یەکەم گورز کە لە بگرە و بەردە و هێرش و بەسەرداداندا دەیوەشێنن بەر ئەمان دەکەوێ، کولیتە و زنجیان دەسووتێ و خاپوور دەکرێ، گەنج و ڕیش سپی و ئافرەت و منداڵیان بۆ بیابان و شارانی دوور دەگوێزرێنەوە. دەڵێن زوو زوو خەڵکی ئەم گەرمیانەیان بۆ لیبیا و ژووروی ئەفریقیاش پەراگەندە کردووە! لەمەش کۆنتر سەنحاریب ناوێک بە لەشکرێکی زۆرەوە بەگەرمیاندا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە قەرەداغ، گەرمیانییەکان دەستەوەستان دانەنیشتوون ساڵێک ئەو لەشکرەیان پەنگ دابۆوە و ڕێگای ڕۆیشتنیان لێ بڕیبوو، لەدواییدا گەرمیانییەکان کۆڵ دەدەن، بەڵام کوشتارێکی بێ بەزەییانەیان لێ دەکەن... پێش هەموو کەسێ خۆیان گەیاندە کفری لەگەڵ خانی دەڵۆدا بەگژ سوپای ئینگلیزدا چوون شێخی نەمریش متمانەی پێیان دەکرد، کێ شەڕەکەی ئاوباریکی لەبیر نییە هیچ کەسێ ناتوانێ جوامێری و ئازایەتییان ون کات، کەچی لەدوای هەموو کەسێکەوە خۆشی و ئارامی دەچێژن... ئەوەی من بەبیرم بێ وا نزیکەی سی ساڵێکە خانوو و ماڵیان دەسووتێ، تاڵان دەکرێن، ئەوەندە گوێیان بەماڵ و حاڵ نەداوە، خوا سەری دابێ ڕزقیش دەدا ئاوا ئێژن... ئەوەی بەتاڵان دەبرا پەیایان دەکردەوە، بۆ خانوو و کونجیش، قەرەچاری و





زەڵ و پووشی گەرمیان زۆر و زەبەن، سەریان پێ دەگرتەوە و ڕێکوڕەوان دادەنیشتنەوە بۆ خۆیان هەر وەک هیچ ڕووی نەدابێ... کەچی هیچ لایەنێک بەتەنگیانەوە نایەن، ئێژن لە شەڕێکدا لە نێوان دوو لایەندا کوژراوەکانیان هەمووی گەرمیانی بوون، داخ لە دەست دڵسافی و سادەییەکەیان.

ئێسال وا لەمبەر و ئەوبەری (ڕۆخانە)وە تا نزیک (سیروان) ڕەشبگیر کراون، وەک بەهەموو لایەکیانەوە حەز بەوە بکەن ئەم گەرمیانە چۆڵ بی، وا ئەو هەردە و دەشتانە چۆڵن، گەرمیان بەخەڵکەکەیەوە گەرمیانە، دەزانم ئێستا ئەو جوانییەی نەماوە، وا لەبەر چاومە دەشتێکی چۆڵ، وشک و برینگ خۆڵ و کەسەک و هێڕکی، زاری دەکەن... چۆن دەبێ گەرمیان گیان؟ ئەمە کارێکی نەکردە نییە...

گەرمیان ئەو سەرە بچکۆڵەیەی تۆشم هێنایە ژان، خەوت نایە؟...

«خەوەکەم زڕا... مامۆستاکەشمان لە ئاوایی قسەی ئاوای بۆ دەکردین...» .

لەژێر کراسەکەیەوە دەستی برد خۆی خوراند و درێژەی بەقسە دا... «بەڵام ئەمە دوو ساڵە قوتابخانەکەمان داخراوە... باسی ئەوەت بۆ نەکردم چۆنیان هێنای؟...»

حەز دەکەی بزانی:

«چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، هێشتا ئەم دەنگوباسانە لە ئارادا نەبوو بەڵام وزە وز پەیدا ببوو... کە شتێک ئەقەومێ... دایکم لە شارەوە هاتە ئاوایی (زنانە) بۆ سەردانیم، لە ماڵی حاجی ڕەشیدی کوێخا کەرەم دوو شەو پێکەوە بووین. شەوی یەکەم تا بەیانییەکەی نەنووستین... سۆراخی دۆست و ناسیاوم لێ دەکرد، هەواڵی سیروانی برازام لێ پرسی، هەر لە تەمەنی تۆدایە ئێستەش سەری زوان دەگرێ؟ ئایا وەکو جاران لە مشک دەترسێ؟ دەمەو بەیان مناڵ ئاسا لەباوەشیا دەخەوتم. دوای دوو ڕۆژەکە، دایکم گەڕایەوە گفتی ئەوەی پێ دام جەژن لەگەڵ سیرواندا بێتەوە سەردانیم، قاو

کەوتە ئەو ناوەوە کە ناوچەکە دەکەوێتە بەر هێرشێکی بەربڵاو... دەنگوباسی لەمەوبەری هەڵەبجە ترس و گومانی خستبووە دڵی خەڵکەکە و ورەی پێ نەهێشتبوون... ماڵە پوورێکم لە ئاوایی «خان» بوو بڕیارم دا سەردانییەکیان بکەم، دایکیشم ئۆباڵی خستبووە ئەستۆم هاڵ و هەواڵێکیان بپرسم... هەردەیەکی ڕێبواربەزێنە ڕێگای «خان»، گەرمیانیش ئاوەدان بێ هەر لە مانگی چوارەوە دەبێتە هاوین... گەرما ئەو دەشتەی هەڵپڕووکاندووە، پەڵە خەڵەکان، گژوگیا، زەرد چوونەتەوە لە بەهاردا کولیلکەی هەمەڕەنگ ئەو دەشتە دەتەنێ لەم مانگەدا سیس دەبن و هەڵدەپڕووکێن... زەردە سیری و قەلەچاری و عەگول تا ئەژنۆ دێن و تا پایزێکی درەنگ دەمێننەوە، دەبنە لانەی کەروێشک و ڕێوی و جێ هێلانەی سۆسکە و کورکوڕ و تیترەواسکە و مەلۆچکەی هەمەچەشنە... وا زوو بە ڕێ کەوتم – لە پاین ئاوایی خۆرم لێ هەڵهات، ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە پەڵە خەڵەیە، وا هاتووە تا ئەژنۆ دەیکوتا، تیشکی خۆری ئەو بەیانییە کە لە لاسکە زەردهەڵاتووەکان دەکەوت دەبریسکانەوە، بایەکی مەیلەو فێنکی ئەو دەمە و بەیانییە کەروێشکەیەکی خۆشی بە خەلەکان خستبوو، خشە و هاژەیەکی خۆشی بەگوێ دەبەخشی. بەدەم ڕێگاوە هەر بیرم لە هێرشەکە دەکردەوە، پێیان دەڵێم بڕۆن و خۆیان قوتارکەن، لەبەر خۆمەوە ئاوا دەدوام... پێیان دەڵێم خێرتان دەگات نەکو ئەو ئاواییانەی نزیکتان ئاگایان نەبێ با ئاگاداربن... گەلێ جار و لەمەوبەریش ئاواییەکان بەر شاڵاو کەوتوون.

بۆ چەند ڕۆژێ ڕەویان دەکرد و دەچوونە ئەو هەردانە، کە هێزە شاڵاوبەرەکە دەکشایەوە خەڵکەکەش دەگەڕانەوە بۆ ناو دێ، لەبەر خۆمەوە دەمگوت... ئەمجارەش هەروەکو جارەکانی پێشوو گەردەلوولێکە زوو دێت و دەڕوات... هەرگیز بۆ ئەمە نەدەچووم کە وای لێ بێ...

گەرمیان گیان، لەم والا وردانەی خۆمدا بووم لەپڕ کلاوکوڕەیەک لەبەر پێما فڕکەی کرد، داچڵەکیم بەلام چۆن داچڵەکاندنێک... خۆر ڕمێ بەرز بووەوە گەیشتمە «خان». لەسەر چەمەکە دانیشتم، یەک دوو شڵپ ئاوم





بەدەموچاوم دا... یەک دوو لۆچ ئاوم خواردەوە. بەدەم ئاوخواردنەوەوە پێرارم کەوتە یاد... دەمەو ئێوارەیەکی سارد، ئاوا بۆ سەردانی ماڵی پوورم دەچووم، گەیشتمە سەر ئەم گردەی تەنیشتم، لەوکاتەدا چەمەکە بەزەحمەت بواری دەدا، لەسەر گردەکەوە دەمڕوانییە ئاوایی، لەوکاتەدا چەند تانکێ دەورەی ئاواییەکەیان دابوو، سەربازەکانیش لەناو دێ بوون، زۆری نەخایان کشانەوە و ئاگریان لە چەند خانوویەک بەردا، لەسەر گردەکە مامەوە تا هێزەکە لەچاو ون بوون ئەوجا پەڕیمەوە، شەو تا درەنگێ دانیشتین لەدواییدا هەواڵی هێرشەکەم پێ دان، ئەم خەڵکە لەگەڵ کارەسات و ناخۆشیدا ئولفەتیان گرتووە، ئەوەندە چاوەڕێی ناخۆشی دەکەن چاوەڕێی خۆشی و ئارامی ناکەن... وتیان ئەمە یەکەم جارمان نییە، ئێمە فێری ئەم بەزمەین... وەک جارەکانی پێشوو، یەک دوو ڕۆژ دەچینە ئەو هەردانە و دوایی دەگەڕێینەوە، چش لە ماڵ، سەر سەلامەت بێ... وایان گوت... گەرمیان گیان، ئێستا ئەوانیش بەم دەردە چوون... ماڵی پوورم خەوتن من نەخەوتم، لەگەڵ مەلابانگدانا خۆمم کۆکردەوە و، پوورم بە ئاگا هێنا و خواحافیزم لێ کرد... لە چەمەکە پەڕیمەوە، ویستم قەدبڕی کەم تا زووتر بگەمە ئاوایی «قەڵا» هەندێ شتومەکی سووک و چەند کتێبێک لەوێ بوو بیانبەم و بڕۆم، ڕێگاکەم بەردا، بەناو پەڵە خەڵەکاندا دەڕۆیشتم، لەژێر پێمدا لاسکەکان دەشکانەوە قرچەی دەهات، لە هەندێ شوێندا هێشتا شیناییان تێدا مابوو، لەبن کۆمەڵتە دەغلەکاندا چەند گولیلکەیی جوانم بینی تا ئەم کاتەش ڕەنگیان تیا مابووەوە... بەرەبەرە خۆرەکە جۆشی دا... شەو نەخەوتووم، دەمارەکانی لەشم پل دەدەن، ماندووم دەمەوێ ساتێ زووتر بگەمە «قەڵا» هەم هەواڵەکەیان پێ ڕادەگەیەنم هەم شتومەکەکانم هەڵدەگرم و بەرەو ژوور سەری خۆم هەڵدەگرم... بۆ لەبیر بردنەوەی ماندوویەتیم گوێم لە قرچەقرچی لاسکەکانی ژێر پێم دەگرت کە دەشکانەوە، خرمەیەکی خۆشیان لێوە دەهات... دەمویست مەترسی شاڵاوەکە لەبیر بەرمەوە، بەلام کە کارەساتەکەی هەڵەبجەم بیر دەکەوتەوە لەشم ئەوەندەی کە لە ئارەقە دەنیشت، دەمهێنایە بەرچاو کە ئەگەر دووبارە

بێتەوە چی ڕوودەدا؟... وا دیارە ئەم ساڵ ئەم خاڵانە هەر بەپێوە دەمێنن، لە ڕێگاکەی ئەولاوە ژن و پیاوێکم بینی، مناڵێکی هەشت نۆ ساڵانیش لەپێشیانەوە بە ڕێگاکەدا بەولاو بەولادا ڕای دەکرد، سەرو بوخچەیان پێ بوو، بانگم کردن وەستان، کە لێیان نزیک بوومەوە ترس و گومانم لە ڕوویاندا بەدی کرد. تا مناڵەکەش کە منی بینی بەڕاکردن گەڕایەوە تەک دایکی، دڵنیام کردنەوە.

«ئەوە دەمویست هەواڵێکی ئەو خوارە بزانم...»

گومانەکەیان ڕەوییەوە.

– «ئۆمەربل لە چی دایە؟»

– «......................» .

– «ئۆغر»

– «خۆشمان نازانین» .

سەری دانەواند و بێدەنگ بوو بۆ چەند ساتێک هەردوو لامان بێدەنگ نقەمان لێوە نەهات... ئافرەتەکە ڕوومەتی وەک هەورییەکەی لەچەکی ڕەش داگیرسابوو، کابراش گیرفانی سەڵتەکەی ئاوسابوو، دەستی برد نانێکی قەمچ کراوی دەرهێنا و بۆی درێژکردم، وەرم نەگرت، «ئێوە لەسەر سەفەرن و من بۆ ئاوەدانی دەچم...» . وام گوت و دوعاخوازیم لێ کردن... ئەوان بەرەو ژوور بوونەوە منیش بۆ دۆڵەکەی تەنیشتم شۆڕ بوومەوە... ئەو دۆڵە بەدۆڵی ڕێبوارکوژە بەناوبانگە، زستانان باراناوی پێدا دەڕوا، ڕۆژانی باران بوار نادات، لەگەڵ کردنەوەی بارانەکەدا ئەویش وشک دەکات... لە هەندێ جێگادا چیمەنێکی سەوزی جوانی تیا ڕواوە، هەر لە سەرەتای هاوینەوە مێشوولەی پیاو دەخوات، وەک پەڵە هەورێکی ڕەش بەسەر ئەو زەڵ و خەڵتانانەدا گیزەیان دێ ئەوەی بەوێدا گوزەر بکات مەگەر پەیتاپەیتا دەست بەسەر و چاوی خۆیا بهێنێ... بەچاکم زانی دۆڵەکە بەردەم، دووبارە کەوتمە ناو پەڵە خەڵەکان، گەیشتمە ناو پارچە زەوییەکی بەیار، قەلەچاری تا ئەژنۆ هاتبوو، لە سەرەوەش خۆرەکە جۆشی دابوو،





برسیەتیم لەبیر نەماوە تینوومە، لەجیاتی شنەباکەی بەیانی بایەکی مەیلەو گەرم هەڵی کردبوو، ئارەقەی هەنیە و لامل و دەفەی شانمی کزر دەکردەوە لە پێشمدا گەردەلوولێکی زەبەللاح بەخول خواردن چووبووە ئاسمانا و بەرەو لای من دەهات، خشە و هاژەیەکی سەیری بەپەڵە خەڵەکەی تەنیشتم خستبوو، وا دار تووەکەی قەڵا وەدەرکەوت دوو گردۆڵکە، خانووەکانی لە ڕێبواران دەشاردەوە تا لەو دوو گردەکە ئاودیو نەبوایەیت ماڵەکان نەدەبینران... هەنگاوەکانم گورج کردەوە، دەستێکم خستە سەر چۆکم و بەگردەکەدا هەڵگژام، لەسەر گردەکە هەناسەیەکم دا، ڕاستە پێ وەستام، تەماشای ئەملاو ئەولام کرد، لەبەرخۆمەوە وتم «ئای گەرمیانە کلۆڵەکە...» گەرمیان گیان هەموو جارێ بە هاوڕێکانم دەگوت: «ئەم گەرمیانە نهێنییەکە بۆ خۆی... ئەوەی باش لێی نەگات لە نهێنییەکەی ناگات! شارەزای هەردە و دەشتە کاکی بەکاکییەکەی خەڵکە سەیر و خۆشەکەی نەبێ نەدەتوانێ خۆشی بوێ، نە تیایدا هەڵدەکات...» . پار لاوێکی خوێن گەرمی ئەو کوێستانە یەک دوو مانگێ مایەوە، بێزار بوو گوزەرانی نەکرد و گەڕایەوە. بەڵام ئەوەی کەمێ پشووی هەبێ و دان بەخۆیا بگرێت بەرەبەرە نهێنی ناوچەکەی بۆ ئاشکرا دەبێت... بیرمە جارێکیان لەگەڵ ناسیاوێکدا پێکەوە چووینە یەکێ لە دێکانی ناوچەی زەنگەنە، هەردەی زەنگەنەش، ئاوەدان بێ، بەناوبانگە، کە ماندوو بوو پێی وتم: «پێم ناڵێی لەم دەشتە وشک و برینگ و سەختەدا ئەم خەڵکە چۆن گوزەران دەکەن و بەچی دەژین؟!.» . قاقا پێکەنیم، زانیم هەردەکە شەکەتی کردووە و دەیەوێ بەمە قاری خۆی دەربێنێ... «کاکی برا با تۆ پەروەردەی بنار و چیای سەختیش بی بەڵام ئەمە دەشت و هەردەی گەرمیانە گەمەی منداڵان نییە» . ئا گەرمیان گیان ئاوام پێ گوت؛ بژنەوە... ئێرە گەرمیانە لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە ناچێ، تۆ بڕوانە لەم بێ ئاوییەدا لەم دەشتە وشکەدا دەغڵودان چۆن هاتووە و تەماشا چ هاتێکە... من پێم نەوتی نهێنییەکی تێدایە، ئەگینا لەم دەشتە کاکی بەکاکییەدا و لەم خۆڵە پەتانییەدا دەبوایە کەست نەبینایە، کەچی ئەوەتا سەدان ئاوایی تیا قووت بۆتەوە... وشک و

برینگیەکەی نەیتوانیوە خەڵکەکە بێزار بکات و لەبەرچاویان بخات، بەڵکو زیاتر و باشتر پێوەی لکاون... تۆ نایان بینی چەند ئارام و لەسەرخۆ و کەم دوو و کشوماتن!... دەڵێن گوایە خاکوزەوی ئەم ناوچەیە لە ڕقی ئەم کشومات و بێدەنگییەی خەڵکەکە شەوان بۆ خۆی دەگری... ئا دەگری، کە دەگری، بەفرمێسک ئەو دەغڵودانانە ئاو دەخۆنەوە، هەر بۆیە چەند نەهات و وشکە ساڵ بێ، خەڵە و دانی ئەم ناوچەیە کەم و کۆتا هەر بووە، ئەگەر واش نەبووبێ بەشینایی کردووە... جارێک نەبێ خاکوزەوی ناوچەکە یەک دوو ساڵ لە گریان کەوت و فرمێسکی نەدەڕژان تا خەڵەکانیان ئاو بخاتەوە... دەڵێن ئەویش خەتای خەڵکەکە بووە... دەگێڕنەوە گەورە و بچووکی ناوچەکە خوویان دایە ڕاوکردن، ئاسک و کەروێشک نەمان... باڵندەیی خواسایی بەئاسمانەوە تاقیان لێ بڕاوە، بەجۆرێ کەوتنە خولیای ڕاوکردن، ژووژوو و مارمووێلکەشیان قڕکرد، ئەوەی زیندەوەر بوو لە ناوچەکەدا نەما... خاکوزەوی بەم کردەوە منالآنەیە پێکەنینی دەهات و ئەو دوو ساڵە فرمێسکی نەڕشت، بۆیە نەهامەتییەکی وا ناوچەکەی گرتەوە، قلە جۆیەک شین نەبوو، بەر نەعلەتی ئەو زیندەوەرانە کەوتن و هەریەکە و بەلایەکا سەری خۆی هەڵگرت، (خاڵسات) لە گەرمیانی جمەی دەهات دوای دوو ساڵەکە بەپارەوپووڵێکی باش و عەرەبییەکی شلۆقەوە بۆ گەرمیان گەڕانەوە، لەو کاتەوە ئەوەندە عاشقە ڕاو نین، ئێستاش کە باسی ئەو دوو ساڵە دەکەن بەساڵی خاڵساتەکە ناوی دەبەن، لە ئاواییەکیشدا ڕاوکەرێ هەبێ ساڵ دوانزەی مانگ ئەو پیادەیە و ڕزقیشی سوارە، لەخواوەیە کەم دەرامەت و دەست نەڕۆ دەبێ!... بۆ ماوەیەک هەروا لەسەر گردەکە وەستام، بڕە ماڵێکی گلێن، سەریان بەیەکا کردووە، وات دەزانی قەرەی تیادا نەماوە قەت وا کشومات نەبووە!... لەوەوپێش کە دەهاتمە ئاوایی قەڵا ئاوا لەسەر ئەم گردەوە گوێم لە زەڵەزەڵێکی خۆش دەبوو... سەگوەڕ، باڕەی مەڕ و بزن و زەڕین و حیلەی ئەسپ تێکەڵ بەیەک دەبوون... نازانم گەرمیان گیان لە کەیەوە ئەو خووەم تیا پەیدا بوو: بۆ هەر دێیەک دەچووم ئەوەم گەلێ پێ خۆش دەهات، کە لە پاین ئاواییەوە دانیشم و





گوێ بۆ ئەو ژاوەژاوە ڕادەم... چەندین جار هەر لەسەر هەمان گردەوە گوێم بۆ «یار غەزاڵەکەی» لفتە هەڵخستووە، وەک شەماڵێکی فێنک شەکەتی ڕێگای لەبیر بردوومەتەوە، لەگەڵ ئاوازە سووتاو و پڕ غەریبییەکەیدا تاس بردوومیەتەوە و خەیاڵم بەقەد پانوپۆڕی دەشتەکەی گەرمیان پەخش دەبووەوە... کەچی لەو کاتەدا ئاوایی کشومات بوو نە یار غەزاڵەکەی لفتە نە ئەو زەڵەزەڵەی جارانم نەژنەوت، گەرمیان گیان، تا دارتووەکەش بێ جوولە بوو،... لە گردەکە شۆڕ بوومەوە، ڕچە ڕێییەک وەک ڕم لە دڵی ئاوایی چەقیبوو، گەیاندمیە بن دارتووەکە... چەند کەسێک لە سێبەری دارتووەکە دانیشتبوون، بەڵام نەیان دەزانی چی بکەن، تومەز لەدوێنێوە هەر بەیەکا دێن، شەو بڕیاریان دابوو ئەوەی بەدەستەوە دێ هەڵی بگرن و بڕۆن، هەر نەبێ لەو هەردانە خۆیان مەڵاس بدەن، بەڵام کۆمەڵێ چەکداری سەر بەلایەنێکی ناوچەکە ئەو ڕێگەیان لێ بڕیبوونەوە، دەچوونە بن دەستی یەکترەوە مقۆمقۆیان بوو نەدەگەیشتنە هیچ بڕیارێک، بۆ ناهێڵن خۆمان قورتارکەین؟... ئێژن گوایە ئەمجارە هیچ شتێ بەرگەمان ناگرێ... هەندێ وایان دەگوت دەچوونە ماڵەوە ئۆقرەیان نەدەگرت دەگەڕانەوە بن دارتووەکە... هەمدیس چی بکەین چی بکەین پەیدا دەبووەوە... هیچیان نەدەکرد... هیچیان پێ نەدەکرا... چی بکەن؟

لە یەکتریان دەپرسی کەسیان وەڵامی ئەوی کەیان پێ نەدەدرایەوە، شتێکیان بۆ خۆیان دەگوت و سەبووری خۆیان پێ دەدایەوە، شتی سەیر سەیریان بۆ دڵنەواییی یەکتر دەگێڕایەوە... دونیایەکی هێمن و ئاسوودەیان دروست دەکرد زۆری نەدەبرد بەوەش بڕوایان نەدەما... سەریان لێ شێوابوو... خوا سەر لەوە بشوێنێ وا سەری لەم گەرمیانییانە شێواند... ئەو تەتەرەی بۆ هەواڵ و سۆراخ دەنێردرا نەدەگەڕایەوە، چەند ستەمە ترس دەورەی مرۆیەک بدا و پەنا و داڵدەیەکیش شک نەبات. مەگەر هەر ئەوانە بزانن چەند ستەمە کە خۆیان بەو بارەدا تێدەپەڕن... هەر ئەوانە کە ئومێدبڕ دەبن دەزانن هەناسە ساردی یانی چی، خەڵکەکە ترس و دڵەڕاوکێ و گومان و بێ ئومێدی، ورەی پێ بەردابوون... چی بکەن؟ نازانن، بۆ کوێ

بڕۆن؟ هەموو ڕێگایەکیان لێ گیراوە... بڕۆین... نەڕۆین؟ باشە دەڕۆین... بۆ کوێ؟ نازانن، لە نێوان خۆیاندا ئاوا هەڵسوکەوتیان دەکرد و ئاوا دەدوان... گەرمیان گیان، ئەگەر دەمانزانی ئاوامان بەسەر دێنن، چارەیەکی خۆمان دەکرد.

لە ژێر دارتووەکەدا جەوەنەیەک دانرابوو نامە سەرەوە، خەڵکەکە کە منیان بینی گەشانەوە، وەک چارەی ئەم سەر لێشێواندنەیان لە کن من، بێ منیش لە دڵی خۆما دامنابوو، پێیان بڵێم: بڕۆن... تا زووە بڕۆن. گوێ بەقسەی کەس مەدەن، بڕۆن لە دڵی خۆما وام نیاز بوو ئاوایان پێ بڵێم... ئەمە سی ساڵە... پەنجا ساڵە، هەر دەستی ئەم خەڵکە بەزاخا دەکەن و تووشی فەلاکەتیان دێنن... ئا ڕاست و باریک بەتەما بووم ئاوایان پێ بڵێم...

گەرمیان گیان، خۆ خەوت نایە؟... جەوەنە ئاوەکەم دانەنابوو دەورەیان دام «یاخوا بەخێر بێیتەوە... ئەوە لە کوێ بووی؟...» بەیەک دەنگ ئاوایان دەگوت، یاخوا ئەم گەرمیانییانە خوو بەکەس نەدەن و ڕقیان لە کەس نەبێتەوە ئافرەتەکان لەبەر دەرگای حەوشەکانیان دانیشتبوون... پیرەمێردێک بە لەرزەلەرز لە کۆڵانێکەوە دەرکەوت بەرەو دارتووەکە خۆی بەکێش دەکرد...

«برا...» هەموویان گوێیان قووت کردەوە. «بۆ خۆتان بڕۆن...».

لەمە زیاترم بۆ نەهات، نەم دەوێرا تەماشای ڕوومەتیان بکەم... بەڕوویاندا دیاربوو هەزار گلەیی و گازاندەیان لە دڵابوو... بەڵام هیچیان نەدەگوت... هەزار «بۆ» لەسەر زاریان مەیی بوو نەیان دەدرکاند... ئەم گەرمیانییانە وان، گلەیی و گازاندە لە کەس ناکەن، با لە شتێکیش ڕازی نەبن، لە ناخیاندا پەنگ دەخواتەوە و دەری نابڕن... لەپڕ قەوما... زرمەیە... ئەوە یەک، دوو نەبووە سێ... دوورە تەقەیە... خەڵکەکە داغانیان کرد... کەس ماڵ و حاڵی لەبیر نەما ئافرەتەکان بەقیژە و گریانەوە بەیەکا دەهاتن، دەگەڕێنەوە حەوشە دەستی منداڵەکانیان دەگرن و بۆی دەردەچن،... ڕاکەن... کوا... کوڕە حوسێن... هیزە مەجید... ئا بێژە دایکم زوو... جێم نەهێڵێ...





ئافرەتێک بوخچەیەکی لێ کەوت، نەپڕژا هەڵی گرێتەوە... پیرەمێردەکە، مناڵ ئاسا لە شوێنەکەی خۆی دانیشت و پێی لێ درێژ کرد... ڕام کرد... دۆڵەکەی پشت ئاواییم دابووە چاو، لەسەر کۆڵانەکە مناڵێک لەسەر دەم کەوتبوو دەگریا، کەس دیار نەبوو، ڕەنگە لەو کاتەی کە قەوما خەریکی یاری کردن بووبێ و دایکی فریای سۆراخکردنی نەکەوتبێ... لەولاوە، لە کۆڵانەکەوە پێنج شەش لاوێک بەپڕتاو دەرچوون، مناڵەکە کەوتە ژێر پێیانەوە... تا گەیشتمە لای لە گریان کەوتبوو، گەیشتمە سەری... خۆ... ئەوە... شوانەی حەمە غەریبە... کوڕی ئەو پیاوەیە کە بە تەکمەوە پاڵ کەوتووە، گەرمیان گیان پێی نەڵێی...! خۆم گەیاندە دۆڵەکە بەڵام گریانی مناڵەکەم لە گوێ نەدەبڕا... لە کەندڕێکا خۆم شاردەوە. هاوار و گریان و زەڵەزەڵم دەهاتە گوێ. خۆمم مت کرد، بەڵام نەدیمەنی پیرەمێردەکەم لەبەرچاو ون دەبوو نەگریانی ئەو مناڵەم لە گوێ دەبڕا... بۆ ماوەیەک دەنگە دەنگەکە کپ بوو، لەپڕ گوێم لە «کوڕە نەڕۆی... ڕاوەستە» یەکی نزیک بوو، نەخێر ترپەی پێ دەبیسترا «ئا ئەمە یەکێکی کەیە خۆی شاردۆتەوە... دەرچۆ...» دەرچووم پێشیان کەوتم. لەو دیو گردەکەوە یەک دوو چەکدار چەند ئافرەتێک و هەشت نۆ مناڵیان پێش خۆیانیان دابوو، لە دەرەوەی ئاوایی چەند زیلێک وەستابوون، پەیتاپەیتا خەڵکیان دەهێنا و لە زیلەکانیان دەنان... لەولاوە پیکابێک هات ئازووقە و شتومەکی ماڵەکانیان خستبووە سەر، سواری پیکابەکەیان کردم و دوو جاشیشیان بەدیارمەوە دانا... ئەوەبوو دەمەوئێوارە گەیشتمە ئێرە. گەرمیان گیان چاوم لێ بوو خانووەکانیان سووتاند، چەند کەسێکی کەشیان مەڕ و ڕەشەوڵاخی ئاواییان بەرەوخوار دەکردەوە... کە بەدێی (ساڵەیی) و (شۆڕاو)یشدا تێپەڕیمان بوو بوونە دوو گردی گەورەی خۆڵ و خشت، بەکاوەخۆ لەژێر خۆڵ و خشتەکانەوە دووکەڵێکی ڕەشی باریک بەئاسماندا دەچوو...

***

شەو درەنگە، ئەمشەو دووەم شەوی ناو ئەم ژوورە تەنگەیانە. بەدرێژایی ڕۆژیش پەیتاپەیتا هەر زیلە و ژن و پیر و مناڵ و لاو لە دێکانەوە

دەگوازرێتەوە... دەرەوە زەڵەزەڵەکەی خامۆش بۆتەوە... ئەوەی لە ژوورەکە دایە خەوتوو یا کشومات سەری خستۆتە سەر چۆکی، لەگەڵ خەم و پەژارەی خۆیدا دەدوێ... تەنها سێ کەس لە ژوورەکەدا دیارن کە نەخەوتوون... گەرمیان بەر پەنجەرەکە بەر نادات، ئەو پیرەمێردەی کە گەرمیان دەیناسی، سابیری حاجی جومعە. کە خەوی زڕاوە و کەسی دەست ناکەوێ قسەی لەگەڵا بکات، ناچار لەگەڵ خۆی بەدەنگێکی چپیە ئاسا لەژێر لێوەوە بۆ خۆی دەدوێ... «بڕوا ناکەم لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا کاری وا کرابێ!... نە یاسای ئاسمان نەیاساکانی زەوی ڕێگا بەکاری نەگونجاوی وا نادەن... ناوچەیەکی بەربڵاو بەجارێ هەمووی ڕەشبگیر بکرێت!! وڵاتی بێ دێ دەبێ؟!...» هەستی کرد گەرمیان تەماشای دەکات، ئەم شەویش وەک شەوی ڕابردوو هەستا و چووەوە لای، هەر کە دانیشت و دانەنیشت دەمی بردە لای گوێییەوە:

– «ئێژم... ئەتوانم لە پەنجەرەکەوە بڕەمم؟»

دوێنێ شەویش وای پێ گوت خۆی لێ کەڕکرد، بەڵام ئەمشەو جۆری ڕوولێنانەکەی جیاوازە، وەک بپاڕێتەوە وا دیاربوو، چاوە گەشەکانی لە ڕووی سابیر گیرکردبوو چاوەڕێی قسەیەکی خێری بوو، ڕونا ڕەنگ و پۆی لەگەڵ شەوی ڕابردوو جیاوازی هەیە» سابیر دەستە بچووکەکانی خستە نێو دەستییەوە، بەچاوی بەزەییییەوە تەماشای کرد،، «چۆن مرۆ ئەوەندە ڕک و کینەی بەرامبەر مرۆ دەبێ؟!... ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا دەیکا ئاژەڵ لەگەڵ یەکتردا نایکەن»

سابیر لە دڵی خۆیەوە ئاوای وت... بۆ ئەوەی پرسیارەکەی لەبیر بەرێتەوە ویستی بیدوێنێ،

– «پێت نەوتم کوڕی کێیت؟»

– «حەمە سەعید...»

– «کام حەمە سەعید؟»

– «حەمە سەعیدی ساڵە شێتی چاڵەودوانەیی».





– «ساڵە شێت... ساڵە شێت... ئەم ناوەم بیستووە!».

لەگەڵ خۆیدا کەوتە بیرکردنەوە سابیر، مێشکی خۆی گوشی... «کە لە دێی (قەڵا) دەورەی لفتەمان دەدا تا ڕازی بکەین (یار غەزاڵ)مان بۆ بڵێ باسی دەنگخۆشان و گۆرانیبێژانی ناوچەکەی بۆ دەکردین... دەیگوت:

کوڕە بێ بەڵا بن، کەی دەنگی من دەنگە، ئەوەندە دەنگخۆش و گۆرانیبێژ لە گەرمیاندا هەیە من بەشاگردیان نابم، بەداخەوە یەکەیەکە وا دەمرن و ئەو سامانەش لەگەڵ خۆیاندا دەبەنە ژێر گڵەوە و لەبیر دەچن هەروەکو چۆن ئێستا زۆربەیان نەماون...» دەیگوت: «نەکو ئێستا، هەر لە کۆنەوە ئێرەکانە جێگای ئەڵڵاوەیسی و قەتار و خاوکەر و خۆرشیدی و یارغەزاڵ و سەوزە سەوزە بووە...». ئێمە حەزمان دەکرد باسی کۆنمان بۆ نەگێڕێتەوە یارغەزاڵەکەمان بۆ بچڕێ، بەڵام ئەو لەسەری دەڕۆیشت: «باوکم کاتی خۆی دەیگێڕایەوە: ساڵە شێتێک هەبوو لە ئاوایی چاڵەودوانە دادەنیشت، دەنگخۆشی وا لەم گەرمیانە نەبووە... کاتێ قەتار و خاوکەری بگوتبا هەرچی کچ و ئافرەتی ئاوایی هەبوو دەستی لە کونە و مەشکە هەڵدەگرت، جووتیار و سەپان گاسن و داسیان وەلاوە دەنا و گوێیان بۆ ئەو چریکە یەزدانییە ڕادەدا...» لفتە لەسەری دەڕۆیشت: «لە دەمی باوکمم بیستووە چەندین جار لە حزووری شێخی نەمردا ئەڵڵاوەیسی وتووە، دەڵێن کە شێخ بە گەرمیاندا تێپەڕیوە بەدوایدا ناردووە تا گۆرانی بۆ بڵێ حەمە سەعیدی کوڕیشی لە باوکیەوە ئەو دەنگخۆشییەی بۆ ماوەتەوە، بەڵام شێخانی تەریقەت کە بە ناوچەکەدا دەگەڕان و تەریقەتی خەڵکیان دەدا، حەمە سەعیدیان بانگ کرد و تۆبەیان دا و گۆرانی وتنیان لێ قەدەغەکرد، گوایە حەرامە و بۆ دەروێشان ناگونجێ گۆرانی گوتن... خۆشیان گەورە و بچووکیان مەراقی گۆرانی وتن، ئیتر ئەو گەنجینەیەی کردە ژێر بارێ پرچەوە، بەڵام کاتێک زکر و تەلیلە دەبەسترا و (مەولایە سەللم)ی دەگوت زۆربەی دەروێشان لەبەر ئەو دەنگە خۆشە حاڵیان لێ دەهات...»... ئاوا، یانی ئەم گەرمیانە کوڕی حەمە سەعیدی ساڵە شێتی گۆرانیبێژە... لەبەرخۆیەوە سابیر ئاوای گوت...

سابیر بەڕوویەکی خۆشەوە وتی:

– «ئێ ئێ ئێ حەمە سەعیدی ساڵە شێتی چاڵەودوانەیی... گەرمیان گیان، پشت بەخوا باوکت ساغ و سەلیمە... ئەی خوشک و براکانت...»

– «نەسرین لە من گەورەترە... شەمە و سیامەند لە من مناڵترن، دوو برای گەورەشم هەیە لە دایکم نین...»

کە ناوی خوشک و براکانی هێنا چاوی پڕبوو و قوڕگی گیرا... سابیر سەرزەنشتی خۆی کرد کە بۆ ئەو پرسیارەی لێ کرد... نەیوێرا لەوە زیاتر بیدوێنێ، نەکو دەست بەگریان بکات... پاش کەمێ بێدەنگی هەمدیس سەری هێنایە پێشەوە...

– «ناتوانم بڕەمم؟».

– «گەرمیان گیان ئەم شیشانە سخن...».

بە نائومێدییەکەوە سەری داخست، لێوی نیشتە سەر یەک، سابیر هەمدیس بە میهرەوە هەردوو دەستی گرت، نەیدەزانی چۆن دڵی بداتەوە و بەچی تەسەڵای بدات، بێجگە لە گەرمیان و سابیر و پیرەمێردەکە، وا دوو سێ کەسی دیکەش هەستان، چوار مەشقی دانیشتوون، وادیارە گەرمیان ناتوانێ لە پەنچەرەکە دوور بکەوێتەوە... هەستا چاوی بەکونی مقەباکەوە نا، سابیر لەلایەکەوە حەزی دەکرد چونکی دەیزانی بەوە تەسەللای دێ، لەلایەکی کەشەوە هەرچەندە ئەو چاوی بەپەنجەرەکەوە دەنا ئەم زیاتر بەزەیی پێدا دەهاتەوە و دڵی دەگوشرا...

«با خۆی بخافڵێنێ»

لە دڵی خۆیەوە ئاوای گوت و هەستا گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی...

حەمە غەریب نووستووە، لە تەک حەمە غەریب دانیشت و پشتی بەدیوارەکەوە دا، دەستی بەسەرچۆکیدا شۆڕکردەوە و چاوی بەژوورەکەدا گێڕا... لە ژوورەکەدا هەر ئەو چەند کەسە بەئاگا بوون... گەرمیان هێشتا بەر پەنجەرەکەی بەر نەداوە، پیرەمێردەکە سەڵتەکەی کردووە بەسەرین و ئانشکی بەسەرا داداوە. سابیر ویستی بچێتە لای، خۆی گرت... هۆش و





بیری لای کارەساتەکەیە... «ئاواییەک و دوو و سێ نییە... سەرتۆپ گەرمیانیان پێچاوەتەوە، نیازیان خراپە... ئەمە قڕکردنە... ئەمە... باشە ئەی دێهاتەکانی دەوروبەری ئاوەسپی بۆ کوێیان بردوون؟...

ڕەنگە لە ژوورەکانی ئەولا بن... ئەمانەی ئێرە خەڵکی دەوروبەری ڕۆخانەن... ئەی دێکانی نزیک سیروان و جافایەتی و هەردی زەنگەنە؟ ڕەنگە بۆ شارێکی کەیان بردبن...».

گەرمیان وا لەگەڵ یەکێکدا دەدوێ، یەکەکە لەو دیو پەنجەرەکەوەیە دیار نییە... ئەم لەسەر نووکی پەنجە وەستاوە گوێ دەگری...

وا ئاوڕی دایەوە، تەماشای پیرەمێردەکە دەکات وا بەرەو لای پیرەمێردەکە دەچێ، لەبەردەمیدا چیچکە دەکات و شتێکی پێ دەڵێ... پیرەمێردەکە کەوتە باری چوار مەشقیەوە، جگەرەکەی لە زەوی کوژاندەوە و هەستایە پێ، جۆری ڕاپەڕین و هەستانەکەی بەگوێرەی تەمەنی نەبوو، وا ئەویش خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەکە... یەک دووانێک کە تا ئەوکاتە وات دەزانی خەوتبوون، ملیان قووت کردەوە و چاویان لە پیرەمێردەکە بڕی... پیرەمێردەکە گەیشتە پەنجەرەکە، تەماشایەکی گەرمیانی کرد، چۆن دوو مناڵ گەمە بکەن سەریان بۆ یەکتر لەقاندەوە، سەر لەقاندنەوەکەی گەرمیان هانی دا باشتر خۆی لە پەنجەرەکە نزیک بکاتەوە... گەرمیان چۆن تەماشای دەکرد، ئەویش ئاوا چاوی بە مقەباکەوە نا، دیاربوو لەگەڵ یەکێکی کەدا دەدوا... زۆری نەخایاند بەر پەنجەرەکەی بەردا، پشتی لە پەنجەرەکە کرد، بزەیەکی مناڵ ئاسا لێوی کشاندبوو... سەڵتەکەی لەبەر نەبوو، بلووزێکی بێ ڕەنگ و دەرپێیەکی درێژی سپی لەبەرابوو، بەنەخوێنەکەی تا ئەژنۆی هاتبوو، وەک ئەو کابرایەی کەمێ لەمەوپێش نەبێ، چاوەکانی دەترووسکانەوە، دیاربوو هێزوگوڕێکی بەبەرا هاتبوو، گەرمیان بەتەنیشتیەوە سەری هەڵبڕیبوو تەماشای دەکرد... داچەمی سەری ماچ کرد، وەستاوە نازانێ چی بکات، نە ئەوەتانێ دانیشێ نەدەگەڕێتەوە جێگاکەی خۆی، بۆ ماوەیەک لەو بارەیەوە مایەوە. «وا دیارە هەواڵێکی خۆشی بیستووە... بەڵام کام هەواڵی خۆش؟» سابیر لەبەرخۆیەوە ئاوای گوت...

چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا... سابیری کردە چاو، وا کەوتە ڕێ و جوولا «بۆ لای من دێ!» سابیر وا هزری کرد... هات و چوار مەشقی لەبەردەم سابیردا دانیشت... دەمی کردەوە نیازی بوو شتێ بلێ. وەستا ئەم خەڵکە سادەیەی ئەم گەرمیانە هەر گوێیان لێ بگری، ئیتر لێ ناگەڕێن، هەر چییان لەدڵدایە بۆتی هەڵدەڕێژن... گەرمیانیش هات و دانیشت... پیرەمێردەکە سەری هێنایە پێشەوە. سابیر بەچاوی ڕێز و بەزەییەوە دەڕوانێتە ڕدێنە سپییەکەی... شاش و زبر، چەند ڕۆژێکە گوێزانی نەدیوە، سمێڵی لە ئاست کونە لووتیەوە زەرد چۆتەوە، دوو دانی کەڵبەی نەبێ ئیتر کەوچک لە دەمیا بگێڕە... خۆی نەگرت بێ پێچوپەنا دەستی پێ کرد:

«لەگەڵ باپیرەی ئەم گەرمیانەدا چەندین جار پێکەوە کاروانی ئەو خاڵساتەمان کردووە. ساڵەی فتح اللەی ناوبوو. ساڵە شێتیانیش پێ دەگوت، دەنگخۆشییەکەی لەوە نەبوو، لە خاڵس خورما و دۆشاومان دەکڕی، کە دەگەیشتینە دەشتی قرفە مشکیەکەی لە مل دەئالاند دەیگوت:

خدر لێخوڕە... منیش دەمزانی بۆ پەلە دەکات... ئیتر دەنگی تێ دەکرد، داخی گرانم بۆ ئای ئای و ئەڵلاوەیسییەکەی ساڵە، هەرکە دەگەیشتینە هەردەکەی لەک و ئاودیو دەبووینەوە بۆ ڕاستییەکەی چاڵەودوانە، دەستی پێ دەکردەوە... یارغەزاڵێکی بەسەر ئاواییدا دەکرد هەواڵی گەیشتنمانی بە دێ و کەسوکار و یارەکەی دەدا... کاتێ دەگەیشتینە پاین ئاوایی دەبینین وا (گورجی بەبیانووی ئاو هێنانەوە هاتۆتە سەر بیرەکان.) کە گورجی دەبینی سیخورمەیەکی لێ دەدام و دەیگوت «خدر من ماندوویەتیم دەرچوو...» داخی گرانم بەنسیبی نەبوو. ئیتر باری کرد بۆ دێکەی ئێمە و هاتە «برایم غولام». بۆ حەمە سەعیدی باوکی ئەم گەرمیانە خۆم خوازبێنیم بۆ کرد و دوو منالی لەو ژنە بوو، عەمری خوای کرد... ئا گەرمیان ئەو کیسە بۆ بابات بێنە... کە گەرمیان هەستا سەری هێنایە پێشەوە... داخی گرانم باوکی لە پاین ئاوایی بە زاماری بەجێ ما، یەک دوو فرمێسک وەک لەمەوپێش ئامادەی کردبن، بەنێوان ڕیشە سپییە پەرێز ئاساییەکەیدا هاتنە خوار... ئا گەر بۆتی بگێڕمەوە چییان پێ کردین... ناوی خزمەتت؟





«سابیر... سابیری خزمەتکارت...»

ئای ڕۆڵە چییان پێ کردین... پیاو هەر چەنێ بەو دەردەی نەبات... کە دەڵێن دوژمنی باوەکوشتە، لەوە دڵڕەقتر و بێ بەزەییتر بوون.

لەگەڵ خۆرکەوتندا دێکەیان تۆپباران کرد، خەڵکەکە کەوتنە خۆیان لە دێ دەربچن، کەس نەدەپرژایە سەر کەس، قیژە و هەرا و هاوار و سەگوەڕە... تەقە و دەستڕێژ لە پاین ئاواییەوە دەستی پێ کرد، یەک دوو کەس هەر لەناو ئاواییدا پێکران... سابیر ڕۆڵە ئەگەر لێ بگەڕایەن چارەیەکی خۆمانمان دەکرد... دەڕۆیشتین... قەتیش ئاوامان بەسەر نەدەهات... لە گشتی ناخۆشتر ناموسمان کەوتە دەستیان... دایکی ئەم گەرمیانە کەمێ خۆی گرت و نەیدەویست بچێتە ناو زیلەکە و جاشێک قۆناغە تفەنگێکی پیا کێشا و وا ڕایکێشا یەخەی تلیشان، سنگی وەدەرکەوت، باش بوو ئافرەتێک زوو بە چارۆگەکەی خۆی سنگ و بەرۆکی شاردەوە... سابیر دێهاتەکانی ئەوبەر ڕۆخانەشیان بەم دەردە برد، لەناو زیلەکە جاشێکیان بەدیارمانەوە دانابوو، بێ ئەوەی کەسێ پرسیاری لێ بکات وتی: دێهاتەکانی ئەوبەر ڕۆخانە بۆ لایەکی کە دەبەن، ئێوەش بۆ دووز... ئاوڕێکی بۆ ناو ژوورەکە دایەوە، بەدەم ئاوڕدانەوە وتی: هەندێکیان خەڵکی «تازە شارن»... ئا ئەو چوار کەسە «میل ناسرین» ئەو دوایی هەر یەک دوانێکی لە دێیەکەوە هێناویانن...

هەمووشمان ئاگامان لە کەسوکارمان نییە، بەڕاستی نازانین لە کوێن، ئەم کاس و وڕی ئەم خەڵکە هی ئەوەیە سۆراخی ماڵ و منداڵەکانیان نازانن...

من توانای ڕەمینم نەبوو، هێزەکەی جارانم نییە لە (خاڵس)ەوە تا (برایم غولام) بەدوو قۆناغ ئەمبڕی... دانیشتم وتم هەرچی ئەبێ با ببێ، لە مردن بەولاوە هەیە؟!... گوڵشەن و دوو دەڵە شڕەکە و شاسوارم پاڵ پێوەنا، وتم ئێوە بڕۆن و خەمی منتان نەبێ... خەریکی جگەرە تێکردن بووم بینیم لەولاوە هاوردیانیان تەزوویەکی سارد لە پەنجەی پێمەوە هات و لە تەوقی

سەرمەوە دەرچوو... ئەوەندە خوانەناس بوون نەیانهێشت بکەومە تەکیان... منیان بەدەست سەربازێکەوە دا، لەم کاتەدا گەرمیانیشیان هێنا... بە بەرچاومەوە گوڵشەن و کچەکانیان ناوە ناو زیلێک و شاسواریشیان لەگەڵ چەند لاوێکی کەدا لە زیلێکی کە نا... وا ئێستا خەبەریان بۆ هێنام گوڵشەن و کچەکان لە ماڵی خزمێکماندان... هەموو جارێ گوڵشەن پێی دەوتم: «حاجی با لەم کوێرە ئاواییە نەمینێین و بڕۆین لە گۆشەی شارێکدا سەری خۆمان کزکەین تا خوا دەروویەکمان لێ ئەکاتەوە» بە قسەم نەکرد...

نیوەشەو تێپەڕیوە... هێشتا هەرسێکیان نەخەوتوون. لە پرخە و وڕێنەکردن و نکەنک بەولاوە دەنگ نییە، ژوورەکە کشوماتە... گوڕە و قڕەی ئۆتۆمۆبێل لەچاو سەرلەئێوارە کەم بۆتەوە، جارناجارێ ژاوەژاوێکی نادیار تێکەڵ بە سەگوەڕی دەرەوە دەبوو، گەرمیان خەو شلی کردووە، چاوی هەڵناسێ، وەک لە ماڵەوە لە تەک باوکییەوە بێ، سەری خستە سەر ڕانی سابیر و خەوی لێ کەوت... ئەویش بۆ ئەوەی لە خەوەکەی نەکات جوولەی لە خۆی بڕی...

حەمە غەریب جامانەکەی بەسەر دەموچاویا داوە، بەدانیشتنەوە خەوی لێ کەوتووە، دەمی داپچڕاوە لەگەڵ هەناسەداندا جەمەدانییەکەی لە ئاست دەمییەوە بەرزو نەوی دەبێتەوە... هاپۆ خدر بەدەم جگەرە تێکردنەوە یەک دوو جار لەژێرەوە تەماشای سابیری کرد... سابیریش دیقەتی ئەوی دەدا... لووتی باریک و درێژ کشاوە، وەک دەنووکی شاهۆ کەمێ بۆ خوار چەماوەتەوە چەناگەی خڕی ڕیشێکی سپی وەک چوڕ داپۆشیوە، بەڵام هێشتا چاوەکانی زیت و وریان، سابیر بەخۆی دەڵێ... «خۆت خەمت کەم بوو. هی ئەم پیرەمێردەش بووە سەربار... وا دیارە هەر کام لەمانە بگری لەوەکەی تری زۆرتری لە دڵایە، تۆ بڵێی ئاه و هەناسەی ئەم خەڵکە هیچ نەکات؟! ئەم ناڵە و هاوارانە کەسی بەدەنگەوە نەیەت؟...

چاوی بڕیوەتە ڕیشە سپییەکەی، چاوی لێ ناترووکێنێ... بەرەبەرە دەبێتە گلۆڵەیە چەرمو، گلۆڵەکە گەورەتر دەبێت، لەناو ئەو گلۆڵەیەوە گەلێ شوێن و جێگای دێتە بەرچاو... ماڵتان لە دێی (زنانە)یە...دەشتە





پەتییەکەی خۆرهەڵاتی ئاوەسپی تا چاو هەتەر دەکات سپی چۆتەوە! لە گەرمیان بەفر باریوە!! شتێکی دەگمەن و سەیر بوو تۆ هەرزەکاری، لەگەڵ چەند کوڕوکاڵێکدا بەتانجی ڕاوە کەروێشک دەکەن دیمەنەکەی بەرچاوت زۆر نامێنێ... لێڵ دەبێ، خەریکە شتەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەبینی... هەمدیس دەشتەکە دیارە، بەڵام ئەمجارەیان سپی نابینی، دەشتێکی وشک و برینگ، هەموو شتێ زەرد چۆتەوە، خەڵکەکە خۆزگە بۆ بەفر و هاتەکەی پار دەخوازن، وا بێ بارانی زستانی ڕابردوو ساڵەکەی تووش کردووە، کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو خوار دەبنەوە... وا ئێوەش کۆچ دەکەن، لەناو گلۆڵەکەدا باش لێتەوە دیارە... شەوە ئەوەی هەتانە لە دوو گوێدرێژتان ناوە مانگێکی خڕوجوان ئەو دەشتە کاکی بەکاکییەی زیوباران کردووە، دیمەنەکانی بەرچاوت هەندێ جار خێرا و هەندێ جاریش بەکاوەخۆ دەبینی... ساتە خۆشەکان کەمن وا هەمدیس دیمەنەکان تێکەڵ یەکتر دەبن، ئەوەت بۆ جیا دەکرێتەوە ژوورێکە و وا لە شارن، لەگەڵ کچێکی دراوسێتاندا سەرەتاتکێتە... دیمەنەکان خێرا دەبنەوە... وا ئەمجارە ئاخر و ئۆخری بەهارە هەورێکی هەلاجی کراو بەری خۆری گرتووە، شار گەورە و بچووکی لەسەر بانەکانەوە تەماشای ڕیزە شاخەکەی ڕۆژهەڵاتی شار دەکەن... دیمەنەکە ڕوونتر دەبینی... بەو شەوە ناوەستی هەندێ لە قسەکانی ئەو ڕۆژەت دێتە بەرگوێ: دێکانیان سووتاند... تا هەشت ساڵ پێش ئێستا خواحافیزی لە هاوڕێکانت دەکەی جانتایەکت پێیە، چەند کتێبێک و هەندێ وردە شتی کەی تێدایە باوکت ناڕازییە... دایکت دەپاڕێتەوە نەڕۆی، نیوەڕۆ گەیشتینە ئاوایی (زنانە)... بەرەبەرە ڕوومەتی هاپۆ خدرت وەک خۆی هاتەوە بەرچاو سەری دانەواندووە و مژ لە جگەرەکەی دەدا...

«هاپۆ... هاپۆ» گەرمیان یەک دووجار بانگی لێ کرد

«گیانی هاپۆ...»

«میزم دێ...»

دەستی گرت و بردییە لای دەرگاکەوە...

«ئا ئەم منالە میزی دێ دەرگاکەمان لێ ناکەنەوە؟»

«نابێ...» دەنگێک لەودیو دەرگاکەوە ئاوای گوت.

«با بیکاتە ژێر خۆی...».

***

کە ڕۆژ بۆوەوە هەشت نۆبەکی کەیان بەپاڵ خستە ژوورەوە. سەر و پێ پەتی، خوێن بەسەر و چاویانا هاتبووە خوارێ، بەوەی خوێنەکەی ڕوومەتیان وشک بووبوو ئەوەی دەگەیاند هەر لە ئێوارەوە یا زووتر گیرابوون. یەکێکیان توانای دانشتنی نەبوو لەنێوان خۆیاندا پاڵیان خست و بەدەوریا دانیشت، یەکێکیان دەستی بەقاچی دادەهێنا گوتی: «شکاوە...»

بێدەنگ وەک داوای یارمەتی بکەن چاویان بەژوورەکەدا گێرا بەڵکو یەکێک هەبێ سەری لە شکستە دەربچێ. ئەوەی لە ژوورەکەدا بوو چاوی لەو هەشت نۆ کەسە بڕیبوو... هاپۆ خدر بەئاستەم هەستا و چووە لایانەوە... درنیان دا و جێگایان بۆ چۆڵ کرد، هاپۆ دەستێکی بەقاچی داهێنا، قاچی کەمێ بەرزکردەوە و بەئاستەم دایناوە، بێ ئەوەی هیچ بڵێ دەستی برد پشتوێنی یەکێکیانی ڕاکێشا ئەویش گورج هەستا و پشتوێنەکەی کردەوە.

«ئا هەردوو دەستی بگرن... با یەکێکی کە خۆی بەسەر ئەم قاچی بدات...».

هەرچی هاپۆ دەیگوت دەستبەجێ جێبەجێیان دەکرد.

«ڕەحمەت خواتان لێ بێ... کێ دارجغارەیەکی درێژی پێیە؟» کەس دەنگی نەکرد... هەستا گەڕایەوە جێگاکەی خۆی لەژێر سەڵتەکەیدا گۆچانەکەی خۆی هێنا... دایە دەست یەکێکیانەوە.

«ئادەی بیکە بەچوار پارچەوە.» گۆچانەکەیان بۆ کردە چوار پارچەوە، «بۆمی بگرن». دەستێکی بۆ خوار داگرت و بەم دەستەکەی قاچی پێ بەرزکردەوە... «ئای...» کابرای ژێر دەستی هەر ئەوەندەی گوت و ملی لار بووەوە.





«هیچ نییە... گوێی مەدەنێ».

پارچە دارەکانی لەسەر قاچی دانا و بەپشتوێنی کابرا توند بەستی... یەکێکیان هەر لەخۆیەوە بۆ هاپۆ خدر دەدوا:

ئێمە خەڵکی «(کورومۆر)»ین. هەشت لاوی ئێسک سووک بوون، تەنها ئەوەی قاچی شکابوو ڕیشی ماش و برنج بوو، «سێ ڕۆژە لەو هەردانە خۆمان شاردبووەوە. دوو ڕۆژە لە ئاو زیاتر هیچمان نەخواردووە... بە عەلی کۆپتەر دۆزیمانیانەوە» هەندێ خواردنیان بۆ هێنان، بێدەنگ سەریان بەیەکا کرد... لەتێ نان و چنگێ خورماشیان بۆ قاچ شکاوەکە بەلاوەنا... «بڕوا ناکەم کەس مابێ هەموویان هێنا...» یەکێکیان لەبەرخۆیەوە وای گوت...

وا ئێستا گەرمیان چۆڵە لەوانە بەولاوە کە ڕەویان کردووە و سەری خۆیانیان هەڵگرتووە، یا ئەوانەی کە بەپێدزە هاتوونەتە شارەکانەوە و لە ماڵە خزم و ناسیاو خۆیان شاردۆتەوە، یان ئەوانەی تەرمی بەجێمایان لە کەندڕ و چەم و ناو کۆڵانانی چۆڵی دێدا کەوتووە، گەرمیان چۆڵە... ئەو داسانەی بەکەرە و هەسان بۆ درووێنە ئامادەکرابوون لەگەڵ بێشکەی ساوادا لەژێر خشت و خۆڵی خانووی وێرانکراودا ماونەتەوە... خەڵە و دان سنگ دەکوتێ و هەر بەپێوە دەمێنن... ئازووقە و ساوەر و هەرشتە و نیسک و نۆک پەرشوبڵاوی ناو ئاوایی بوونە، کەوا و سەڵتەی بن ماڵەی پیاوانەی بۆ شین و شایی لە بوخچە نراو، سوخمەی ئاگربارانە و کراسی کرێشە و پوولەکەدار و دەرپێی خامەکی ژنانەی ئامادەکراو بۆ ڕەشبەڵەکی گەرمیانانە ئێستا لەو ناوانەدا (با) پێش خۆی داون، دەیانهێنێ و دەیان با، تا بەبێ جگ و کونار و قەڵەچاریەوە گیر دەخۆن یا چمکێکیان بە دەشتەوەیە لەتۆی خشتەکاندا با دەیان شەکێنێتەوە... ئەو مریشک و ئاژەڵانەی بەردەست نەکەوتوون و بەتاڵان نەبراون تاربوون و سەرگەردان لەو ناوانەدا گارەگار و بارە و قۆڕەیان بەگژ ئاسمانا دەکەن... گەماڵ و سەگی هەوشار و تووڵە و تانجی خوێڕی، ئێستا بێ خاوەن بوون بەخشت و خۆڵی وێرانەی خاوەنەکانیانەوە دەکەن، جار نەجارێک لمۆزیان بەئاسماندا دەکەن و لوورەیەکی درێژ و باریکی بۆ دەکەن... ئێستا چۆڵە... چۆڵ و هۆڵە قەرەی

ئەوانە نەمێنێ وا قەرەیان تیا نەهێشت لەو دەشتە پان و بەرینەدا نە زەڵەزەڵێ نە یارغەزاڵێ نە ئەڵڵاوەیسییەک نە سەوزە سەوزەیێ نابیستریێ... چی بووە؟ چی قەوماوە؟... قەومێل لەو گەرمیانە قەوماوە، خۆ ئیتر کەس نابینی لە گوێی ڕۆخانە و ئاوەسپی و سیروان بێستان بکات!! وەی وەی... ئیتر کنگر و شەواڵە سوورە و دۆمەڵان و قارچکی دەشتی پەتەکی و هەردەی زەنگەنە و دەشتی شاکەڵ دەستی کچانی گەرمیانیان پێ ناگا، بۆ خۆیان شین دەبن، قووت دەبنەوە و هەر لە جێگای خۆشیاندا دەپرووکێن و سیس دەبنەوە... وەی وەی برا... وەی گەرمیان چۆڵە... ئیتر ئەو جوانییەی جارانی نامێنێ، گەرمیان بە خەڵکەکەیەوە جوانە... نە مانگەشەوی ئەو جوانییەی دەمێنێ نەبەهاری... دەبێتە دەشتێکی ڕووت و قووت... کاکی بەکاکی ترسێنەر... دەشتە بەپیتەکەی دەبێتە زەوییەکی گەچۆڕی بێ خێر، لەجیاتی گولیلکە کێویلە، دڕک و قەلەچاری و زەردەسیری تیا شین دەبێ... هەموو شتێکی، هەموو پرسە بۆ خەڵکەکەی دەگرن... تا ئەڵڵاوەیسی و خاوکەر و خورشیدیش پرسەیانە... بۆ وایان لێ دەکەن؟ وا دیارە نیازتان خراپە؟! نەکەن... ئەگینا ئۆباڵی ئەم ڕەشوڕووتانەش دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ کام لایان دەبەن؟ ئاخر ئەم گەرمیانیانە وەک ماسی وان چۆن ماسی بێ ئاو ناژی، ئەمانەش لە گەرمیانیان دووربخەنەوە دەمرن... لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا هەڵناکەن... گەر جارێکیش لەبەر قاتوقڕی و نەهاتی لێک دوورکەوتبێتنەوە ئاخریەکەی سۆزی گەرمیان هەڵی گرتوون و کێچ کەوتۆتە کەوڵیانەوە و گەڕاونەتەوە، هەر کە پێیان ناوەتە گەرمیان، پێیان لێ درێژ کردووە و شایەتمانێکی بەهەقیان هێناوە. «کوڕە خۆ پەڕمان دەرکرد...!!» وایان وتووە و دەستێکیان لە خۆڵە پەتانیەکە وەرداوە و چنگێ خۆڵیان بە لەشی خۆیانا پڕژاندووە، ئەوجا کە هۆشیان بەبەرا هاتووە... گەرمیانییەک ویستبێتی بۆخۆی کونجێک بکات و ئاوی دەست نەکەوتبێ بەفرمێسک قوڕی گرتۆتەوە، بەزەڵ و پووشی دەوروپشتی خۆی سەری گرتووە... بۆ کوێیان دەبەن؟!... با پێتان بڵێم و بینێمە دەستتان: بۆ بەهەشتیشیان ببەن





خۆیان بەغەریب دادەنێن!... هەر دەیان بەن... من بۆ خوا پێتان دەڵێم شتاقیان دەرناچن. ئاه و نووزەی ئەم پەککەوتە و ئافرەتە کەڕوڵاڵانە و لاوە خێر لەخۆ نەدیوانە دەبن بە ڕم و نێزەی سوورەوەکراو و بەویژدانتانا دەچەقن... ئێستا نەبێ، عەیامێکی تر بە تەشەر و توانج و تانە خەڵکانی تر ئابڕووتان دەبەن... دوای خۆشتان هەتا خۆڵ و پنچکی، ئەم گەرمیانە دەمێنێ نەفرەت لە نەوە لە دوای نەوەتان دەکەن... تەماشای پڕ لە ترس و، داچڵەکینی ناوەختی ئەو منالە پێڕەوکانە دەبنە تارمایی، خەو و خواردنتان لێ تار دەکەن... ها دواجا نەڵێن کەس پێیان نەوتین!...

***

هەر لە بەیانی زووەوە مقۆمقۆ کەوتبووە ناویان... «ئەمڕۆ دەیانبەن...» یەکێک لەناو ژوورەکەوە گوێی لە دووکەس بوو لە دەرەوە ئاوایان گوتبوو... ئەویش ئەوەی بیستبووی بە ژوورەکەی گەیاند:

«قەومەکان ئەمڕۆ دەمانبەن...» خەڵکەکە ورووژا دەچوونە بن دەستی یەکترەوە

– ئەمانبەن؟!

– بۆ کوێ؟!

– ............

– خۆ هەواڵێکی کەسوکاریشمان نەزانی.

دەمە و عەسرێکی درەنگ دەرگایان کردەوە، ئەوەی لە ژوورەکەدا بوو چاوی لە دەرگاکە بڕی... دەنگێکی ناساز پڕ بەژوورەکە قیژاندی:

«دەی زووکەن... خۆتان کۆبکەنەوە». دەنگە ناسازەکە دووجار لەسەریەک وای گوت و دەرگاکەی ڕاکێشایەوە... ئەوەی لەتە نانێک و چنگە خورمایەکی پێ مابووەوە لە گیرفانی ئاخنی... گەرمیان هاتە لای سابیر و بەترسێکەوە پرسی:

– «بۆ کوێمان دەبەن؟!».

سابیر وەک منالێکی خۆی دەستی بەسەرا هێنا.

– «بۆ هەر کوێیەکمان بەرن هەوڵ ئەدەم لە یەک دانەبڕێین...» .

– «نەدایکم بینی نەهەواڵی باوکیشم زانی.» .

– «دایکت ئەبینی خوا یاربێ هەواڵی باوکیشت ئەزانین» .

هاپۆ خدر لەسەرخۆ خەریک بوو سەڵتەکەی لەبەر دەکرد، کیسە تووتنەکەی قەمچ کرد و لە گیرفانی سەڵتەکەی نا، بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ لەبەرخۆیەوە دەی وت:

«بەم درەنگ وەختە بۆ کوێمان ئەبەن؟!» .

دەنگێک لەناو ژوورەکەوە بەرز بووەوە، دیار نەبوو لەگەڵ کێیەتی:

«ئێوە پێم بێژن خوا ئێمە نابینێ؟» .

هاپۆ خدر گوێی لێ بوو ئاوڕی بۆ ئەو ئاستە دایەوە کە دەنگەکەی لێوە هات.

«بۆ کفر ئەکەی... خوا لەمە زیاتر چیت بەسەر بێنێ؟!... ناموقوڵی وا مەکە» .

«چیم کردووە لەوەتی خۆم ناسیوەتەوە نوێژم نەڕۆیشتووە، گشت ساڵێ زەکاتی پەز و پارەم دەرهێناوە... پەزەکانیان وەبەر چاومەوە برد و خۆشم دە دینارم پێیە»

هاپۆ خدر قسەکەی پێ بڕی

«شوکرانەی خوا بکە...»

لەم کاتەدا دەرگای ژوورەکەیان کردەوە، ئامۆژگارییەکەی هاپۆشیان لە نیوەدا بڕی... سەربازێک و جاشێک هاتنە ژوورەوە... «یەکە... یەکە»

لەپێشدا دوو کەس چوونە ژێر باڵی قاچ شکاوەکەوە و بردیان... ژوورەکانی دیکەش دەرگاکانیان کرایەوە، وەک شارە مۆریلە هەر خەڵکیان لێوە دەردەچن و کۆتایی نایە... ژوورەکەی ئەمان کەوتنە دوای هەمووەوە... لەبەر قەرەباڵغی پێ پێ دەڕۆن... ئیڤاکان لەبەر دەرگای حەوشە وەستاون، یەکێک پڕ دەبێ یەکێکی کە دێتە بەر دەرگاکە، هەر ئیڤایەکیش چادریان





بەسەرا دراوە تاکو دیار نەبن... خەڵکێکی زۆر بەرامبەر دەرگای حەوشە لەو بەر شەقامەکەوە ڕاوەستاون... قیژە و گریان و کڕووزانەوەی منداڵ و ئافرەت... بانگکردن و دەست هەڵبڕینی نیوەچڵ... ڕۆژی حەشرە... هەندێک خۆی پێ نەگیرا بە لەچکی جامانی و مشکیەکانیان چاویان دەسڕن... هەندێک بەرلەوەی بیخەنە ناو زیلەکانەوە ملە قوتەیەکی بۆ دەکرد، لە ڕیز دەردەچوون، تا ناسیاوێک خزمێکی ببینێ، بێ بەزەییانە لەو ساتانەشیان بێ بەش دەکرد و بە لوولەی چەکەکانیان دەیان هێنایە ڕیزەوە... ئەوانەی لەپاڵ دیوارەکە ڕاوەستابوون هەندێکیان خۆیانیان پێ نەدەگیرا، دەستیان بەگریان دەکرد...

عەشاماتەکە پێ پێ بۆ پێشەوە دەهاتن، یەک دوو لاو فرسەتیان هانی چەند ئافرەتێک و یەک دوو منداڵیان لە زیلێک داگرت و بەکۆڵانەکەیاندا کرد و لەچاو ون بوون... یەکێ لە یاساوڵەکان پێی زانی، دەستڕێژێکی بەئاسمانا کرد... عەشاماتەکە پاشەکشێی کرد و... کەوتنە خۆیان، دەستوبردیان کرد بەپەلەپەل زیلەکانیان پڕ دەکرد، سابیر و هاپۆ و گەرمیان و حەمە غەریب و چوار کەسی کە بە پەلە جێبێکیان هێنا و سواریان کردن... بووە بەردباران... کاروانەکە کەوتە ڕێ... ژمارەی بەردهاوێژەکان زۆرتر بوون... بەڵام زیلەکان دوورکەوتنەوە و کەوتنە سەر شەقامەکە...

جێبەکە چادرێکی ئەستووری بەسەرا دادراوە هیچ کوێیەکیان لێرە دیار نییە، حەمە غەریب و سابیری گەرمیان و هاپۆ خدر بەتەنیشتی یەکەوەن، چوار کەسەکەش بەرامبەریان دانیشتوون... چادرەکە لە بەرامبەر سابیرەوە کونێکی لێیە... کونەکە مشتێک بەقووچاوی دەخوات، لە کونەکەوە سابیر هەوڵ دەدا، دەرەوە ببینێت... سابیر شارەزای ئەم شارەیە، گەلێ یادگاری خۆش و ناخۆشی تێدا هەیە... بەهزر و زەین هەوڵ دەدا بزانێ بۆ کوێیان دەبەن... ئەمانی کە ماندوویەتی وڕوکاسی کردوون هەر لە ئێستاوە خەوەنووتکێیانە یاساوڵێکیان لەگەڵ دایە بەتەنیشت شوفێرەکەوە دانیشتووە، کە سواربوون پێی وتن «قسەکردن قەدەغەیە» .

کە سواربووین پشتم لە خۆرئاوا بوو... سابیر بۆ ئەوەی لای ئاشکرابێ بۆ

کوێیان دەبەن لە دڵی خۆیەوە خۆرەکەی کردبووە نیشانە... ئەگەر خۆرەکە کەوتە لای دەستە چەپمەوە هەرپشتم لە خۆرئاوا مایەوە ئەوا دیارە بۆ کوێمان دەبەن... نەخێر ئەگەر ڕووم لە خۆرەکە بوو ئەوە بۆ شاری «کەرکووک دەمان بەن...»

ئۆتۆمۆبێلەکە خێرا نارِوات...جاربەجارێکیش هەر ئەوە نییە بوەستێ «دیارە هێشتا لەناو شارین».

کونی موشەماکە وەک شاشەیەکی خرِی بچووک ڕێزە دوکانێک پیشان دەدا... سەوزەی ناو دوکانەکان جوان و ڕێک دانراون... دایکم خەیاری بۆ هێنابووم، خۆم لێم نەخوارد بەسەر منالانی خانەخوێکەم دابەش کرد، خۆزی ئێستا خەیارێک بوایە و بمخواردبا...

چاو لە کونەکە ناترووکێنێ... ڕیزە کۆگایەک کەلوپەل و جلی هەمەچەشنە لەودیو جامخانەکانەوە هەڵواسراون، جلەکانم چڵکن و تۆزاوین، لەشم ئالۆشی هەیە، ئێستا لەسەر ئاوەسپی نەبی... بەخاووخلیچ وەکو هەموو جارێکم جلەکانم دادەکەند؛ لەسەر بەردە قۆقزەکانی نزیک تەنکە ئاوەکەم دادەنان هەندێ جار لەپێشدا دەمشۆرین و بەسەریەک دوو پنچکمدا دەدان... ئینجا دەچوومە نێرینەی ئاوەکەوە... ترومبێلەکان وەستان... ساردی ئاوەکە لەپێشدا مووچڕکی بەلەشتا دەهێنا... وا هەمدیس کەوتنە ڕێ... دەیەوێ زۆرترین جێگا و شوێن ببینێ... ئەوانەی بۆ بەردەمی پەتی سێدارەش دەبەن هەر چاو دەگێڕێ لە تەماشاکردن ناکەوێت... لە کونەکە چاو ناگوێزێتەوە... هیچ دیار نییە چۆڵییە، دەزانم کوێیە،... لە دوورەوە ڕیزە خانوویەک دیارن... دەزانم ئەوانە ماڵی کێن... هەمدیس وا ئۆتۆمۆبێلەکە هێواشی کردەوە، ئەمجارەیان لە ناکاو هێواشی کردەوە هەموویان بەرەو پێش لار دەبنەوە. گەرمیان پێکەنینێکی نیوەچڵی بۆ دەکات، سابیر بێ ئەوەی لە دەستەلاتیا بێ دەست دەخاتە سەرچۆکی ئەوەی بەرامبەری یەکێ لەو چەند کەسە بوو، کە ئەم بەیانییە لەگەڵ قاچ شکاوەکەدا هێنایانن، لاوێکی چاوگەشی خوێن گەرمی مووڕەش کە سەرنجەکانیان یەکانگیربوو بزەیان هاتێ، ترومبێلەکە تیژتر بووەوە وا لە





شار دەرچوون... ئەودیو کونەکە خەلەودانە. ئێستا زانیم بۆ کوێمان دەبەن... تکریت... سابیر کەوتە واڵە وردەوە... دەوروبەری ئاوەسپی سی تا چل ئاوایی دەبێ، هەر دێیەک هەشتا حەفتا ماڵی بێت، هەر ماڵێ بەلای کەمەوە حەوت کەسی تێدا بێ دەکاتە چەند... نزیکەی چل هەزارێک ئەی دێکانی هەردەی «زەنگەنە، ناو جافایەتی، لەولاوە تا دەگاتە خوێڵبێنەکە بەرەو خوار بەرەوە بۆ ناو جەباری، ناو شوان، دەوروبەری ڕۆخانە... ئای باوکەڕۆ... ئەمە کارەساتێکی گەورەیە... باشە ئەم هەموو خەڵکە لە کوێ جێگایان دەبێتەوە، زیندانی ئەوەندە گەورە لە کوێدا هەیە جێگای ئەم هەموو خەڵکەی تیا بێتەوە؟!...» هاپۆ دەستی برد کیسەکەی دەرهێنا جگەرە تێ بکات، یاساوڵەکە وەک لە منداڵ بخوڕێ بەسەریا نەڕاندی و کیسەکەی پێ هەڵگرتەوە... لاوە چاوگەشەکە بۆ ماوەیەک چاوی لە هاپۆ بڕی، گەرمیان سەری لە قەپرغەی سابیر توندکردووە و خەوی پیا کەوتووە، لاوەکە تەماشای سابیر دەکاتن لە سابیرەوە دەیگوێزێتەوە بۆ یاساوڵەکە، دەیەوێ بەچاو شتێک بە سابیر ڕابگەیەنێ... سابیر تێگەیشت... نیازی خراپە، تێدەگەم نیازی چییە، بۆ کوێ هەڵدێی ئێمە نازانین ئۆتۆمۆبێلمان لەدواوە هەیە یا نییە، نازانین، وا یاساوڵەکەمان گرت و چەکەکەیمان لەدەست دەرهێنا بۆ کوێ بڕۆین؟ دەمانگرن، نازانم چۆنی تێبگەیەنم کاری وا نەکات، سابیر لە دڵی خۆیا ئاوا بیری دەکردەوە، سابیر لێوێکی لێ قرپاند لێوی خۆی کرۆشت، لاوەکە هەناسەیەکی نائومێدی هەڵکێشا و تەماشایەکی پڕ لە گلەیی و سەرزەنشتی گرتە سابیر و سەری دانواند... لە پڕ ئۆتۆمۆبێلەکەیان لای سەند ماوەیەک بەسەر چەوەکەدا ڕۆیشت ئینجا وەستا، زەڵەزەڵ و گوڕەی ئیڤا و زیلەکان وای دەردەخست کە هەموو وەستا... سەربازەکە چمکێ چادرەکەی هەڵدایەوە تەماشا بکات، کەس لە پاشییانەوە نەبوو... لاوەکە هەمدیس تەماشایەکی پڕ لە گلەیی و سەرزەنشتی سابیری کرد، بەرگەی ئەو تەماشا ئاگراوییەی نەگرت سەری داخست... پاش ماوەیەکی کەم کەوتنە ڕێ، زۆر نەڕۆیشتن بەرەو خۆرهەڵات لایان سەند، ماوەیەکی کە ڕۆیشتن جارێکی کە وەستان... دایان بەزاندن...

دەشتاییەکی چۆڵ و هۆڵە... حەشاماتەکە بێ ژمارەیە ئەوسەری دیار نییە، دانشن بە مایکرۆفۆن ئەو فەرمانەیان دا. هەموو دانیشتن شوێنەکە تەلبەندێکی پانوبەرینە، لەو سەر تەلبەندەکەوە ڕیزە مەنگەڵەیەک دیارن، بەدەستە ڕاستیشدا چەند قاوشێک بە گەچ سپی کراونەتەوە، سەربازێکی زۆر ئەو ناوەی تەنیوە بە دەوری تەلبەندەکەوە بە چەکەوە ئامادە وەستاون. ژمارەیەکی زۆریش یاساوڵ بە دار و کێبلەوە دەورەی قەرەباڵغیەکەیان داوە...

«ئافرەتەکان لەلایەک پیاوانیش لەلایەکی تر ڕاوەستن» میکرۆفۆنەکە ئەم فەرمانەشی بەگوێ قەرەباڵغیەکەدا دا... هەرچەندە قەرەباڵغیەکە دڕنی دا و بەگوێرەی فەرمانەکە ئافرەتەکان بۆ لایەک جمان و پیاوانیش بەولاوە کەچی دەیان کەسی کێبڵ و داربەدەست لە خۆڕایی کەوتنە وێزەی خەڵکەکە دەستیان نەدەپارێزا، بەبێ هۆ کەوتنە وێزەی حەشاماتەکە، زیڕەی مناڵ و ئافرەت لەو دەشتە چۆڵەدا بەردی بەئاو دەکرد، دایک خۆی بەسەر مناڵەکەی دەدا دەکەوتە ژێر پێوە، ساواکەی لێ ون دەبوو، وا ئێستا حەشاماتەکە دوو برن... هاوار و گریانیشیان لەم کاتی زەردەپەڕەدا بەکەس نەدەگەیشت، ئەو هەزاران زارۆک و کچ و ئافرەت و ڕیش سپییانە هەمووی هەناسەی ساردیان بەگژ ئاسمانا دەکرد نەکەس چاوی لێیان بوو، نەکەسیش هاواریانی دەبیست، تەنها خۆری دەم کەڵی ئەم ئێوارەیە چاوی لەم دیمەنە بوو لە داخانا زەرد هەڵگەڕابوو بەڵام بۆ ئەوەی ئەویش نەبێتە شاهید و تۆمەتێکی گەورە لەسەرخۆی لاببات بە پەلەپڕووزێ لەودیو ئاسۆوە خۆی شاردەوە... نازانرێ فرمێسکی خوێنینی خۆرەکە بوو ئاسۆی وا سوور هەڵگەڕاند یاخود خوێنی جەستەی ئەو ئافرەت و منداڵانە بوو کە بەدەم قامچی و دونکییەوە بەئاسمانا پڕژا؟ نازانم فرمانێکی دیکەی میکرۆفۆنەکە بەرز بووەوە و «مناڵی نێرینە لە حەوت ساڵان بەرەو ژوور بابچنە لای پیاوان...». یەکێک ئەو فەرمانەی بەکوردی وتەوە... بووە قیژە و باوکەڕۆ، کێ دەتوانێ ئەو هاوار و قیژە وناڵینە بەر زەین و چاوی خەیاڵی خۆی بهێنێ... هەمدیس دونکی و قامچی بەرز دەبووەوە و بەشان





و باڵی ئەو منداڵانەدا دەدرا... زەبر و ئێشی دار و قامچی کۆڵی بەدایک نەدەدا، قامچی نەیدەتوانی قۆڵی ئەو دایکانە بترازێنێ کە لە مناڵەکەی ئاڵاندبوو، ئەوجا توندتر و باشتر خوێن فوارەی دەکرد... قۆڵی دایک بووەتە مەنگەنە و لە مناڵەکەی ئاڵاوە قامچی و دونکی شەرمەزار و ماندوو دەبوون، خوێن بە قامک و مەچەک و سەروگوێلاکا دەچۆڕێ، خوێنی دایک و مناڵەکەی تێکەڵ دەبوون... دایک بەم جۆرەش هێشتا مناڵەکەی بەرنادا، ئەمجارە یاساوڵێکی حەیتە قۆڵی دەگرێ و ڕایدەکێشێ... دایک لە حەژمەتا بۆ ئەوەی ئازار بەمناڵەکە نەگا، لە برسییێتیدا، لە ماندووبوونا هێزی تیا نەماوە، دەستی شل دەکات، وەک سەرکە پیازێک تووڕ هەڵدات، ئاوا یاساوڵەکە مناڵەکە تووڕ دەدات، دایکە ئۆفێکی لە زار دێتە دەر، وای لەو ئۆفە گران و پڕ ئازارە...

«وای دایکت کوێر بێ» وا دەڵێ بەکوڵ دەست بەگریان دەکات، گریان وا چۆن دەبێ! گریان نییە شتێکی ترە، کێ دەتوانێ لەو ساتانەدا تەماشای ڕووی ئەو دایکە بکات، لە گریان دەکەوێ ئەمجارە چاو دەگێڕێ تا بزانێ بۆ کوێیان برد... وا ئێستا ئەم حەشاماتە کە ئەمسەر و ئەوسەری دیار نییە، دوو بەشن، لایەک ئافرەتە و مناڵی بەرمەمکە و پیرەوکە، لایەکی دی لە حەوت ساڵانەوە تا پەککەوتە... بێ کەس و بێ دەستەڵات چەکدارێکی زۆر دەورەیان داون، هەموویان تووڕە و قین لە دڵ دیارن، نازاندرێ بۆ ئەوەندە ڕقیان لەم مرۆ سادە و بێ گوناهانە دەبێتەوە!!

ئافرەتەکان لە ناوەڕاست تەلبەندەکە دانیشتوون، ئەمجارە کەوتنە وێزەی پیاوەکانەوە بە لێدان و شەق و دار لە مەنگەڵەکانیان ئاخنین... مناڵەکان زۆربەیان زامدارن و جەستەیان خەڵتانی خوێنە... مەنگەڵەکە قەڵەباڵغە، سابیر چاو دەگێڕێ وا گەرمیان و هاپۆ خدر و حەمە غەریب لێرەن... نیوەی لەبەر بێ جێگایی بەپێوەن، سابیر چەند کەسێکی بینی ناسینیەوە... ئەوە قالەی هەیاسە ئەوە مەجید کاکەولا، ڕەشە گورێس. حەمە سێ سەر، ڕەشەی مەنیجی زنانەیی... لفتە...

کەس ورتەی لە دەم دەرنایەت، ڕەنگ زەرد و برسی و پەرێشان... ترس و

کڵۆڵی و نادیاری چارەنووس و بێ ئومێدی هەموو ئەمانە بەئاشکرا لە ڕوومەتی یەکە بەیەکەیاندا دیارە... زاق زاق تەماشا دەکەن و هیچ نابینن... کەسیان نازانن لەبەر چی وایان لێ دەکەن. ئەوانەی وا ئازاریان دەدەن تا ئێستا نەیان بینیون و باوکیان لە مزگەوتێکدا نوێژیان نەکردووە کەچی ئا بەم جۆرە ڕقیان لێیانە سەریان لەمە دەرناچێ... نازانم بۆ وا بەرقەوە تەماشایان دەکەن تاریک داهاتووە... ئافرەتەکان هێشتا وا لە ناوەڕاست تەڵبەندەکە دان... مەنگەڵەکانیش پڕن، گۆشت لەسەر گۆشت نیوەی بەپێوەن هاپۆ خدر لەم کاتەشدا کیسە توتنەکەی دەردەهێنێ...

– «حەفتا ساڵ تەمەنمە شتی وام نەدیوە!».

گەرمیان لە نێوان خۆی و سابیردا کروشکەی کردووە، بەدەم جگەرە تێکردنەوە تەماشای سابیری کرد.

– «خۆزی ئەمانکوژن و ڕزگارمان بێ... قیژ و پاڵی ئەو زەعیفانە ئەژنەوی؟.»

لە پەنجەرەکەوە ئافرەتەکان دیارن. هاپۆ و سابیر و حەمە غەریب پشتیان لە پەنجەرەکە بوو، کە قیژ و هاواری ئافرەتەکانیان بیست ئاوڕیان دایەوە. هەرچی لەناو مەنگەڵەکەدایە دەستی بەملە قوتێ کرد، دەیانویست بزانن چی ڕوودەدا... یاساوڵەکان وەکو بازن دەورەی ئافرەتەکانیان داوە... هەندێکیان پەلکێش دەکەن و لەناو قەرەباڵغیەکەیان دوور دەخەنەوە... وەکو چۆن باوەشیان لە مناڵەکان دەدا، ئاوا کە ئافرەتێک هەڵدەسێنن یەک دووانی کە پێوەی دەلکێن کەوا و کراسەکەی دەگرن هەمدیس دار و قامچی بەرز دەبێتەوە و دادەهێنرێ ئیتر بەر کێ و کوێ دەکەوێت گرنگ نەبوو... هەندێ لەو ئافرەتانەی جیایان دەکردەوە مناڵێکیشی بە باوەشەوە بوو، نزیکەی نیو سەعاتێکی خایاند... ئافرەتەکانیش وا ئێستا بوون بە دوو بڕەوە... ئەوانەی جیاکرانەوە بەپاڵ و لێدان بەرەو ژوورەکانی ئەولایان بردن... قیژە و گریان و ئای دایەی هەردوو بڕەکە، تێکەڵ یەک دەبوون، هاواریان دەچێتە کەشکەڵەی ئاسمان و کەس نییە بەدەنگیانەوە بێت...





گریان و هاواری ئەمجارەی ئافرەتەکان لە هاوار و قیژەیان کاتی جیاکردنەوەی منداڵەکان گڕتر و بەجۆشتر بوو...

گوربزێکی چوار شانە لەولای هاپۆ خدرەوە دانیشتبوو وەک مناڵێ پێڕەوکە بکات، ئاوا خۆی بۆلای پەنجەرەکە کردە کێش و، قەیرێ تەماشای دەرەوەی کرد لەپڕ وتی:

«ئەی ماڵی وێرانم خۆ ئەوە شەوبۆی کچمە...!» دەستبەجێ ڕەنگی گۆڕا، ڕەنگی خۆڵەمێشینی لێ نیشت، لە ڕووی مرۆیەکی خنکاو دەچوو کە ماوەیەکی زۆر لەبن ئاودا مابێتەوە، جەستەی دەستی بە لەرزین کرد؛ دەستی بەگلمەگلمە کرد هەندێکی دەبیسترا...

«خوایە مەرگ هەقە... ئەمانەت خۆتم لێ بستێنەوە... وای کچە سەنگینەکەم...» تا ئەو کاتە هەر لەباری پێڕەوییەکەیدا مابووەوە، سەری داخست... یەک دوو فرمێسک کەوتە سەر چەمەنتۆکە، پاش ماوەیەک سەری هەڵبڕی و دەست لەزرانی دانیشت... لەولاترەوە هەنسک و پڕمەی گریانی یەکێکی کە بەرز بووەوە...

«سابیر ڕۆڵە بەمەزەنە بۆ جیایان ئەکەنەوە...؟!»

هاپۆ بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ ئەو پرسیارەی کرد، سابیر وەڵامی پرسیارەکەی هاپۆی نەدایەوە... لە دڵی خۆیا و بۆخۆی وەڵامی دایەوە... «هەرچی خراپە ئەوە ئەکەن... کچە شەرمن و سەلارەکانی گەرمیان، چاکتان دەناسم و باش شارەزاتانم کە چەند داوێن پاکن... مخابن و هەزار حەیف، لەپێش باوک و برای خۆتاندا نانتان نەدەخوارد کە ئاوی خواساییشتان دەخواردەوە بهاتبایە چاوی باوک و برای خۆشتانیش دیار بوایە وەردەچەرخان تا ئاو خواردنەوەکەتانیان نەبینیایە!! تا دایک و براتان لە ماڵەوە بێ جامێ ئاو و دۆ بەدەست مێوانەوە نادەن، وا ئێستا چەند زرتە بۆزێک قۆڵتان دەگرن و سەروپێچەتان پەتی دەکەن! چمکی کەوا و کراستان ڕادەکێشن کوێر بم بۆ گرانی و سەنگینییەکەتان... بۆ تا زووە نامرن... هەرچیتان لێ بکەن ئێوە وەک شیری بەردایک ساف و بێ گەردن،

خاوێن و پاکن... کێ دەڵێ دەستی نامەردیتان بۆ درێژ ناکەن؟ بۆچی لێیان ناوەشێتەوە؟! خۆ یەکەم جاریان نییە، ئەو ساڵە لە ئاوایی (تۆکن) ئەو کەتنەیان نەکرد؟...

... ئەوەی نێرینە بوو لەترسی گرتن بۆی دەرچوو بوون، لە ئافرەت و منداڵ و پەککەوتە بەولاوە کەس لە ئاواییدا نەمابووەوە، چەند سەربازێک و ڕەوە جاشێک دێنە ناو ئاواییەوە... ماڵەکان دەشکێنن... ماڵی کاکەولاّ لەم پەڕەوە بوو دوو سەرباز دەچنە ژوورەوە تەنها حەبە لە ماڵە... حەبە لەژێر شوقە لەتەکە جاجمێکی بەخۆیا دادابوو و خۆی مت کردبوو... کە جاجمەکە ڕادەکێشن حەبە دەبینن؛ ئیتر بەزۆر توخنی دەکەون... ئێوارە کە ئاوایی دەگەڕێتەوە، کاکەولاّ لەناو حەوشەدا کۆمەڵێ زووخاڵ دەبینێ، تومەز حەبەیە و خۆی سوتاندووە و بەکۆمەڵێ زووخاڵ بووە... کاکەولاّش هەر بەو شەوە سەری خۆی هەڵدەگرێ و، ئێستەش کەس نەیزانی لە کوێیە...

کابرای گوربز کە تا ئەوکاتە تاس بردبوویەوە، بە ئاستەم مەچەکی هاپۆی گرت «هاپۆ...» چاوەڕێی نەکرد ئاوڕی لێ بداتەوە دەیویست یەکێکی دەست بکەوێ و کەمێ دەردی خۆی بۆ هەڵڕێژێ... «ئێمە چوار براین سیاێمان وا لێرەین... هەواڵی برا بچووکەکەمان نازانین، خێزانی هەر چوارمان ئا لەوێدان...» بەسەر هێمای بۆ دەرەوە کرد... «من دوو کچی عازەب و یەکێکی چوارساڵی و بەرمەمکەکیشمان هەیە... براکەم کە لە من خوارترە دوو کچ و دوو کوڕ، ئەوی تر کچێک و کوڕێک... برا بچووکەکەشم مانگێکە ژێمان بۆ گواستۆتەوە... یانی پانزە سەر خێزانین، تەنها باوکم بەر نەکەوتووە، ئەویش خوا و ڕاستان هەفتەیە لەمەوبەر بۆ مێوانی هاتۆتە (دووزخورماتوو) باش بوو نەگەڕایەوە... دەبێ مانی ئەویش دوای ئێمە چ تامێکی هەبێ... دە وەڵڵا لە ترسی بێ ئیمانی نەبوایە ئێستا خۆم دەکوشت...».

یەکێک لەولاوە گوێی لە قسەکانی بوو:

«باسی ئیمان و قیامەتم بۆ دەکات!...» هاپۆ هەرچەنێ سەری لەسەر





کیسە تووتنەکەی هەڵنەبڕی بەڵام خوڕان خوڕان فرمێسکی دەڕشت...

سابیر دەستی خستە سەرچۆکی

– «ناوی خزمەتت؟»

– «فەرەج شاوەیس»

– «کاکە فەرەج... هەموومان وەکو تۆین... ئەوەی تۆ لێرەدا ئەیبینی خوشک و دایک و برای ڕاپێچ کراوە با هەر یەکێ لە ئێمە شێر بەگوێ بگرێت بەڵام لەم بار و کاتەدا بێ دەسەڵاتین و هیچمان پێ ناکرێت، پیاو کە ئەسیر بوو و کەوتە دەست دوژمنێکی ئاوا نامەردەوە دەبێ چاوەڕێی هەموو شتێکی لێ بکات...».

هاپۆ بە قووڕگی پڕ گریانەوە وتی:

– «خوا چاوی لێیەتی دەبزانە چییان بەسەر بێنێ...».

دەنگەکەی کەمێ لەمەوپێش هەمدیس لە جێگاکەی خۆیەوە هاتە دەنگ:

«با... چۆن چاوی پێوە نییە...».

گەرمیان دەستی سابیری بەئاستەم لەقاندەوە تا ئاوڕی پێدایەوە:

– «بەشکو ئەمە خوایە دایکمم بینی؟». تا ئەوکاتە لە تەک هاپۆ دانیشتبوو چاوی لە دەمی فەرەج بڕیبوو... ئاوای گوت و تەماشای دەرەوەی کرد... وا جارێکی کە لەپڕ قیژە و هاوار بەرز بووەوە هەمدیس بەربوونەتە گیانیان... لەبەر مانگە شەوەکە دیارە... ئافرەتێک باوەشی لە ئافرەتێکی کە داوە دەیەوێ نەیبەن و جیای نەکەنەوە یا کچێتی یا خوشکی، دوو سەربازیش بۆ لای خۆیانیان پەلەکێش دەکرد، یەکێکی کەش بەدار لەو ئافرەتەی دەدات کە گرتوویەتی، دەست ناپارێزێ... تا لێکدابڕان.

وا چەند کەسێکی کەشیان پێش خۆیان دا، بەرەو ئەولا بردیانن، یەکێکیان پێی ڕێی نەدەگرت، دادەنیشت بەزۆر هەڵیاندەستاندەوە، ئەمجارە دانیشت و دەستی بەقژ ڕنینەوە کرد و هەر ئاوڕی دەدایەوە بەپێلەقە و قۆناغە تفەنگ هاتنە وێزەیدا، لە گریان کەوت، بەکێشیان کرد تا لە چاو ون بوو ئافرەتەکان کەمێ خامۆش بوونەوە، زەڵەزەڵ و گریانی

کەمێ پێش ئێستایان نەما... لەو بێدەنگییەدا پرمەی گریانێکی پەنگ خواردوو تەقییەوە... ئەوانەی بەر پەنجەرەکە چاویان لێ بوو، یەکێ بەناو ئافرەتەکاندا ڕۆیشت، لە شوێنێکدا وەستا یەکێکی بەر شەق و زیللە دا... گریانەکە نەما، ئافرەتەکانی کەش خۆیان مت کرد. ئەم مرۆ سادە و دڵسافانە ئەوەندە لە شت ورد نابنەوە، بەڵام سابیر خوێندەوار و دنیادیدە بوو جیاکردنەوەی ئافرەتەکانی بەکارێکی هەروا سانا و سادە نەدەهاتە بەرچاو، بیری کردەوە جارێک شتێکی ئاوای خوێندۆتەوە... سەردەمانێکی زوو، دوولایەن بەشەڕ دێن، لایەکی شکست دێنێ، زاڵبووەکانماڵی لایەنەکەی تر بەتاڵان دەبەن، بەوەشەوە ناوەستن کچ و ئافرەتیشیان پێش خۆیان دەدەن کە دەگەنە وڵاتی خۆیان ئافرەتەکان دابەش دەکەن...

«تۆ بڵێی ئاوا بکەن؟! بۆ نەو... ئەوەی ئەوەندە بێ بەزەیی بێ ئەمەش دەکات...».

دەیویست بڕوا بەهزرەکانی خۆی نەکات، سەری ڕادەوەشاند تا ئەو بۆچوونەی خۆی لە بیر بەرێتەوە... هەوڵەکەی بێ سوود بوو... ختوورەکە سەری دەکرد، دەبووە دیمەنێکی بینراو وا دێتە بەرچاوی، چاوی دەنووقاند ڕوونتر و ئاشکراتر دەبوو... بەدەست خۆی نەبوو وای بۆ دەچوو:

«کچە گەرمیانییەکی شەرمن و گەڕەواڵە، لە شێوەزمانە خواروخێچەکەی خۆی بەولاوە لە هیچ تایفە و میللەتێکی کە ناگات... دەیدەنە دەست نەناسیاوێکەوە... تۆ خێزانی ئەم پیاوەی... وای پێ دەڵێن ئەم تێناگات چی پێ دەڵێن... مەگەر کاتێک بزانی چییان پێ گوتووە، کە لەگەڵ حەیتەکەدا خۆی بەتەنیا دەبینێ... ئەو کاتە چ دەکات؟! چی لە دەست دێ؟! کێ گوێ لە هاواری دەگرێ؟... جا دەگری، بەکوڵ دەگری... دەپاڕێتەوە... دەستی کابرا ماچ دەکات و دەڵێ: خاوەن چوار برام... چوار پیاوی ناو مەجلیس... باوکم سەرتۆپ گەرمیان ئەیناسن... ماڵمان جێگای حەسانەوەی ڕێبوارانە... ئەمەم لەگەڵ نەکەی». حەیتەکە لێی ناگات و نازانێ بۆ دەپاڕێتەوە، ناچار دەبێ و... یا وەک کارەکەر و خزمەتکار لە ماڵێکدا دایدەنێن، نەدەزانی لەکوێ دایە نە لەچی لایەک... بەرەڵڵاشی بکەن ناتوانێ بگەڕێتەوە ناو





خوێش و خزمانی... ئێوە بڵێن یەکێ لە ژیانیدا لە سنووری ئاواییەکەی خۆیان بەولاوە هیچ کوێیەکی نەدیبێ دەتوانێ لە شارێکی دوورەوە بگەڕێتەوە؟!... جا ئێواران بۆخۆی دادەنیشێ، کزکز دادەنیشێ گەورە و بچووکی ئاوایی بەسەر دەکاتەوە، دایکی، باوکی، برا و کەسوکار و خەڵکی ئاواییەکەیانی بیر دەکەوێتەوە، ئەگری... ئەگری... بۆ بێکەسییەکەی خۆی دەگری و دەلاوێنێتەوە، بۆ بێ سەروشوێن بوونی کەسوکاری دەلاوێنێتەوە... ئەوەندە خەم دەخوات خواردنی پێ ناخورێت بۆ خۆی دەمری و ڕزگاری دەبێ...! لەوانەشە بەکۆمەڵ بیانکوژن و بەجارێ لەناویان بەرن...».

سابیر ئاوا بیری دەچوو و ئەو ختوورە سەیرانەی بەدڵا دەهات... دواجا خۆیشی دەیگوت ڕەنگە هەرواش نەبێ؛ خۆی بەخۆی دەگوت «کوێر چی دەوێ؟...»

***

گەلە گورگ ئاسا خۆیان بەمەنگەڵەکەدا کرد... شپڕزەن، ڕق و کینە لە ڕوویان دەبارێ... کەس هیچی پێ نەوتوون فزەی لە دەم دەرنەچووە کەچی وەکو سەگ دەڕشێنەوە... دوو سێ ئەفەنییان لەگەڵدایە، ئەوانەی کە دار و کێبڵ بەدەستن،... لەپڕ بە هێمای چاوی یەکێ لە ئەفەنییەکان کەوتنە وێزەی خەڵکەکە، وەکو ڕانەمەڕێک گەلەگورگی تێ کەوتبێ بەیەکا هاتن، بەسەر یەکا کەوتن، چەند مێرد منداڵێک کەوتنە ژێر پێوە... دار و کێبڵ بەرز دەکرێنەوە بۆ سەروگوێلاک و دەست و پشت و قاچی خەڵکەکە دادەهێنرا، ئیتر بەر کێ دەکەوێ بەلایانەوە گرنگ نەبوو... بەگوێرەی لێدانەکە هاوار کەمە، بۆ ماوەیەک دەستیان نەپاراست، ماندووبوون. هەناسەبڕکێیان پێ کەوت ئەوجا دەستیان ڕاگرت... زۆربەی سەری لەنێوان هەردوو ڕانیا شاردۆتەوە و دەستی بەسەرخۆیەوە گرتووە، ئەفەنییەکان بەناو خەڵکەکەدا دێن و دەچن، پێ بەدەست و قاچی دانیشتواندا دەنێن، لە ترسانا نەکەس جمە دەکات نەهاوار... لاوەکان جیا دەکەنەوە... هەڵیان دەسێنن و لە دەرگاکەی ئاودیو دەکەن... تۆ... تۆ... تۆ... ژمارەیەکی زۆریان جیا کردەوە...

ئافرەتەکان کە چاویان بەوەوە بوو لە جێگاکەی خۆیانەوە هەمدیس قیژە و گریان بەرز بووەوە، مەنگەڵەکانی ئەولاشیان هەروا لێ کرد... هەموو جارێکیش ئافرەتەکان دەستیان بەگریان و لەخۆدان دەکرد... هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی لاوەکان کەوتبووە سەر ئارەزوو و زەوقی ئەم دەستەیەی دەچوونە ناو مەنگەڵەکانەوە بۆ ئەم مەبەستە. لەگەڵ لاوەکاندا چەندین بەساڵاچوویان برد، زۆر لاویش بەری نەکەوت و مانەوە...

کە کشانەوە خەڵکەکە تاسابوون، سەرسام و زەنەق چوو تەماشای دەرگاکەیان دەکرد... کشومات و بێدەنگ، سەرسام و چاو ئەبڵەق و مات و ڕەنگ پەڕیو، تەماشای دەرگاکەیان دەکرد... نازانن کێیان برد و کێ مایەوە... باوک ئاگای لە کوڕی خۆی نییە... برا چاو دەگێڕێ بۆ برا... لەو بێدەنگییەدا ئا لەو کاتەدا فەرەج ناڵەی لێ هەڵسا:

«ئەوە خۆ ڕەسول و عەبدول دیار نین... ڕەسول... عەڤدل... خۆ دیار نین... بردنیانن... تەڵاقم کەوتبێ بردنیانن... ئای ماڵوێرانم... وا ناموسەکەمان لە دەست چوو، پشتیشم شکا...» دایکورکان... بۆ ماوەیەک هەر وا گریا کەسی بەدەنگەوە نەچوو... هەرکەسە و لە کۆستی خۆیا بوو... دواجار سەری خستە سەر چۆکی و مت بوو، گەرمیان خۆی خزاندبووە بن باڵی سابیرەوە... هاپۆ خدر مناڵ ئاسا دەمی داپچڕیبوو... هەرچی حەمە غەریبە ئەمە دوو ڕۆژە قسەی خواساییشی نەکردووە.

شەو درەنگە... مانگەشەوەکە حەوشەی مەنگەڵەکەی ڕۆشنا کردۆتەوە... ئافرەتەکان ئەوەندە گریان و لە خۆیان دا، ماندوو و شەکەت بێدەنگ و خامۆشن...

سەرەڕای ئەم هەموو پەت پەتی و مەینەتییەش زۆریان خەویان لێ کەوتووە!. تا هاپۆش شانی داداوە و مناڵ ئاسا خۆی گرمۆڵە کردووە، هەر ئەوەندەی منداڵێک دیار بوو، خەو بردبوویەوە، گەرمیان دەستی نابووە ژێر سەری و خەوتبوو... دەمەو شەبەق سابیر بۆ ماوەیەکی کەم خەو بردیەوە و گورج بەدەم خەونێکی ناخۆشەوە ڕاچەنی... تا ئەو دەمە فەرەج ئێوارە چۆن





دانیشتبوو نەیگۆڕیبوو... وا خەریکە تاریکی ماندوو دەبێ و پاشەکشێ دەکات.

لەناو ئافرەتەکانەوە «ئای ڕۆڵە ئای»ێک دوو سێ جار هاتە گوێی... ئای لەو کڕووزانەوەیەی ئەو دەمەو بەیانە چەند کاریگەر و ستەم بوو...

شەبەقی دابوو، لە دەرگای تەڵبەندەکەوە ئۆتۆمۆبێلێکی زۆر هاتنە ژوورەوە و لەو ڕاستییە وەستان ئافرەتەکانیان سوارکرد، هاپۆ خدر لێ بوو پرسی:

«ئەوە بۆ کوێیان دەبەن؟... وا دیارە ئێمەش دەبەن!!» سابیر چاوی بڕیبووە ئافرەتەکان وەرامی هاپۆی نەدایەوە... سابیر بیری بۆ لای شتێکی ترسناک دەچوو... دەیانەوێ بنبڕمان بکەن، کەسمان لە دوا جێ نەمێنێ، ئەگینا ئەو ئافرەتانە چییان پێ دەکرێت، ئەو مناڵە کە باوەشی ئەو ژنەوەیە... بۆیە هەر لەگەڵ گرتنماندا دەستیان بەوێرانکردنی خانووەکانمان کرد، نایانەوێ ئیتر بگەڕێینەوە... باشە شاری بێ ئاوایی دەبێ؟... شارەکانیش وەکو ئێمەیان بەسەر دێ... هاپۆ خدر دەیهێنێتەوە ژێر مەنگەڵەکە و دەپرسێ:

«تۆ بڵێی بمان گەڕێننەوە و بەرمان بدەن؟»

سابیر هەمدیس تەماشای هاپۆی کرد و بزەیەکی خەماوی گرتی... «نەخێر نامان گەڕێننەوە... لێمان دەترسن، وا دەزانن ئێمە گەورە و بچووکمان شیر لە هەسان دەسووین و یەکەیەکە سەریان دەبڕین بۆیە ئێژن بەرلەوەی ئەم بەچکە جنۆکانە سەرمان ببڕن، ئێمە خۆمان دەزانین چییان لێ دەکەین (تۆ)یان دەبڕینەوە» زیلەکان کەوتنە ڕێ، ئافرەتەکانیان برد و ڕۆیشتن... پۆپەی دار کاژێکی زەبەللاحی پشت ڕیزە خانووەکانی بەرامبەر زەرد هەڵگەڕا... لەم کاتەدا تەقە لە دەرگای مەنگەڵەکە هەڵسا، دەنگێکی ناساز نەڕاندی

«خۆتان ئامادە بکەن...»

– «ئەوە ئێژی چی؟» یەک دوانێ وایان گوت، یەکێکی کە وەرامی

دانەوە:

- «ئێژێ خۆتان حازرکەن».

ئەوەی تا ئەو دەمە خەوتبوو، زەڵەزەڵەکە بەئاگای هێنا، کە بینی خەڵکەکە ئامادە دانیشتوون، ئەوانیش بێ ئەوەی بپرسن چوارمەشقی ئامادە دانیشتن دەرگا کرایەوە، زیلەکانیان لێ پڕ دەکردن و دەکەوتنە ڕێ...

***

بۆ هەر لایەک چاو هەڵخەی لە ژێر پێتەوە تا چاو هەتەر دەکات هەر لمە... نەشینایییەک، نەسێبەرێ نابینی، تا پنچکە بۆز هەڵگەڕاوەکانیش و بەردی قۆقزی ئەو ناوەش لم و زیخ داپیۆشیبوون و بەحاڵ دیارن... لە دوور، لە ئاست ڕۆژهەڵاتەوە هەندێ گرد و تەپۆلکە دیارن، ئیتر بۆ کوێ دەڕوانی هیچت بەرچاو ناکەوێ تا ئاسمان و لمەکە لە ئاسۆ یەک دەگرنەوە... گەرماکەی هەناسە سوار دەکات، کاتێ نووزەیە با هەڵدەکات، بەئاستەمیش بێ، لمەکە دەورووژێنێ، سیرە مۆزە ئاسا لمە داخ بووەکە چزە لە ڕوومەت و دەست و پلی مرۆ هەڵدەستێنێ... «گەیشتین...». دوو یاساوڵی ناو ئۆتۆمۆبێلەکە ئەو مزگێنییەیان بە یەکتر دا... زۆری نەخایاند ئۆتۆمۆبێلەکان لەبەردەم قەڵایەکدا مۆڵیان خوارد...

ئۆتۆمۆبێلەکان لە ژمارە نایەن... سی و دوو سەعاتە، بەڕێوەن لە هەر شوێنێکیش ئەم کاروانی مەرگە ڕابوەستایە لە یاساوڵ و شوفێرەکان بەولاوە کەس دانەدەبەزی... لە هەموو پەرێشانتر منداڵان و پیرەمێردە پەککەوتەکان بوون، لە پەلوپۆ کەوتبوون، زۆرکەس بەتەمایان نەمابوون... وا ئافرەتەکان بەقنگە خشکێ دادەبەزن... لەگریان و هاوار کەوتوون، نە دەدوێن نە دەپرسن، جەستەیەکی سست و بێ هێز... ئەوەی لە مردوویەک جیایان دەکاتەوە، تەماشا و ڕوانینە سەیرەکەیانە، هەندێکیان لە ڕوانینیش کەوتووە و چاوی هەڵناسێ... بەئاستەم و لەسەرخۆ دەجووڵێنەوە.

«ڕیز دەبن». کەس گوێی بەم فەرمانە نەدا... هەروەک لەگەڵ ئەوانیانا نەبێ کەس خۆی تێک نەدا، لەوانەیە تێنەگەیشتبن... بەدەنگێکی گڕ و





توورەتر دووبارەیان کردەوە. «ڕیز بن...» کە ئەمجارەش گوێیان پێ نەدا، بەجارێ دەیان چەک بەدەست شاڵاویان بۆ ئەو لەشە داهێزراوانە هێنا... کەوتنە گیانیان، ئەوەندە لە گیانی خۆیان بێزاربوون، چەکەرەیان نەدەکرد هەروەک لەشی ئەوان نەبێ قۆناغە تڤەنگی بەردەکەوێ، تا هێز و تاقەتی ئاوڕدانەوەشیان تیا نەمابوو... «ڕیز بن»... «ڕیز دەبوون...».

هاپۆ خدر هەردوو قاچی بووەتە پەڕۆ، سابیر لە کۆڵی دەنێ و دایدەگرێت، ڕیشە سپییەکەی هاتووە، چاوە زیتەکانی، زیتی و وریایەکەی کوژاوەتەوە...

«سابیر مەعز بۆ خوا... خۆت و غیرەتت...» ئەمە خدرە وا دەپاڕێتەوە؟ دونیایە... ئەو خدرەیە کە دوای بانگی شێوان بارە تووتنی بەپێش خۆی دەدا و تفەنگی پێنج تیری لە شان دەکرد و بەتەنیا ڕێگای خاڵساتی لەبەردەنا شەبەق خۆی دەگەیاندە دەشتی قرفە، باروبنەی دەخست، چایەکی خەلیسی لێ دەنا و دەکەوتەوە ڕێ، بۆ ئێوارەش دەگەیییە مەنزڵ هەر ئەو شەوە تووتنەکەی بە خورما دەگۆڕی و شەبەق دەگەڕایەوە... کەس بەخۆیەوە نەنازێ ئەمە دونیایە...

- «جا غیرەت ماوە؟!» سابیر ئاوا وەرامی هاپۆی دایەوە و دای بەکۆڵا... هاپۆ سەری خستبووە سەر شانی سابیر و دەستی لە قۆڵی گیرکردبوو.

- «سابیر گیان ئێرە کوێیە؟».

- «هاپۆ نۆگرەی پێ ئەڵێن».

قەڵایەکی گەورەی دوو نهۆم، دەرگایەکی دوولایەنی ئاسنین لە ناوەڕاستی بیناکە دایە، بەملاو بەولای دەرگاکەدا بەدرێژایی چەند گاوخانێک لەسەر دوو نهۆم قەڵاکە دروست کراوە، لەوێشەوە پەرژینێکی بەرز کەمێ دەڕوات، ئینجا پێچ دەکاتەوە...

دەرگا کرایەوە ئافرەتەکانیان بردە ژوورەوە، سەعاتێک لەبەر هەتاوەکە وەستابوون هەندێ ئافرەت منداڵیان بەباوەشەوە بوو، تینی خۆرەکە ئاگری

بەسەر حەشاماتەکەدا دەپرژاند، هەندێ پیری بەساڵاچوو لەبەر گەرماکە بوورانەوە. ئەوانەی تەنیشتیان بە جەمەدانێ و مشکییەکانیان تەنکە سێبەرێکیان بۆ هەڵدەخستن... ڕیزەکە جووڵا.

نۆبەی پیاوانە... سابیر کە لەو ماوەیەدا هاپۆی لەسەر لەکە دانابوو، خستییەوە کۆڵی... لەپێشەوە پیرەمێردێک بەدەما کەوت، دووکەس چوونە ژێر باڵیەوە... لەودیو دەرگاکە ناونووس کران، ئەوانەی لە ئۆتۆمۆبێلەکەی سابیردا بوون بۆ نهۆمی سەرەوەیان بردن... قاوشەکە دوو پەنجەرەی بچووکی پێوەیە، دەڕواننە حەوشەیەکی بەربڵاو و بەرین... قاوشی ئافرەتەکان لە پەنجەرەکانەوە دیاربوو، هاپۆ بەحاڵ هەناسە دەدات، سەڵتەکەیان داکەند و خستیانە ژێر سەری...

– «ئا گەرمیان گیان بەم کڵاوە باوەشێنی بکە...».

بەدەم هەناسەبڕکێوە پچڕپچڕ وشەکانی لەدەم دەردەچوون،

– «ئافرەتەکانیان بۆ کوێ برد؟!».

– «وا بزانم لە قاوشەکەی خوارەوەن، سەر هەڵبڕی پەنجەرەی قاوشەکەیان ئەبینی...».

– «تۆ بڕوانە... هەندێ جەمەدانی و کەلوپەل و لەتە سەموون لەم ناوە کەوتوون وا دیارە پێش ئێمە خەڵکی کەی تیا بووە... ئەی ئەمانەیان بۆ کوێ بردووە؟...»

– «پێش ئەوەی بگەینە ئێرە بەلای ڕۆژهەڵاتدا لە دوورەوە قەڵایەکی کە دیاربوو ڕەنگە بۆ ئەوێیان بردبن...».

– «سابیر گیان... دەبینی توانای هاتوچۆم نەماوە بەقوربانە چیت ژنەوت و بینی بۆ هاپۆتی بگێڕەوە...».

گەرمیان و حەمە غەریب بەتەک یەکەوە خەویان لێ کەوتبوو، شەکەتی ئەو ڕێگا دوور و درێژە و برسێتی ئەم یەک دوو ڕۆژەی ڕابردوو بەجارێ ڕەنگ و سیمای ئەو خەڵکەی گۆڕیبوو، ئەگەر بێت و باش سەرنج نەدەی ناسیاوی خۆشت ناناسیەوە، بەم یەک دوو ڕۆژە چۆن ڕەنگیان پەڕیوە و





سیمایان گۆڕاوە، بڕوا ناکرێ ئەمە ئینسانەکانی هەفتەیەک لەمەوبەر بن، سەروریش هاتوو چاو چۆتە قووڵایی، بەگران چاویان هەڵدەستێ، وەک هەریەکە و دە ساڵێک خرابێتە سەر تەمەنیان...

بەمبەر و ئەوبەرا چوارمەشقی دانیشتوون، هەندێ جار بەقاوشەکەدا چاو دەگێڕن یا بۆ ناسیاوێک یا بۆ باوک و برا و خزمانیان چاویان دەگێڕا تا بزانن لێک جیا بوونەتەوە؟ یا بۆ قاوشێکی کەیان بردوون؟ وا خەریکن هەندێکیان جێ بۆ خۆیان خۆش دەکەن، ئەوەی بەتانییەکی پێ بوو ڕایخست هەندێ شتومەکی لە گونییەک دەرهێنا و گونییەکەی کردە ڕایەخ... هەندێکی کەش هەر لەسەر چەمەنتۆکە دەمەونخوون لێی کەوتن...

– سابیر چاوی بەقاوشەکەدا گێڕا لەبەرخۆیەوە گوتی «باشە لێک دانەبڕاوین... ئەمە هاپۆ گیانە، ئەوە حەمە غەریب ئەی گەرمیان، فەرەج دیار نییە؟!».

«عەسکەرێک بۆ ئەولا بردی».

لەم کاتەدا دوو یاساوڵ خۆیان بەقاوشەکەدا کرد، یەکێکیان چەتەوڵێکی سمێڵ بابڕ، گونییەکی بەشانەوە بوو، بێ ئەوەی هیچ بڵێ لە یەکەم کەسی تەنیشت دەرگاکەوە دەستی پێ کرد، هەریەکە و سەمونێکی فڕێ دەدایە بەردەمی، هەروەکو بۆ سەگی فڕێ بدا ئاوا تووڕی هەڵدەدا و نەیدەدایە دەستیانەوە، چەناگە قۆپاوەکەی هاوڕێشی دوو تەنەکە ئاوی دانا، وەستا تا هاوڕێکەی سەمموونەکانی دابەش کرد، چۆن هاتن ئاواش بێدەنگ دەرچوون...

هاپۆ بەنکەنک خۆی لە دەرگاکە نزیک کردەوە و شانی لێ گیر کرد:

– «سابیر بەقسەی هاپۆت بکە بەئەسپایی پێیان بێژە با دەست بەسەموونەکەوە بگرن و قنیات بکەن».

– «هاپۆ قنیاتی چی خۆی سەموونێکە، دواجار ئەمە چەنێکە نانیان نەخواردووە... چی هەڵگرن؟!».

زۆربەیان هێشتا یاساوڵەکان دەرنەچووبوون سەموونەکەی خۆیان فت

کردبوو... دووکەس بەلۆژە لۆژ خۆیان گەیاندە تەنەکە ئاوەکان... هیچ نەبوو پێی بخۆنەوە... ڕاوەستان یەکێکیان ویستی مژی پێوەبنێ، لە تەنەکەیەک نەوی... بۆی هەڵنەگیرا... هیچ ناڵێ و چاو دەگێڕێ لە کەنار پەنجەرەکەی تەنیشت هاپۆوە کوپێ فافۆن دانرابوو، بەدی کرد، بەکاوەخۆ هەستا، داچەمی کووپەکەی برد... لەسەریەکە سێ کوپی خواردەوە... یەک دووانێکی کەش هەستان و خۆیان گەیاندە ئاوەکە... هاپۆ چاوی لێ بوو خۆی پێ نەگیرا چونکێ دیوبەتی و دەزانێ تینوویەتی یانی چی... هاوینان کە ڕێگای خاڵساتی لەبەردەنا، پێش هەموو شتێ هەر لە ئێوارەوە مەتارەیە ئاوی ئامادە دەکرد، کە بەڕێ دەکەوت، بەپاڵانی وڵاخەکەی گرێ دەدا، تینووشی بوایە تا نەگەیشتایەتە دەشتی قرفە لێی نەدەخواردەوە... بۆ جارێکیان مەتارەت لەبیر نەچێ!! کە لە حەمرین ئاودیو دەبێ و دەکەوێتە ئەو دەشتە چۆڵە، دەیەوێ ئاوبخواتەوە، دەس بۆ مەتارە دەبا، مەتارە نییە دەک شەیتان بەنەعلەت بێ... وا دەڵێ و دڵی دادەخورپێ، هەر قۆناغێ خۆی بۆ ڕاگیر دەکرێ... تینوویەتی زۆری لێ دەستێنێ... چاوی دەکەوێتە ڕمل لێدان، چاوی هەڵدەگلۆفێ پارە ناکات، شتی سەیر سەیری دەهاتە بەرچاو... ئاقلی دەکات مەچەکی لە ڕەشمەی وڵاخەکەی دەئاڵێنێ و توند پاڵانەکەی دەگرێت... نووچ دەدا و خۆی دەگرێتەوە... چاوی ڕەشکە و پێشکە دەکات... وا یەکێک لەپێشەوەیە و شەربەیێ ئاوی پێیە. هەرچەند تەکان دەدات ئەو دوورتر دەبێتەوە... دەیەوێ بانگی بکات زوانی بووەتە پەلاس و لە دەمیا ناگەڕێ، ئیتر ئاگای لە خۆی نامێنێ... کاتێ چاوی دەکاتەوە یەک دوو کاروانی بەدیار سەریەوەن و ئاو دەپرژێننە سەروچاویەوە... «ڕاوەستێ برا دەست بەئاوەکەوە بگرن...». کەمێ وەستا، کەس ورتەی نەکرد، بەڵام چاویان لە هاپۆ بڕیبوو، درێژەی بەقسەکانی دا:

«هەموو وەک یەک شەکەت و ماندووین... من دیومە و دەزانم تینوویەتی یانی چی، بەڵام با دەست بەئاوەکەوە بگرین نەکو لەمە زیاتر ئاومان پێ نەدەن... با هەریەکە و کووپێ زیاتر نەخواتەوە...» ئەوانەی لەوەودوا بۆ ئاوخواردنەوە هەڵدەستان، سەرو کووپیان دەخواردەوە و دەگەڕانەوە





جێگاکانی خۆیان...

وتوویانە مرۆ لە دۆزەخیش ڕادێ و گوزەران دەکات... ئەم توخمە ئینسانە چی زیندەوەرێکی سەرسەختە، چ توانایەکی بێ سنوور لەبن نەهاتووی هەیە... ئافەرین بەرگەی ئەم هەموو پەن و وەینامیە بگری، بەرامبەر ئەم هەموو ئازار و برسێتی و مەینەتییە ڕاوەستێ... بەدیوەکەی تردا، ئەوەندە دڵڕەق و بێ بەزەیی بێت!! چۆن دڵت دێنێ ئاوا نان و ئاو لە مرۆیەکی کە بشاریتەوە و زاق زاقیش تەماشا بکەی... ئەم مرۆیە چ سەیرە و چ دڕندەیەکیشە... باشە من سەرم لەمە دەرناچێ بۆ وا وردە وردە دەمان کوژن؟... بۆ بەجارێ بەچاو نووقاندنێک هەموومان فت ناکەن... نەء برسیمان دەکەن توانای هیچمان نامێنێ... هەتا لە پیاوەتیش دەکەوین... مەبەستیانە لە هەموو ڕوویەکەوە بڕووخێین مرۆ کە برسی دەبێ ناتوانێ بەچاکی بیر بکاتەوە... بەڵام سەر لەوە دەرناکەم بۆ وامان لێ دەکەن، ئەمانە وا دەزانن ئێمە زیادەین، وا دەزانن ئێمە نەبین ئاسوودە دەژین و گوزەرانیان باشتر دەبێ، ئەوەندە بەرچاو تەنگن ئەم دونیا فراوانە جێگای ئەوانیش و ئێمە و ئی تریشی لێ دەبێتەوە...

***

ئەم ئێوارەیە یەکەم ئێوارەی ئەم قەڵا بەدناوەیە وا لە خوارەوە زەڵەزەڵی ئافرەتەکان دێ... یەک دوو مناڵ لە یەک کاتدا دەگرین. گریانی یەکێکیان بەرزتر و بەجۆشتر دێتە بەرگوێ... وا ئەوانی کە کڕبوونەوە کەچی ئەویان هەر دەگری... دایە... ئای دایە... دایە... وا ئەویش ماندوو بوو زۆری نەبرد لە گریان کەوت، یەک دووانێ لەوپەڕی قاوشەکەوە هاتنە لای پەنجەرەکەوە گوێیان هەڵخست، بەڵام گریانەکە نەمابوو بێدەنگ گەڕانەوە بۆ ئەوە هاتبوون کوڵیان دەگرد تا بەدەنگ گریانەکان مناڵەکانیان بناسنەوە...! گەرمیان لێرەش سەری بە پەنجەرەکەوە ناوە... دەبێ ئەمجارە بەتەمای چی بێ؟ وا دەچێ ئەلهای دایکی بکا و وای دانابێ لەوێدایە... هەندێک لە بێزاریدا نازانێ چی بکات، هەر لە شوێنەکەی خۆیەوە ڕاستەپێ دەوەستێ، قەدەرێ لەو بارە دەمێنێتەوە، هەمدیس دادەنیشێ.

هەندێکی کەیان بە چپە بۆ یەک دەدوێن، هەمووکەسێ دەزانێ چی دەڵێن... هەرچەندە لە نیوەڕۆوە گەیشتوونەتە ئێرە کەچی ئێستاش هەندێ جار بەمەلاو بەولادا چاو دەگێڕن، سابیر هاتە سەرچۆک بۆ بنەوەی قاوشەکەی ڕوانی، بەئەسپایی و هەروەک بۆخۆی بدوێ «... ئەوە لفتەیە... ئەوە عەلەی مەنسوورە... ئەوە عەزە بنەکەیی... یاسین... حاجی وەهاب... عەزە نەگبەت... حاجی گونیە... ئەوە هاپۆ خۆ کەسیان نەبواردووە!...» هاپۆ ڕووی لە سابیر کرد «سابیر فریای هاپۆت بکەوە... تووتنم پێ نەماوە...».

– «هاپۆ لێرە تووتن لە کوێ دەست دەکەوێ، خەڵکی نان نییە بیخوات تۆ داوای تووتن دەکەی؟».

سەرەڕای ئەمەش ڕووی کردە قاوشەکە و بە دەنگێکی بەرز ڕووی لێیان نا:

– «ئا ڕەحمەتی خواتان لێ بێ، کێ جگەرەی پێیە؟...».

کەس ورتەی نەکرد، بێدەنگییەکی قووڵ قاوشەکەی گرتەوە... لە سووچەکەی بنەوە زەلامێکی کەڵەگەتی مسری گۆشت، ڕیش ماش و برنج ئاغر و لەسەرخۆ، کە دونیادیدەنی پێوە دیاربوو هەستا و بۆ لای هاپۆ هات... هەر بەڕێوە بوو دەیویست شتێک بڵێ بەڵام هیچی نەگوت تا لەپاین هاپۆوە چوار مەشقی دانیشت، ئەوجا دەستی پێ کرد:

«کوڕینە... ئێمە تیا چووین... وا لە ماڵ و منداڵ دابڕاین» وەک ئەمە چەنێک بێ بەدوای یەکێکدا بگەڕێ و تا دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ وا ئێستا هاپۆی دەست کەوت و بە هەلی زانیوە... «بڕوا بکەن چواردە سەر خێزانم بێ سەروشوێنە... بچووکەکەی چوار مانگانە، دوو سەد سەر مەڕ، ئەسپێک، تراکتۆرێ، بە بەرچاوەمەوە بەتاڵانیان برد... جێگای چوار تەغار زەویم تۆ کردووە، تا پشتوێنە هاتووە، بەپێوە ما... لەوە ناخۆشتر نییە پیاو باسی خۆی بکات، ئەو دیوەخانەمە شەو و ڕۆژ بێ مێوان نەبووە، وا ئێستا دوای سێ ڕۆژ برسییێتی سەمموونێکی کەڕوو لێداوم وەکو بۆ سەگ فڕێ بدەن، ئاوا بۆم توورِ هەڵدەدا... نەمردایەم جارێکی کە زەوییەکانی





دەوروبەری گابەردم بکێڵایە و هەر لەوێ نان و دۆیەکم بخواردایە، بۆخۆم بمردایەم... بەڵام دڵم خەبەری داوە ئەمەم جارێکی کە بۆ هەڵناکەوێ و ئەم حەسرەتەم دەبەمە ژێر گڵەوە...».

هاپۆ چاوی بڕیبوو. دەستی جگەرەکەی بداتێ کە بەدەستییەوە بوو، بەڵام لەسەری ڕۆیشت... «لە هەمووی خراپتر ئاگامان لە ناموسمان بڕاوە و نازانین بۆ کوێیانیان بردن... قەومەکان مردن لەم حاڵە چاکتر نییە؟ بەڵام ڕۆح لە جێگایەکی سەختایە و بەئاسانی دەرناچێ... گەلێ بەندی دەربەدەریم بینیوە و هەرگیز وەکو ئەمجارەیان دڵم نەترساوە... مەعز بۆ خوا هەریەکێ لە ئێمە یەکێکی بینی یەکتر ئاگادار بکەینەوە... ئەگەر نەناسیش بوو بزانین کوێندەرییە و کێیە و ئەویش کێی بینیوە... من شکور ئاوڕەحمانم... خەڵکی ئاوایی وارانیم... کەسیش نازانێ کێ پێش ئەوی تر دەمرێ و... ئەمە دونیایە، با گرێ و خواستی دڵی خۆمان بۆ یەکتر بێژین...».

قاوشەکە هەمووی گوێی قووت کردبووەوە، گوێیان لە قسەکانی گرتبوو...، جگەرەکەی بۆ هاپۆ درێژکرد... گورج دایگیرساند و دەستی بەمژلێدانی کرد...

لەم کاتەدا دوو یاساوڵ هاتنە قاوشەکەوە، ئەو دووەی پێشوو نەبوون، یەکێکیان چون سەگی ناو دەغڵودان سەری بەرز گرت و نەڕاندی:

«اسمعوا...» هەموو بێدەنگ بوون

«منو بیکم یعرف عربي؟...».

سابیر هەستایە پێ... سابیریان تێگەیاند: «بەیانی و ئێوارە یەکێکی کە لەگەڵ خۆتا دێنی سەموون و ئاو دێننە ناو قاوشەکە...» سابیریش مەبەستی هاتنەکەیانی بۆ قاوشەکە گێڕایەوە...

«وا دیارە هیچی کەمان پێ نادەن تا سبەینێ!» یەکێ ئاوای گوت... هاپۆ وەک یەکێ قسەی سواربێ بەنیمچە تووڕەبوونێکەوە ڕووی دەمی لە قاوشەکە کرد «نەخێر نایدەن... ئەی ئەم ڕیشە بەخۆڕایی سپی بووە...

نەمگوت... دە پیاوی چاک بن ئەوەی پارچە سەموونێکی لێ دەمێنێتەوە با بۆ ئەو مناڵانەی بەلاوە بنێ کە بەرگەی برسێتی ناگرن...».

کەس لەو بڕوایەدا نەبوو، یەکێک هەبێ ئەوەندەی بان نینۆکێکی پێ مابێتەوە... لەم کاتەدا هاپۆ بەشپرزەییەکەوە بۆ سەڵتەکەی گەڕا، دۆزییەوە دەستی برد لە گیرفانی سەڵتەکەیدا نیوە سەموونێکی دەرهێنا و دایە دەستی گەرمیانەوە... گەرمیانیش بەشەرمێکەوە لە دەستی وەرگرت...

وا خۆر چۆتە زەردە، کەچی ئاسۆ لێڵ و تاریک دەڕوانێ! تەپوتۆزی لم و زیخ ئاسۆی لێڵ کردووە، هەندێ جار باکە بەهێزتر دەبوو، لە پەنجەرە بچووکەکانی بن میچەکەوە لم و زیخی بەقاوشەکەدا دەکرد، ئەوەندەی کە ئەو دەمەو ئێوارەیەی دڵتەنگ و ناخۆشتر دەکرد، هەندێک هەناسەیان سواربوو دەستیان بە کۆکەکۆک کرد... دەنگێکیش بەئاستەم هەر ئەوەندەی ژوورەکە دەیبیست و نەیدەبیست... دەنگێکی خەماوی زیاتر لەگریان دەچوو لەوەی لە گۆرانی بچێ، بۆکرووزی قاوشەکەی تاس پێ بردووە و کپ و خامۆشتری کرد... ئەوەی بە چپە لەگەڵ یەکێکی کەدا دەدوا لە چپە کەوتن، ئەوەی لەسەر دەم لێی ڕمابوو سەری گرتە قووتەوە... دەنگەکە «ئای ئاییێکی» بەسۆز بوو، زامی کۆنە و نوێی کولاندەوە، بۆکرووزی ئاوی زایاندە چاوی وشکی هەمووان و هەناسەی ساردیشی بەکەسانێ هەڵکێشا...

«کۆن ئەو دڵ دیدەش بەرایی بدۆ(*)
وە گەرمیاندا بدێو وە بێ تۆ
ئیسە کێن پەی سەیر دڵ نەئاهەنگ بۆ
وەبێ تۆ دیدەم مەردڵ جە سەنگ بۆ
هەوارگەی ماتەم، گوزەرگە بێ ڕەنگ
شۆنەکەم پڕ خەم، سەیرانگە دڵتەنگ»

چۆن لە ئاوایی «قەلا» لە شایی و شەوەکەژ و کێشە و خەرمانان و گەڕانەوەی ئێوارانی سەر پەرێز، بەدەنگە تەلیسماوییەکەی بە ئەللاوەیسی





و خاوکەر و ئای ئاییێک ئەوەی گوێی لێ بوایە ماندوویەتی دەردەچوو، ئا لێرەش لەم کۆستەدا فرمێسکی پێ ڕژاندن و بۆ ماوەی گۆرانییەکە بۆ ئەو هەردە و پێ دەشتانەی لای خۆیانیانی گەڕاندەوە...

«لفتەیە... لفتەیە...» یەک دوو کەس ئاوای گوت: «خۆ ئەمە لفتەش لێرەیە...» یەکێکی کەش بەسەرسامییەکەوە وەک هەواڵ بەقاوشەکە بدات یەک دوو جار ئەوەی دووبارە کردەوە...

سابیریش ویستی بە هاپۆ و شکوری بناسێنێ، کە تا ئەو دەمە، شوکر ئای ئایەکە چەناگەی بەسەر سنگیا پێ شۆڕ کردبووەوە، لەسەرخۆ وتی:

«چاکی دەناسم... قەلایی نییە... لە دووز کابرایەکی جاش بۆی گێڕامەوە... گوتی: خێزانێک بەمێوانی هاتبووە قەلا... لەگەڵ وەلە کاکیدا ژن و ژنخوازن، ئەوانیشیان هێناوە...».

لەپڕ زەڵەزەڵ و قیژە و گریانی یەک دوو ئافرەت بەرز بووەوە... ئەوانەی لەبن قاوشەکەوە بوون هەستان و خۆیان گەیاندە لای پەنجەرەکە...

«صابر... صابر...» لە حەوشەوە یاساوڵێک ئاوا بانگی لە سابیر کرد.

«سابیر تۆ ئەچڕن...» هاپۆ وای گوت. لەم دەمەدا یاساوڵێک گەیشتە بەر دەرگای قاوشەکە...

«صابر...»

«بەڵێ...» سابیر، چووە خوارەوە. گەرمیان لە هەموو زیاتر پەرۆشی بەر پەنجەرەکە بوو، خۆی پێوە نوساندبوو بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، چی دەدی بۆ هاپۆی دەگێڕایەوە:

«ئەوە کاکە سابیر و عەسکەرێک چوونە ژووری ئافرەتەکانەوە،».

ئافرەتێک بەکوڵ دەگریا، ئۆف و هەناسە هەڵکێشانی دەگەیشتە لایان ئاگری لەمانیش بەردەدا... «ئەوە دەرچوون، کاکە سابیر شتێکی بەباوەشەوەیە» گریانەکە هەر بەردەوامە... «ئەوە عەسکەرێک بەدارەکەی دەستی لە پەنجەرەکە دەدات...» زۆری نەخایاند سابیر گەڕایەوە، دەوریان دا تا بزانن چی ڕووی داوە، چوار مەشقی دانشت و سەری دانواند...

– «کاکە پیمان بڵێ شتێ بووە؟» یەکێ ئەو پرسیارەی لێ کرد...

– «منالێکی ساوا مرد...»

– « نەتزانی منالی کێ بوو؟...» دوو کەس بەجارێ وایان گوت، نزیکتر بوونەوە... هێشتا وەڵامی نەدابووەوە، یەکێکی کە هەڵی دایە:

– «ئا بەقوربانە... نەتزانی؟»

«نەخێر... نەمزانی منالی کێیە، بەڵام کە سبەی چوومەوە ئەپرسم...» . دوای کەمێ وەستان... «منالێکی یەکجار زۆری لێیە، هەندێکیان بەتەنیان... لە برسانا لاڵ و پاڵ کەوتوون، بڕوا ناکەم بمێنن، ئافرەتێ بەدەم گریانەوە گوێم لێ بوو دەیگوت: هەر داوای خەیاری لە دایکی دەکرد، دایکیشی نەعلێکی منالانەی سەوزی دابووە دەستی کە گیانی دەرچوو نەعلەکە بەسەر سنگیەوە بوو...» .

«ئەی ماڵی کاولم... بێ بەزەییتی بەم ڕادەیە؟ خۆیان منالیان نییە!» یەکێک دیاربوو گریان قورگی گرتبوو ئاوای گوت، قسەکانی بۆ تەواو نەکرا پرمەی لە گریان دا.

«بڕوا ناکەم ئەوەی بەسەر ئێمەدا هاتووە بەسەر کەسی کەدا هاتبێ...»

«خۆزی خەتایەکمان کردبێ... نازانین لەسەر چی و لە پای چی بەم دەردەمان دەبەن؟!» .

«هەرچی لە ئێمە دەکەن قەینا، منال و ئافرەت بۆ...؟!» .

«نەیانهێشت قەومێل نەیانهێشت بێ زگم بدرن... وتیان ناهێلین کەس زیانی لێ بکەوێ... کەسیش بۆ شار نەچێ و ڕەو مەکەن... بەچاوی خۆشتان بینیتان چۆن بەجێیان هێشتین و خشەیان لێ کرد و بۆی دەرچوون و ئێمەیان بەجێ هێشت...» .

«تۆ بڵێی خوا ئەم جەورە نەبینێ؟!»

«ئەبینێ و دەنگیش ناکات...» ئاوا هەریەکە و لە شوێنی خۆیەوە شتێکی دەگوت و خەم و قینی خۆی بە با دەدا... شکور ئاوڕەحمان دەیویست شتێ بڵێ، چەند جارێ دەمی کردەوە بێتە گفت، ماوەیان پێ





نەدا، نەیدەزانی ڕووی دەمی لە کێ بکات، ئاخریەکەی فرسەتی هێنا.

«هەرچی ئێژن بێژن پوولێکی قەڵپ ناهێنێ... ئێوە خەمێکی ئەو منالانە بخۆن...»

سابیر تا ئەوەدەمە تاس بردبوویەوە بیری لەو ئافرەت و منداڵانە دەکردەوە.بەئەسپایی لەژێر لێوەوە وتی:

«تۆ بڵێی شتێکمان پێ بکرێت؟»

«ئا... هەوڵێکە و ئەیدەین... ئەگەر سبەی نانیان بۆ هێناین هەریەکە و پارچەیە بەلاوە بنێت، خۆ بەو لەتە نانە لەبرسا نامرین!... جا تۆش هەرچۆنی دەبێ بگەینیە دەستیان...» یەکێک لە شوێنەکەی خۆیەوە هەستا و لەپێش سابیر چپەکەی کرد «ئا ئێژم برا بێ چەند ساڵان بوو؟»

«بۆ؟»

«ئێژم منالەکە چەند ساڵان ئەبوو... برا بچووکت پێنج ساڵ لەمەوبەر حەبەم گواستەوە... منالمان نەئەبوو. چووینە سەر مەزاری پیاوچاکان، چەند جارێ زیارەتی مەرقەدەکەی قادرکەرەمم کرد تا خوا منالێکی پێ بەخشیم، ئەو ڕۆژەی لێمان قەوما دوو ڕۆژ بوو چلەی چووبوو، لێرەش کە لە پاسەکە دابەزین لە دوورەوە حەبەم بینی شێرەی بە باوەشەوە بوو...» زۆرتری پێ بوو سابیر نەیهێشت تەواوی بکات.

«نەخێر برا ئەو منالە چوار پێنج ساڵان بوو...» کە دڵنیا بوو چۆن بەبێدەنگی هاتبوو، ئاواش گەڕایەوە جێگاکەی خۆی.

هاپۆ کە تا ئەوکاتە خەریکی جگەرەکێشان بوو دوا مژی لە جگەرەکەی دا و تفێکی کردە نێو لەپی خۆی و جگەرەکەی لەناو لەپیا کوژاندەوە، وەک لەناو پەرێزی پەڵە گەنمێکی لای خۆیان دانیشتبێ...

«سابیر ئەی کێ کفن و دفنی ئەکات؟»

«کفنی چی هاپۆ... بە بەتانییەکەیان پێچاوەتەوە لەو بن دیوارەیان داناوە... تا سبەینێ گوایە من لە دەرەوەی قەڵاکە بینێژم... تۆ باسی چیم بۆ

ئەکەی ڕەحمەت لە باوکت...».

«ئای لەم کافرستانییە...!»

دەنگەکەی کەمێ لەمەوپێش هەمدیس هەڵی دایە:

«ئەمەش ئەبینێ؟...»

شوکور وەرچەرخا بۆ ئەو لایەی ئەو دەنگەی لێوە هات، هەستایە پێ و بەدەم خۆ تەکاندنەوە وتی:

«کفر مەکە ڕۆڵە...»

«لەوەتی خۆم ناسیوەتەوە نوێژ و ڕۆژیم لەدەست نەداوە... هەموو ساڵێ زەکاتی پەز و ماڵم دەرکردووە ئەوەی خوا پێی خۆش نەدەهات نەمان دەکرد کەچی... خۆت دەبینی...» گوێی لە بۆڵەبۆڵی کابرا نەگرت، جگەرەیەکی کەی دایە دەست هاپۆوە، هاپۆش گورج لە دەستی وەرگرت، بەپەلە پێی گوت:

– «تۆ پێت نەوتم خەڵکی کام ئاواییت؟»

– «ئاوایی ما هاپۆ؟... زەینیشت کوێر بووە... من چاکت دەناسم... لەبیرتە لەسەر گاوخانە زەوییەکی ڕەقەن و گەچۆڕ زنانەی خواروو و ژووروو بەینیان تێکچوو بوو؟... چەند پیاوماقوڵێکی ئەو ئاواییانە کەوتینە نێوانیانەوە... ئاشتمان کردنەوە تۆش لەوێ بووی... دوای نانخواردن نیشانمان دانا، کێ بوو...؟

– «کوڕە نەڵێی... دەک پیری بەقوڕاچێ... تۆ شوکوری؟» کردیە گاڵەیەک نەبێتەوە، وەک لەبیری چووبێ ئێستا لەکوێدایە... ویستی هەستێ شوکر دەستی خستە سەرشانی و داینایەوە...

«شەکەت و ماندووم و لەمە زیاتر توانای دانیشتنم نەماوە...».

***

هەریەکە و لە ئاستی خۆیەوە لێی کەوتبوو... سەرەڕای خەمی ماڵ و خێزان و بێ سەروشوێنیان، تاریکی داهاتبوو، یەکجارەکی برسێتییەکە لە پەلوپۆی خستبوون... مرۆ کە برسێتی زیفی لێ سەند لە هەموو کەسێ





زیاتر خەمی خۆی دەخوات، کە برسێتییەکەشی درێژەی کێشا، مێشک و هۆش و بیری تا ڕادەیەک پەکیان دەکەوێ... بیر بۆ زۆر شت ناچێ... کەمتر ڕابردوو و یادەکانی دێتەوە یاد... کاتێ یادی ڕابردووی بکاتەوە، پچڕپچڕ و بزڕکاو دێتەوە یادی... ناتوانێ وەک مرۆیەکی تێروتەسەڵ نەخشە بۆ داهاتووی دابنێ... تا ڕادەیەکیش تووڕە و گرژ و مۆنی بەسەریا زاڵ دەبێ... هەندێ خووی جوانی مرۆ هەیە وەک بەزەیی پێداهاتن و سۆز و یارمەتی، ئەمانەشی تیا کەم دەبێتەوە، ئەمانیش هەر لە ئێستاوە لەم نیشانانەیان لێ وەدەرکەوتووە...

سابیر گوێی لە دووکەس بوو لەگەڵ یەکتردا دەدوان... یەکێکیان بەویکەی دەگوت: «هەیە و نییە تاقە سەموونێکە، ئەویش نیوەی مەخۆ...! ئەی لەبرسا بمرین؟...».

سابیر بەری بەلایانەوە نەکرد، حەزیشی نەکرد بزانێ ئەوانە کێن؟... لەگەڵ خۆیدا کەوتە واڵا ورد: «... بڕوا ناکەم بتوانین فریایان بکەوین... کەم کەسیش ئامادەیە لە دەمی خۆی بگرێتەوە و بەو منالانەی بدا... ئەوەتا نابینی چی ئەڵێن... ئەوەی من بینیم کەس نەیبینێ، بۆخۆم تووشی ئەم گێچەڵە کرد؟... بۆ وتم عەرەبی دەزانم!! بەڵام قەیناکە هەرنەبێ چۆڕێ ئاو دەدەمە دەم منالێکەوە... هەرنەبێ دەزانم لەم قەلایە چی ڕوو دەدات... وا زانیم... ئێ... هەر نەبێ خۆمی پێوە دەخلافێنم و ڕۆژەکەی پێوە ڕەت دەکەم... ئێ بەشکو دەرچووین...».

گەرمیان سەری لار ببووەوە... نیازی بوو هەستێ و بیخاتەوە سەر جێگاکەی خۆی، لەبەر شەکەتی و ماندوویەتی هەڵنەسا... پێی درێژ کرد... دوو سەگ لە دەرەوە بەگەرمی دەوەڕین... یەکێکیان لە دواییدا نووزایەوە و لەوەڕین کەوت... ئەوەکەشیان وەڕینەکەی خاوکردەوە، وا ئەویش کپ بوو... یەک دوو منالّ لەیەک کاتدا دەگرین، ماوەیەک هەر گریان... ئەوانیش ماندووبوون، جار نەجارێ یەکێکیان زریکەیەکی بۆ دەکرد... «بۆ وا دەگری کوێت دێشێ؟ ڕەنگە برسیت بێ؟ ئازارت هەیە؟ بگری تا خوا هەقت دەسێنێ...».

سابیر کە گوێی لە گریانی منداڵەکە بوو، شوانەکەی کەوتەوە بیر... لەم کاتەدا تەماشایەکی حەمە غەریبی کرد، نوستبوو... پێڵووی قورس بوو... (چوار پێنج کەس لە نزیک دارتووەکە، لەپاڵ حەیارەکەی زبە بێوەژن دانیشتوون... سابیر بەپێوەیە. لە دوور چەند تارماییەک دیارن... هەریەکە و لە شوێنەکەی خۆیەوە مەزنەی لێ دەدا... سێ کەسن، نەء چوارن... ئافرەتێکیان لەگەڵدایە... جار نەجارێ تەپۆڵکە و گردەکان تارماییەکان دەشارنەوە، زۆری نەخایاند دیارکەوتن... وا گەیشتنە سەرچەمە خوێڕی، نزیکی ماڵی خەلیفە چەقۆ بوونەوە، ناسران، خۆ ئەوە دایکمە!!... سابیر بەتاو بەرەو پیری دەچێ... هەر ڕادەکات و ناگاتە ئەو شوێنەی دایکی لێ بینی!!... چەند کەسێکی نەناس پێشی لێ دەگرن... لێیان دەپاڕێتەوە: دایکم بۆ سەردانی من هاتووە، پێدەکەنن... دایکی لە دوورەوە لە سنگ دەدا... گریانێک دێتە گوێی دەنگی دایکی نییە... منداڵێکە بەکوڵ دەگری». داچڵەکا... قاوشەکە کشوماتە لەبنەوە ئاگری جگەرەیەک دەبینێ «شوکورە». لە جێگاکەی خۆی چوارمەشقی دانیشتووە و جگەرە دەکێشێ... حەمە غەریب وا لەودیو گەرمیانەوەیە... چاوی بڕیوەتە بنمیچەکە کە زانی سابیر بەئاگایە، وەرچەرخا، کەوتە سەر لا، بانگی کرد...

– «سابیر... سابیر...»

– «حەمە غەریب نەخەوتووی؟».

– «سابیر خۆ تۆ شوانەی من دەناسیت؟».

سابیر لەوە ترسا یەکێ بۆی گێڕابێتەوە، وەک برووسکەش دیمەنەکەی هاتەوە بەرچاو. چاوەڕێی نەکرد بزانێ سابیر چی دەڵێ:

– «لەبیرتە سابیر کە جاربەجار دەهاتی بۆ شت کڕین، هەر لە هەگبەکەی خۆم یەک دوو نوقڵت لە مشتی دەنا.»

– «بێ قەزابێ حەمە غەریب چی ئەوەی بیر خستیتەوە؟»

– «ڕاستیم پێ بڵێ ئەو منداڵە کە مردووە شوانە نییە؟» کە دەدوا وەک بپاڕێتەوە وابوو، دەتگوت هەر ئێستا لەپرمەی گریان دەدات «ببێ و





نەبێ زانیوبەتی» لە دڵی خۆیا وای دەگوت.

– «تۆ باسی چی دەکەی؟ کام منداڵ؟».

– «ئەو منداڵەی ئێوارە مرد...» کەوای گوت سابیر هۆشێکی هاتەوە و وتی:

– «بێ قەزا بی شوانەی چی، بۆ من شوانەم نەبینیوە...!»

– «ئەی زبێدت نەبینی لەناو ئافرەتەکاندا؟...»

– «ئەمجارە کە چوومەوە ناویان چاو دەگێڕم...»

هەناسەیەکی هەڵکێشا و هەمدیس لەسەر پشت پاڵ کەوتەوە و چاوی لە بنمیچەکە بڕی... «بڕوا ناکەم لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا شتێکی ئاوا ڕووی دابێ... (دە) و (بیست) و (پەنجا) و بگرە تا سەد کەسێک بەکۆمەڵ کوژراون، بەڵام ئەمە بنبڕکردنە، لە ڕیشە دەرهێنانە، هەندێ ئاژەڵ کە خەریکە بنبڕ دەبن، دەپارێزرێن، ناهێڵن کەس ڕاویان بکات، تۆ بڵێی کەسێ هەبێ قسەیەکی خێرمان بۆ بکات؟ باشە ئێمە چ زیانێک بە دەوروبەرەکانمان دەگەیەنین؟ من بشمکوژن ناتوانم منداڵێک... ئینسانێک بکوژم... ئەمە چ ڕقێکە، چ دڵڕەشییەکە...

***

شەبەقی دابوو یەکەیەکە بەئاگا هاتن. وەک چاوەڕێی شتێکی نادیار بکەن، لەسەر جێگاکەی خۆیان کزکز چوارمەشقی دانیشتبوون، تیشکی ڕۆژێکی کاڵ بەرەبەرە وا گەییبە سەر تەڵبەندەکەی سەر پەرژینەکە، جار ناجارێ با کە قوم و لمەکەی دەوروژاند وا بەربینایی دەگرت حەوشە و پەرژینەکە نەدەبینرا... سابیر دەبوایە بچێتە خوارەوە، سەموون و ئاو بۆ قاوشەکە بێنێ... یەکێکی لەگەڵ خۆدا برد و سەموون و ئاوەکەی هێنا... «هەریەکە و سەموونێک... چەندی لێ مایەوە، هەندێکی بۆ ئەم منداڵانەی ئێرە ئەوەی دوایی بۆ منداڵانی قاوشی ئافرەتەکان...». شوکور لە جێگاکەی خۆیەوە ئاوای گوت... کەس دەنگی نەکرد... هەرکە سەموونەکەیان وەردەگرت یەکسەر دەستیان بەخواردنی دەکرد.

«پیاوی چاک بن من شتێک ئێژم کەس لێم نەگرێ و لۆمەم نەکات.».

قاوشەکە هەمووی گوێی لەو دەنگە بوو... کەمێ وەستا چاوەڕێی ئەوەی دەکرد یەکێک بڵێ «فەرموو». کەس ورتەی لەدەم نەهاتە دەرێ... کە زانی دەنگ نەبوو دەستی پێ کردەوە: «ئێژم... ئێمەش بنیادەمین تاقە سەموونێک چۆن بەشی زەلامێک دەکات... ئەگەر مایەوە... ئەوە با بۆ قاوشەکەی خۆمان بمێنێتەوە...» زۆر کەس سەری بۆ دەلەقاندەوە... ئەوەی وای گوت کەوایەکی ڕەشی بێ قۆڵی لەبەرابوو، هاتبووە سەر چۆک کاتێ لە قسەکانی بووەوە بۆ ماوەیەک هەر لەو بارە مایەوە، وەک مۆمیا کرابێ نەدەجوولا چاوەڕێی «ئەشهەدو»یەکی دەکرد لە خەڵکەکە... هەمدیس بەخێر و شەڕ کەس لێوی نەدەبزووت! بەڵام هەموویان قسەی کەوا لەبەرەکەیان پێ باش بوو، «پێنجی تیا ماوەتەوە...» سابیر دەستی بەگونیەکەدا کرد و سەموونەکانی دەرهێنا...

«دووی بۆ منالانی ئەوێ... ئەو دوای لای هاپۆ دانێ کێ برسیێتی زۆری بۆ هێنا با ئەو بیخوات...».

شوکر لە شوێنەکەی خۆیەوە ئەو فتوایەی دا و هەموو لایەکی پێ ڕازی کرد... وا لە خوارەوە بانگی سابیر دەکەن... تەرمی ئەو منداڵەی دوێنێ مرد، چۆن ئێوارە بەبەتانییەکەوە پێچرابووەوە تا ئەوکاتە هەروەکو خۆی لەپاڵ پەرژینەکەدا دانرابوو، توێژاڵێ لمی بەسەرەوە بوو... لەولاترەوە تەرمێکی کەش دانرابوو، تەنها گونییەکی گوشی بەسەرا درابوو،... سابیر بەئەسپایی گونییەکەی بەرزکردەوە... ناسییەوە... «خۆ ئەمە ڕەزای فەریقە شەلە... خۆیەتی خەڵکی ئاوایی چەورییە... ئا خۆیەتی...»... هێشتا هەر تەماشای تەرمەکەی دەکرد، یاساوڵەکە پێی ڕاگەیاند یەکێکی کەش ماوە... مەبەستی ئەوەبوو کە یەکێکی کەش مردووە و تەرمەکەی لە ژوورەوەیە... یاساوڵەکە بە سەر هێمایەکی بۆ سابیرکرد و... بەرەو قاوشی ئافرەتەکان چوو، سابیر کەوتە دوای... چوونە ژوورەوە... بۆنی پێستەی گەنیو لە قاوشەکە دەهات هەناسەی خنکاو و بۆنی پیسی منداڵ پیاوی وڕ دەکرد، بەنێوان ئافرەتەکاندا ڕۆیشتن تا گەیشتنە لای ژنێکی سەوزەی چاوگەش،





بەڵام ئازار و مەینەتی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو بەئاشکرا کاری خۆی لێ کردبوو... ڕوومەتە قۆپاوەکەی خۆی بەنینۆک کێڵابوو، وەک ماقی پەڕیبێ بێدەنگ دەیڕوانییە مناڵەکەی باوەشی... دیاربوو ئەوەندە گریابوو فرمێسک لە چاویا وشکی کردبوو، سابیر دواجار ئەمانەی ئاوا بۆ قاوشەکە گێڕابووەوە: (... بەئەسپایی لەسەرخۆ دەستم برد و لە باوەشیم دەرهێنا، خۆم پێ نەگیرا لەم کاتەدا فرمێسک بەچاوما هاتە خوارەوە، فرمێسکێ کەوتە سەر دەستی دایکەکە تەنها لەو کاتەدا چاوی لە مناڵەکەی ترازاند و تەماشایەکی کردم، تەماشاکردن و لەپرمەی گریاندانی یەکێ بوو، یەکسەر ناسیمی منیش ناسیمەوە... بەپەلە سەموونەکانم فڕێدایە باوەشی و مناڵە مردووەکەم لەباوەش گرت، وەک جگەرگۆشەیەکی خۆمم بەسینگەوە نووساند و بەپەلە دەرچووم...»

تەرم بوو بە سێ... بوونە سەر قافڵەی گۆڕی غەریبان...

یاساوڵێک خاکەنازێکی هێنا... بۆ یارمەتیدانی سابیر لە قاوشێکی کەوە یەکێکی تریان هێنا...

«یا الله...»

«بە چی بیانبەین؟!».

یاساوڵەکە دەستی بۆ عارەبانەیەکی دەستی درێژکرد، لەو جۆرە عارەبانانەی کە بۆ گواستنەوەی چەو و چیمەنتۆی گیراوە بەکاردێ لە بیناسازیدا...

«ئا بەمە!؟»

«بەڵێ...».

یاساوڵەکە وای گوت و چوو باوەشی لە تەرمی یەکێ لە منداڵەکان دا و خستیە ناو زگی عارەبانەکەوە، هەرخۆی تەرمی منداڵەکەی کەی هێنا و بەتەنیشت ئەوی کەیانەوە داینا... ئینجا چووە لای قاچی تەرمی ڕەزا و ئیشارەتێکی بۆ سابیر کرد، کە لای سەریەوە هەڵی گرێت ئەویشیان خستە سەر عارەبانەکەوە... لێوارێکی دەفەی شانی کەوتە سەری، ئەستوورایی

هەردوو ڕانیشی بەسەر ئەو لێوارەکەیەوە مایەوە...

زەلامێکی کەڵەگەت بوو، لەلایەکەوە سەری شۆڕ بۆوە و سابیر تاسابوو... ناشتن و تەرم بەڕێ خستنی وای نەدیوە کە تەماشای تەرمەکەی کرد، وای هاتە بەرچاو بزەیەکی سەیر کەوتۆتە سەر لێوی، ڕەنگە خۆی گاڵتەی بەم جۆرە ناشتنەی هەبێت...

وا عارەبانە دەستییەکە سێ تەرمی تێدایە، تەرمی دوو منداڵەکە و تەرمەکەی «ڕەزا»ش سابیر لەدوای عارەبانەکەوە وەستا، چووە نێوان هەردوو دەسکەکەیەوە. کەمێ داچەمی، هەردوو دەستی لێ گیرکرد، وای زانی قورسە و بۆی پاڵ نانرێ، کەچی سووک بۆ پێشەوە چوو... یەکەم ڕۆژی کرێکاریەتیم عارەبانەیەکی ئاوایان دایە دەستم... هیچ پشوویەکی هاوین دانەدەنیشتم... پانزە ساڵان دەبووم باوکم بۆ ماڵی خاڵوانی ناردم لە (ئۆمەربل) بەدوو هێستر شەغرەکێشیم کرد... کە هاتینە شار بەهاوینان گەچ و چەو و چیمەنتۆم بۆ بەردەستی وەستا نەقڵی دەبرد... یەکەم جار بۆم پاڵ نەنرا، کرێکارەکان پێکەنین وتیان: لە مەکتەب فێری ئەمە نەبووە،... ناولەپم گڕی گرت، وەک دوو ئەسکڵ لە ناو لەپمدا بێ وا بوو... سوور هەڵگەڕان... زۆری نەبرد تۆقڵەیان کرد، لە ڕووشم نەدەهات ئاشکرای بکەم، مەگەر هەر خۆم بزانم ئەو ڕۆژەم چۆن بردە سەر، ئێوارە دایکم جامێ خەنەی بۆ گرتمەوە هەردوو لەپمی لە خەنە گرت... کە ماڵە هاوسێکان خەنەیان دەگرتەوە، دایکمیان بانگ دەکرد، منیشی دەبرد... منداڵە لاسارەکان لەبن دەستی دایک و خوشکەکانیانەوە پنتکە خەنەیان دەدزی و لە حەوشە منداڵان کۆ دەبوونەوە لە گون و سەری کێری خۆیانیان دەدا... یەکێ لەو منداڵانە ئەو ناوەی تا ئێستاش لێی نەبۆتەوە... ڕەشە خەنە... ڕەنگە ئەویش هەر لێرە بێ...

«ڕاوەستە وریابە بەرەوە بوو...» ئەم وریاکردنەوە کتوپڕە هێنایەوە خۆی... تەرمەکەی ڕەزا شۆڕبۆتەوە تۆزێکی مابوو سەری لە لمەکەی بخشێ، ڕاوەستان... ڕێکیان خست... بەمەلاوبەلادا دەهاتن... ئەو کابرایەی بۆ یارمەتی سابیریان بانگ کردبوو، داچەمی لەپێشەوە عارەبانەکەی ڕاکێشا،





لە دەرگایەکی بچووک چوونە ئەودیو پەرژینەکەوە... تا چاو هەتەر دەکات لمە... پێچکەی عارەبانەکە تا نیوەی لە لمەکە نیشت بەهەرسێکیان دوای ماندووبوونێکی زۆر چەند سەد هەنگاوێک لە پەرژینەکە دوورکەوتنەوە. وەستان. یاساوڵەکە وتی: «ئا لێرە...» وای گوت و خاکەنازەکەی فڕێدایە سەر لمەکە، ترپەیەکی خنکاوی لێوە هات... سابیر بەدەوروبەری خۆیا چاوی هەڵخست... «یا الله» یاساوڵەکە بەو تەماشاکردنەی سابیر ڕازی نەبوو بەلای ڕۆژهەڵاتدا لە دوور قەڵایەکی کەی بینی ڕەنگە ئەو قەڵایەش پڕ بێ لە دڵی خۆیەوە وای گوت کابرای هاوڕێی... کابرایەکی مام ناوەندی موو زەردێکی چاوشین، لەبەر تینی گەرماکە سوور بووەوە... سەڵتەکەی داکەند چاکی کەواکەی بەتۆپی پشتوێنەکەیا کرد. خاکەنازەکەی بەدەستەوە گرت، چووە پشتا، وای زانی ئەو دەشتەی لای خۆیانە، کە دای هێنا دەمی خاکەنازەکە لە لمەکە نوقم بوو دیار نەما... کە زانی پێویست بەوە ناکات، خاکەنازەکەی بەلاوەنا و بەهەردوو چنگی قومەکەی لادەدا... یەک دوو بست لمەکەیان لادا، دەستیان دای لە تاوێر زانیان لەوە زیاتر بۆیان قووڵ ناکرێت... هەرسێکیشیان بە ڕیز دانا «با ڕوو لە قیبلە بن» سابیر بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی هەبێ وتی: «فەرقی چییە؟...» بە «نابێ قوربان نابێ» وەڵامی دایەوە...

لمەکەیان بەسەریانا کردەوە، تەرمەکان دیار نەمان. هەستان کابرا موو زەردەکە وەستا فاتیحایان بۆ بخوێنن، سابیریش چاوی لەو کرد و وەستا و دەستی پان کردەوە... یاساوڵەکە لەم کاتەدا دوورکەوتبووەوە، لای کردەوە بەدەنگێکی بەرز وتی: «نایەوێ بابە نایەوێ...!».

«تۆ خەڵکی کوێیی؟» سابیر لەژێر لێوەوە ئەو پرسیارەی لێ کرد:

– «داروەسەرە... بەندە مەلا مەحموودی مەلا ساڵحم پێ ئێژن... لەو دێیە تەنها من کەوتمە ئەملا... باقی جەمعی ئاوایی و ئاواییەکانی ئەولای ئێمە بۆ شوێنێکی کەیان بردوون، بەندە ئەو ڕۆژە بەمیوانی هاتبوومە برایم غولام» دەیویست زۆرتر بلێ سابیر لێی پرسی:

«هاپۆ خدر ئەناسی؟» .

«چاکی ئەناسم... پێکەوەن؟ عــەرز و ســەلامم بۆی هەیە» هەمــدیس عارەبانەکەی پاڵ نا و بەرەو قەلاکە گەڕانەوە بەدەم پاڵنانی عارەبانەکەوە کەوتبووە گێژەنی بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە...

کەس نازانێ کەی دەمرێ و لەکوێ دەنێژرێی... ئای ڕەحمەت لە گۆڕت چاکت فەرمووە:

«ســەوزەی خــاک چاک یاران هام فــەرد(*)
فــرەمــان وە فــەرش بەزمی هوێمــان کــەرد
کــو ســەوزەی ئێمــەش لەکــام هەردێ بۆ
وە فــەرش مــەجلیس کــام هام فــەردێ بۆ...»

ئەوەی لێــرە بنێــژرێ لە ســەوزەی خــاکــیش بێ بەری دەبێ... وا دیارە هەمــوومــان، ئەوەی لەم قــەڵایە دایە یەک لەدوای یەک ئەم لمە دەبێــتــە گۆڕمان... گۆڕ غەریب دەکەوین... گۆڕی چی، تۆزێ لم بەسەرماندا دەدرێت نەکەس فرمێسکمان بۆ دەڕێژێ نەیەکێک هەیە خەممان بۆ بخوات، دوور لە دۆست و هاوڕێ... دوور لە خوێش و خزم و دایک و باوک... هەمــوو ئەو ئەشکەنجە و دەردەسەرییەش بەلام خۆمانا دەبەینە گۆڕەوە بێ ئەوەی کەس بزانێ چۆن دەژین و چۆن دەمرین... با ڕۆژانە چیم بینی بینووسمەوە... جا وا نووســیــشم دەســتی کێ دەکــەوێ... نەء ڕۆژانە بۆ هاپۆ و گــەرمــیــانی دەگێڕمەوە... بەڵکو ئەمە دونیایە خوا و ڕاسان یەکێک ڕزگاری بوو...» .

«ئەرێ مەلا بۆ وامان لێ دەکەن و بەم دەردە چووین؟»

«ولا تدري نفس بأي أرض تموت»

«ئاوا... ئەی تۆ بۆ لە داروەسەرە نەمری و لەم قرفەیە سەگ بتخوات؟!... ها...»

«قل لن يصيبنا...»

نەیهێشت لەسەری بڕوات «بەسیەتی مەلا...»





لەبەر دەرگا بچووکەکەی پەرژینەکە یەک دوو گەماڵ لمۆزیان بەسەر دەستیانا درێژکردبوو، هەر لەخۆیانەوە مڕەمڕیان بوو...

«مەلا مەحموود، تۆ سەگی وا گەورەت بینیوە یەکێ بەقەد جاشێکە؟!...»

«هەزار جاش بەقوربانیان بێ...» وەرامە کوتوپڕەکەی ئاوڕی بەسابیر دایەوە...

مەلا مەحموود لای گرت، دەترسا تاوی لێ بدەن... تومەز ئەوان ئەو مڕەمڕەیان بۆ شتێکی کەیە.

***

خاکەناز و عارەبانەکەیان دانا... دایکی منالەکە لەبەر پەنجەرەکە دانیشتبوو، کە سابیری بینی دەستی بەگریان کرد، بەدەم گریانەوە بەر پەنجەرەکەی بەردا و لەناو قاوشەکە لەچاو ون بوو...

... وا دەزانم دوێنێیە... چەند ڕۆژێک بوو بۆ ئاوایی قەلا چووبووم سەیدە هاتەلام کە قسەی دەکرد ئەچووە تکا «هـ هـ ە م ب ب ۆ بە خێ یـ ر ها هاتنت ها هاتووم، هـ هـ م س بـ ە یـ نـ ێ ددەچ یـ ین بـ بـ ووک ددێنین ئەبـ بـ ێ لەگەڵـ لـماندا بێی...» بەیانی زوو دوو جێب و تراکتۆر و عارەبانەیەک کەوتینە ڕێ بەرەو ئۆمەر سۆفی... لە پاین دێکەوە وەستاین. باوکی سەیدە تکای لێ کردین تەقە نەکەین وتی: خۆتان دەزانن ئۆمەر سۆفی کەمێ تونە تەبیعەتن با شایییەکەمان لێ تێک نەدەن... ئەم دڵبەری حازرمان بە بووکی برد... تا درەنگانێ لەبن دارتووەکە ڕەشبەلەک بەری نەدا... کێ دەیگوت ئاوامان بەسەردێ... ئەبێ سەیدە لە کوێ بێ؟....

چووە سەرەوە کە پێی ناوە ناو قاوشەکەوە هەمــوو چاویان لێ بڕی... بەجارێ چەند کەسێک هاتنە تەنیشتیەوە، یەک دوانێک نەهاتنە لای، بەلام لە جێگاکەی خۆیانەوە بەپێوە ڕاوەستان و گوێیان شل کردبوو...

«سەموونەکانم گەیاند... ئەوەی ڕاستی بێ ئەو منالەی دوێنێم نەناسی... بەلام ئەوەی ئەمڕۆ... چیتان لێ بشارمەوە منالی سەیدەی جەبارە درێژ بوو... دڵبەرم بینی با بینێمە دەستتان: هەر منالێک لەو قاوشە بێت

مەگەر خوا نەیکوژێ ئەگینا مانەوەی زەحمەتە... ڕەزای فەریقە شەلیشمان ناشت... کابرایەکی داروەسەریم لەگەڵدا بوو مەلا مەحموودی ناوە... هاپۆ سەڵاوی لێ دەکردی «وەی سەرچاو» هاپۆ وای گوت «توخوا چۆنە؟» یەکێکی کە لەولاوە هەڵی دایە و وتی: «دە وەڵڵا من سەیدەم بینی... کاتێ ئێمەیان بۆ ئێرە هێنا ئەویان بۆ قاوشەکانی ئەوسەر برد».

«برای چاک بن خۆمان هێز و توانامان تیا نەماوە کەوتووینەتە بارێکی ئاواوە، یەکێکیش هەواڵی مردنی کەسێکی خۆت پێ بدا... من دەڵێم هەر باسی نەکەن چاکترە...» شوکور ئاوڕەحمان لەسەرخۆ لە جێگاکەی خۆیەوە هەستا و هاتە نێوان سابیر و هاپۆ خدرەوە... نیوە جگەرەیەکی بەدەستەوەبوو، بۆ هاپۆی داگیرساند و دایە دەستییەوە... هاپۆ لێی وەرگرت و لەسەریەک کەوتە مژلێدانی، لەنێوان لێویا مایەوە تا گەرمی گەیاندێ، ئەوجا لە نێوان لێوی دەرهێنا و لە زەوییەکەی خشاند... «ئێژم سابیر» کەمێ وەستا «ئەو یاساوڵەی لەگەڵتانا بۆ ناشتنی مردووەکان دێت... ناتوانێ...» «چی... بۆچی؟...».

«بەقسەی خۆش نەرمی کەی لێی بپاڕێیتەوە، هەرچۆنی بێ هەواڵێکی ئەو ئافرەتانەمان پێ بڵێ... ڕەنگە بزانێ چیمان لێ ئەکەن... تا کەی لێرەمان ئەهێڵنەوە؟...»

«بڕوا ناکەم... بەڵام بەشکو خوا و ڕاسان یەکێکیان تیا هەبێ تۆزقاڵێ بەزەیی لە لا مابێ...» ئەمانە بورغی مەکینەیەکی گەورەن، ئەوە بۆ سیساڵ دەچێ فێریان دەکەن چۆنمان لەناوبەرن... ڕاستییەکەی دوو هەزار ساڵە ئێمە مەترسی کارێکی وامان بەسەرەوەیە... هاپۆ خدر دەمی داپچڕی و بەسەرسامییەوە پرسی:

«چییان لە ئێمە ئەوێ؟»

***

برسییێتی و گەرمای هاوینی ئەو بیابانە، پەژارە و خەم، هەناسەی ساردی لێکدابڕانی منداڵ و خێزان و بێ سەروشوێن بوونیان توانا و





سەبری بەکەس نەدەهێشت، بەرگەی ئەم هەموو مەینەتییەیان نەدەگرت، ڕۆژ نەبوو تەرمی پێنج شەش کەسێ...چ منداڵ و چ ئافرەت و بەساڵاچوو بەژێر ئەو لم و زیخانەوە نەکەین... ئەوەش کە ماوە ڕەنگی مردووی لێ نیشتووە... ئەمڕۆ گگ ڕەنگی لە ڕوو نەماوە، سەر گۆناکانی پەڵەپەڵەی ڕەشی لێ پەیدابووە... وا تەماشام دەکات «گگ ئەوە چیتە؟ نەخۆشی؟». گەرمیان دەنگ ناکات... چاوەکانی ئاویان تێ دەزێ... سابیر دەستی بەزەیی و باوکایەتی بەسەریا دێنێ... «برسیتە؟» دەنگ ناکات و وەڵامی پرسیارەکە ناداتەوە «ئەمجارە هەواڵێکی دایکم بۆ بپرسە...» کەمێ وەستا ئاوی چاوی سەری کرد و بەسەر گۆنا ژاکاوەکانیا ڕێچکەی بەست...

«لەبیرم چوو دایکت ناوی چی بوو؟».

«شەمەی دەروێش حەسەن...»

«سەرچاو گەرمیان گیان... سبەی... دە تۆ هەستە...».

بەئەسپایی سەری هەڵگرت و خستییە سەر ڕانی خۆیەوە «تای لێ هاتووە...» سابیر لەبەرخۆیەوە وای گوت...

***

لەبەرئەوەی بەتەمای دەرچوون نەبوون و ئومێدبڕ بووبوون، ڕۆژەکانیان نەدەژمارد... ئەوەندە دەزانن ماوەیەکە وا لێرەن، هاوینە و گەرماکە پەرێشانی کردوون، هەندێکیش هەر گەرماکە کوشتنی... قاوشەکەیان تەنک بۆتەوە و ئەو گۆشت لەبان گۆشت و قەڵەباڵغییەکەی هەوەڵ جاری نەماوە... چاشتێکی درەنگ لە سووچی دەرگاکە مقۆمقۆ پەیدابوو، «ئای چۆڕێ ئاو... ئا زووکەن...» یەکێ بە شپرزەیی و دەنگێکی بەرز وای وت، هەرخۆی تاوی دا بادەیە ئاوی بەپەلە بۆ برد... ئاوەکەی نەگەیاندە دەنگی... «قەومەکان خۆ مرد!» ئاوا هەواڵی مردنی کابرای بەقاوشەکە ڕاگەیاند... لەم ڕۆژانەدا هەواڵی مردنی یەکێک ئەوەندە خەڵکەکەی نەدەورووژاند، مردن ببووە شتێکی ئاسایی... هاپۆ پشتی دابووە دیوارەکەوە کەوتە باری دانیشتەوە... سابیر بەئەسپاییەکەوە هەستا، یەکێک بەدیاریەوە

دانیشتبوو بێ ئەوەی تەماشای یەکێ بکات لەبەرخۆیەوە وتی: «تا گیانی دەرچوو هەر دەیگوت نەسرین... ئازا...»

«کەس نایناسێ؟» سابیر لە کابرای پرسی...

«حاجی خەتابی ناوە خەڵکی دێی خدر وەلییە».

تەرمەکەیان بردە خوارەوە... لە قاوشەکانی کەشەوە کە یەکێ دەمرد لەپاڵ پەرژینەکەیان دادەنا، تا دەبوونە چەند تەرمێک ئەوجا دەمەو عەسرێک دەیانناشتن... کە لە بن پەرژینەکەیان دانا تەرمی ئافرەتێک و منالێکی حەوت هەشت ساڵی و تەرمی ڕیش سپییەکی کەش دانرابوون... ئافرەتێک بەدەنگێکی خاو دەیلاواندەوە بەڵام چۆن لاواندنەوەیە!...

دەمەو عەسری ئەو ڕۆژە کە سابیر چووە خوارەوە بۆ ناشتنی تەرمەکان، عارەبانە دەستییەکەیان کردبووە دووان. لەگەڵ مەلا مەحموودا کابرایەکی کەشیان بۆ یارمەتیدان هێنابوو، یاساوڵەکە ئەوەی دوێنێ نەبوو... تەرمەکانیان خستە سەر عارەبانەکەوە، کاروانەکە کەوتە ڕێ، لە پەرژینەکە چوونە ئەودیوا، کە کەمێ دوورکەوتنەوە یاساوڵەکە لە پرمەی گریانی دا... هەموویان سەریان سوڕما... تەماشای یەکترییان کرد... مەسەلە چییە؟ «...بۆ نابێ یەکێکیان تۆزقاڵێ بەزەیی لەدڵیا هەبێ؟ ئەوەی؟! ئەوەی لە توخمی مرۆ بێ چۆن بەزەیی نابزوێ». سابیر لە دڵی خۆیا ئاوای دەگوت... «ئەمە هەلێکی باشە... با بیخورێنم...» ڕووی دەمی لە یاساوڵەکە کرد:

– «پێم ناڵێی بۆ وامان لێ دەکەن؟!»

– «منیش زۆر پێم سەیرە... بەڵام دەستم دامێنت نەکەی لەبەر چاوی یاساوڵێکی کە ئەم جۆرە قسانەم لەگەڵدا بکەی... من برایەکم شەش مانگ لە لای ئێوە ئەسیر بوو، کە گەڕایەوە باسی پیاوەتی ئێوەی بۆ گێڕاینەوە... حەیفە ئێوە واتان بەسەربێ، بەڵام هیچ دەستەڵاتێکم نییە...»

– «پیاوەتییەکمان لەگەڵدا بکە...»

– «هەوڵ ئەدەم... فەرموو...».

– «چەند قاوشی تر لێرەدا هەیە؟»





– «یەک... دوو... سێ... پێنج، هەشت بۆ پیاوان و شەشیش هی ئافرەتانە... ئا ئەو قەڵایەی ئەوێت دیوە؟...» دەستی بۆ لای ڕۆژهەڵات درێژ کرد.

«ئەویش پڕە... پێش هاتنتان بە ڕۆژێ ئێرە پڕبوو... ئیتر نازانم» کەمێ وەستا «هەموویان گەنج بوون... زۆربەیان ئا ئێستا لەو قەڵایەدان...» وشەکانی پچڕپچڕ دەردەبڕی نهێنییەکی دەزانی و نەیدەدرکاند. یان ویستی شتێ بڵێ، بەڵام دیاربوو نەیوێرا و پەشیمان بووەوە...

– «ئەی ئەو دوایی...؟»

– «........................»

– «دە پیاوی چاک بە پرسیاری ئەم ئافرەتەم بۆ بکە شەمەی دەروێش حەسەن...».

یەک دوو جار لەگەڵ خۆیا ناوەکەی دووبارە کردەوە تا لەبیری نەچێتەوە... سەری ڕەزامەندی لەقاندەوە... وەکو لەمەوپێش لمەکەیان هەڵدڕی بستێک، بست و نیوێک و گەیشتە تاوێر، بەڕێز تەرمەکانیان دانا، منداڵەکانیان لەنێوان ئافرەتەکە و ڕیش سپییەکەدا دانا، لمەکەیان بەسەریانا دادان و گەڕانەوە...

نێزیک پەرژینەکە قۆڵی سابیری گرت:

– «ئا ئەو گەماڵانە ئەبینی... لەوەتی ئێوە مردوو لێرەدا ئەنێژن دوای ئێوە ئەو گەماڵانە دەریان ئەهێنن و ئەیانخۆن...».

– «چی... چۆن... نابێ... تۆ بڵێی ئەوەمان ناشتبێ؟!...»

– «کە سبەی یەکێکت ناشت تاقی بکەرەوە، بزانە ئەوانەی ئەمڕۆ ماون...!»

لەبەر دەرگا گەماڵەکانی بینی بۆنیان بەلمەکەوە دەکرد و بەرەو ئەو جێگایە دەڕۆیشتن کە تەرمەکانیان لێ ناشت...

«دە وەرە بەم دەردە بمرە و لاشەکەتیش سەگ بیخوات!» سابیر لە دڵی خۆیدا وای وت...

شەویّ وردوباریک ئەمانەی هەموو بۆ هاپۆی گێڕایەوە، شوکریشی ئاگادار کردەوە و بۆ ئەویشی باس کرد... گەرمیان خۆش خۆش چاوی لە دەمی سابیر بڕیبوو کە گەیشتە باسی گەماڵەکان ترسا و خۆی لە سابیر نزیک کردەوە.

– «ئەوە ئەترسێی؟!»

– «ئەترسم منیش...»

– «خوا نەکات... تۆ نامری گەرمیان گیان...»

– «ئەی سۆراخێکی دایکمت نەکرد؟»

دەمی بەگوێیەوە نا

– «سبەی دووسبەی هەواڵی دایکت ئەدەمێ...»

کەرمیان بۆ یەکەم جار دوای ئەو شەوەی یەکتریان ناسی، بزەیەکی جوان لێوە ڕەش هەڵگەڕاوەکەی کشان و چاڵەکانی سەر گۆناشی دەرکەوتن... کە خەوتیش وەکو شەوانی ڕابردوو دانەچڵەکا، بزەکەشی نەڕەوییەوە...

***

ساتە یەجگار ناخۆش و بێزارکەر و دڵگوشێنەری ئەم قەڵایە دەمەو ئێوارانییێتی... هەرچەندە شەوانی دەبنە ساڵێکی نەهات و بڕانەوەیان نابێ، بەڵام قەت ناگەنە ساتە خەماوییەکانی دەمەو ئێوارانی... ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش دانیشتوانی ئەم قەڵایە ڕەنگ و ڕوخساریان دەگۆڕێ، سەد سوێن بخۆ مرۆکەی دوێنێ نەبوون... وا هەمووومان قژمان درێژ بۆتەوە... مووی برۆمان تێکەڵ بە سمێڵ و ڕیش بووە پیاومان لێ دەترسێ و لە توخمی ئینسان ناچین... ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەم دوو و خامۆش و مۆنتر و ڕووگرژتر دەبن ئەم خەڵکە... خۆزی ئەمزانی بیر لە چی دەکەنەوە؟ خەون بەچییەوە دەبینن، ڕەنگە هەموومان یەک خەون ببینین... شەو نییە دایکم نەبینم، هەر ئێژێ ئەوە بۆ نایەیتەوە... لە خەوەکەمدا دڵم بە باوکم دەسووتێ تەماشام دەکا و دەگری، سەرم سووڕ دەمێنێ باوکم بۆ دەگری... شتێک دەزانێ... پێم ناڵێ... دەچمە سەر ئاوەسپی، کاڵەک و شووتی و ترۆزی بوستانەکانی





ئاوەسپی ئەو دەشتاییییەی پڕ کردووە... ئاوایییەکان قەڵەباڵغتر و لە جاران خۆشترن... دەزانم خەونەکانمان وەکو یەک وان...

یاساوڵەکە ڕاستی وت: پێش ئێمە ئێرە پڕ بووە... بۆ ئەو قەڵایەی کەیان گواستوونەتەوە... تۆ بڵێی مابن؟! وا لێرە ڕۆژ نییە حەوت هەشتێکمان لێ نەمرێت کار وا بڕوات ڕۆژێ دێت ئەم قەڵایە کەسی تیا نامێنێت... دەبێتە خۆراکی سەگیش... تۆ بڵێی جارێکی کە بگەڕێینەوە... خۆزگە ئەمتوانی مێشکی خۆم ڕاگرم و نەم ئەهێشت بیر لەم هەموو شتانە بکەمەوە....

ئەمشەو سابیر سەغڵەت و کەم حەوسەڵەیە... شەوگار کردی و سابیر کردی قاوشەکە خامۆشە دەنگی پرخە و وڕێنە زیاتر نابیسێ... گەماڵەکان دەوەڕن «ئێستا تێربوون» مناڵێک دەگری... خەوی نایە... سابیر تەماشای گەرمیان دەکات پەپوولە ئاسا خەوتووە، هەردوو قۆڵی هەر قۆڵێکی بەلایەکدا فڕێداوە، بزەیەکی تەنک کەوتۆتە سەر لێوی لەم کاتەدا هەندێ نووسینی قەد دیوارەکەی بینی... سەرنجی لێ گیرکرد...

«مطلق فرحان ١٩٦» ژمارەی دوای شەشەکە سڕاوەتەوە کەمێ ئەولاتر یادگاری «رجب شبیب ١٩٧٠»... «چۆن تا ئێستا ئەمانەم نەبینیون...» کەوتە سەرچۆک و بۆ نووسینی کە گەڕا... وشەیەکی کوردی بینی بەڵام ناوەکە لە نیوەدا سڕابووەوە... لەم کاتەدا یەکێک هەستا و بە لۆژە لۆژ خۆی گەیاندە تەنەکە ئاوەکە، کەمی تیا مابووەوە، هەڵی گرت و نایە سەریەوە، تەنەکەکەی دانایەوە، بەڵام هەڵنەسا! بۆ چەند ساتێک بەلێوار تەنەکەکەوە وشک بووەوە و سەری دانەواند... سابیر چاوی لێ بوو، بەزەیی پێدا هاتەوە... «ئەگەر خەوت نایە فەرموو وەرە ئێرە...» کابراکە چاوی بەخەوەوە بوو دیاربوو تێنەگەیشت، بەبێزارییەکەوە هەردوو لەپی خستە سەرچۆکی و هەستایە پێ و گەڕایەوە جێگاکەی خۆی...

«ئەمشەو ڕۆژم لێ نابێتەوە... بۆیە ئەم خەڵکە هەمووومان وا گۆڕاوین وەک بیست ساڵێک دەژمێردرێ... بیرەوەرییەکانم لێ وورووژاون... دایکم... ئای دایە گیان... هاوڕێکانم ئێستا دەبێ لەکوێ بن... دەزانم هەندێکیان

ڕێگای غەریبیان گرتەبەر و سەری خۆیان هەڵگرت...» پێڵووی تا دەهات قورس دەبوو... پێی درێژ کرد... خاو بووەوە... مەڕۆ... مەڕۆ ڕۆڵە مەڕۆ دایە منیش وەکو هاوڕێکانم ... مەڕۆ ڕۆڵە مەڕۆ... ئەمجارە دایە ئەمجارە بەقسەت ناکەم... ڕێگاکە بۆ وا چۆڵە؟... کەس دیار نییە؟! لەپاڵ هەر پنچکێکدا سەگێک وەستاوە بەرد و کەسکڵی دەوروبەری ڕێگاکەش وا یەکەیەکە دەبن بەسەگ... دەشت و دەر بووە بە سەگ... قلەقلەش سەگ دەبارێ... ئەم گەماڵە بۆ وا دانی لێ جیڕ کردوومەتەوە! با هاوارێ بکەم... لەناو سەگ وەڕەکەدا بزر دەبێ!!...» هاپۆ خدر شانی لەقاندەوە تا هەستا و بەئاگای هێنایەوە «سابیر... سابیر ئەوە چیتە... عارەقت کردووە...»

«خەوێکی ناخۆش بوو هاپۆ، خەوێکی ناخۆش...»

«منیش ئەمشەو خەوم بینی خوایە خێر بێ... لە ژاژ بووم... خۆزی هەموو شەوێ خەونێکی ئاوا دەبینم ... لەسەر ڕۆخانە وا بەدیار بۆستانەوەم... خۆم لێ هەڵکردبوو عەبە لەیلە وەکو هەموو جارێ دەستی بەگۆرانی کرد، بێڵەکەم دانا جگەرەیەکم تێ کرد... خاوکەرێکی چڕی بروا بکە تا ئێستاش لە گوێما دەزرنگێتەوە و بەیتەکەشم لەبیر نەچۆتەوە... ئا...

نە ڕۆ ئارامەن، نە شەو خاومەن
چون چەم گل کەران گلاراومەن

***

پیاو ڕاست بێژێ، ئەو گەرمیانەی لای خۆمان، هاوینانی وا نییە... لەو دەشتاییە ڕووتانە جارجار دەبێتە تەپوتۆز و گەرمیشە گەرماکەی تا لە گۆرانی و بەیتیشا باسیان لێوەکردووە، ئیتر خوا وای خولْقاندووە، بەڵام قەتیش ئەم گەرما دڵگوشێنەرە نەحلەتیەی ئێرە نییە، نەوەڵڵا... پەکو لە گەرمای ئێرە... کوڕە بابە ئێوە شایەتییە هەق بدەن و شەوانی لای خۆمانتان بێننەوە یاد... وەی لەو شەماڵە فێنکەی... دۆی مەشکە و ئاوی کوننەڵان وات لێ دەکات شەققە لە دان بدات... من خۆم چەند جار لەسەر دروێنە و پەرێز ئاواتم دەخواست: نیوەڕۆ تاوێک لەژێر کوننەڵانەکەی خۆمان





سەرخەوێ بشکێنم...! نەرمە بای دەمەو سەحەری بۆ ناڵێی، کوڕە ئەی خەوی بان سەکووی حەوشانی... نەمردایەم بۆ تاقە جارێکیش شەوێکی هاوین سنگی خۆم بدایەتە بەر ئەو نەرمە بای ئاواییەکەمان، ئەوجا ئەم وت مردن هەقە....

کابرایەک لەناو قاوشەکە بێ ئەوەی کەس باسی گەرمای کردبێ بەدەنگێکی بەرز ئاوا بۆ قاوشەکە دەدوا... ناهەقی نەبوو گەرماکەی لەوەدا نەبوو، گەرما و لم باراینەکەی دەستێکی گەورەی لە مردنی ئەم خەڵکەدا هەبوو... هیچ نەبوو خۆیانی پێوە خەریک بکەن دوو دوو، سێ سێ، دادەنیشتن دەردی پەنگ خواردووی دڵی خۆیانیان بۆ یەک دەگێڕایەوە وا سابیریش چووە تەک هاپۆوە، دەردی دڵی خۆی لای ئەو خەریکە ئاشکرا دەکات:

«هاپۆ ڕوح لە شوێنێکی سەخت دایە و دەرناچێ... ئەوەی من دەیبینم و دەیبیستم یاخوا کەس نەیبیستێ و نەیبینێ... تۆ دەزانی ئەمە ماوەیەکە خەوم لێ هەڵگیراوە... هاپۆ منداڵ بەرگەی ئەم برسێتی و گەرمایە ناگرێ... تۆ نازانی چیم بەسەر دێ کاتێ تەرمی منداڵێک لە باوەشی دایکیا هەڵدەگرم... نازانی... سەرم لەخۆم سوڕدەمێنێ... چۆن تا ئێستا بەرگەی ئەو ڕووداو و دیمەنانەم گرتووە؟!... خەریکە گومان لە هۆش و مێشکی خۆم ئەکەم... تا ئێستا بەتۆم نەوتووە، شەوان گلاراومە، گینگڵ دەدەم و جارجار لەبەر خۆمەوە دەگریم... هاپۆ هەندێ جار تارمایی دەبینم... ئا گەرمیان گیان تۆزێ ئاوم بۆ بێنە... هاپۆ ویستم ئەوەی پێت بڵێم گەرمیان نەژنەوێت... چەند جارێ لاق و دەست و مەچەکم بەدەم ئەو گەماڵانەوە بینیوە...!! ئەوەی بە ڕۆژ دەینێژین، بەشەو گەماڵەکان دەم لە لاشەکەی دەنێن... بۆ لەوێ هەموومانیان نەکوشت، تا ڕزگارمان بێ! گەرمیان ئاوەکەی هێنا، سابیر فەرمووی لە هاپۆ کرد بە«نۆشت بێ» وەرامی دایەوە. شتێکی کە کە لە هەمووی ناخۆشترە: یەکێ لە یاساوڵەکان فێری ئەوە بووە، شەوان ئافرەتێک لە قاوشەکە دەردێنێ... ئا بەڵێ... تا یەک دوو سەموونێکی زیادی پێ بدات... ئا هاپۆ... چۆن خەوم لێ حەرام نابێ؟... هاپۆ خدر خۆی

پێ نەگیرا و منداڵ ئاسا دایکورکان و کشایەوە جێگاکەی خۆی و شانی بەدیوارەکەوە دا...

***

قاوشەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو قەڵەباڵغییەی جارانی نەدەما، هەستی پێ دەکرێ تەنک بۆتەوە، یەکەم ڕۆژ ماوە نەبوو پیاو بۆخۆی بەئاسانی شانی تیا بداتەوە، ئێستا بەکەیفی خۆت پێ درێژ بکە... تا خوو و تەبیعەتیانیش وەکو جاران نەماوە... بۆ شتێکی پێویست نەبێ ئەوەندە حەوسەڵەی گفتوگۆیان نییە... زۆربەی کاتەکەیان بەکپی و خامۆشی دەبەنە سەر... یاخود لەسەر دەم لێی دەکەون، یا هەردوو دەستیان لە چۆکیان دەئاڵێنن و سەری ماتەمینی و پڕ پەژارەیان دەنێنە سەر چۆکیان... لەم باروگوزەرانەشدا هەندێ جار «لفتە» بە خۆرشیدییەک یا یارغەزاڵێ، یاخود ئەڵڵاوەیسییەکی هێمن خەم و یادە لەبیرچووەکانیان دەوروژێنێ، بەڵام هەر بۆ ماوەی گۆرانییەکە ئیتر هەمدیس دەکەوتنەوە سەر باری خۆیان و دەبنەوە لاشە سست و بێزارەکەی جاران.

ڕاگەی خاو نەیێ بۆیەڕۆ پێشدا
«جەدووریت دەروون مەوج دەریای هون
مدۆ وەچەمدا، بەڵام چێش کەروون
دیدەش یەند خەیاڵ باڵات یێ نیشدا
ئێلاخان سەردن بازشان ئامان
گەرمەسێر وەشەن یۆرێ وەدامان»

***

«هاپۆ»

– «بەڵێ...»

– «هاپۆ ئەو لاوە چاوگەشە ڕوومەت پان و موو ڕەشەت لەبیرە؟...»

«وازم لێ بێنە سابیر من ناوی خۆشم لەبیر چۆتەوە.».

ئەوەی لەم دواییانەدا هەستی پێ دەکرا، ئەوەبوو زۆربەیان حەزیان





نەدەکرد زامیان بکوڵێتەوە و باسی خۆبانیان بۆ بکەیت و شتیان بیر بخەیتەوە! ناهەقیان مەگرە... مەگەر هەر دانیشتوانی ناو ئەو قەڵایە خۆیان بزانن ئازار و برسیێتی و دووری کەسوکار چەند ستەم بوو، باسکردنی ڕابردوو و وەبیر هێنانەوەیان باری گیانیانی پێ قورستر دەبوو، بۆیە هەرچەند باسی ئاوایی و ڕۆژانی ئەوێ بکرایە ئومێدێکی کز و چرۆی هێزێکی نادیاری لە قووڵایی مێشکیانا دەڕواند، بەڵام لەلایەکەوە حەزیان نەدەکرد توخنی ئەوجۆرە باسانە بکەون، ڕاستتر نەیان دەوێرا، برینیانی دەکولاندەوە و باریانی قورستر دەکرد... هاپۆ خدریش لەپێشدا وای زانی سابیر دەیەوێ وەکو هەموو جارێ بیدوێنێ و بیرەوەرییەکانی بۆ بگێڕێتەوە...

– «تۆ ڕاوەستە هاپۆ من مەبەستم شتێکی ترە... پرسیاری ئەو لاوەت لێ ئەکەم کە لە دووز لەگەڵمانا سواری ئۆتۆمۆبێلەکە بوو...؟...»

– « ئا بەڵێ... بۆ... باوکیشی ئەناسم...».

– «پێرێ کە بانگیان کردم... ئەو بوو!»

– «کوڕە نەڵێی؟».

– «لە پێرێکەوە ویژدانم ئازارم دەدات... نازانی بۆ... ئەمەم بۆ باس نەکردووی... لەناو ئۆتۆمۆبێلەکە، تۆ ئاگات لێ نەبوو، بەچاو پێیی وتم با ڕاکەین! من لەوە ترسام ڕزگارمان نەبێت، کە زانی ڕازی نیم لەو کاتە تەماشایەکی کردم... تەماشایەکی پڕ لە گلەیی و سەرزەنشت... قەت ئەو تەماشاکردنەوەیەم لەبەر چاو ون نابێ... پێرێ کە چوومە سەر لاشەکەی چاوی لێک نەنرابوو، هەستم کرد ئەم کاتەش گلەیی و سەرزەنشتم ئەکات و دەیەوێ پێم ڕاگەیەنێ گوناهی لە ئەستۆی من دایە... وام هەست کرد... من بوومەتە هۆی مردنی... نەمتوانی تەماشای بکەم... ڕووم وەرچەرخاند... هیچم دەست نەکەوت بەسەریا بدەم، هەر بۆ ئەوەی لەو تەماشاکردنە ڕزگارم بێ، چاکەتەکەم داکەند و دام بەسەریا... ئێستا پەشیمانم... ئەوجا بۆ بەقسەیم نەکرد... یا هەر نەبێ دەستم نەهێنایەتە ڕێگای و پەشیمانم

نەکردایەتەوە... کێ دەڵێ ڕزگار نەدەبوو؟... تەماشای هەر کوێیەک دەکەم تەماشاکەیم لەبەرچاوە...»

– «گوناهی تۆی تێدا نییە و پێویست ناکات ئازاری ڕۆحی خۆت بدەیت... دواجار با پێت بڵێم کەسمان لەم دۆزەخە قوتار نابین... تۆ بڕوانە ئەم قاوشە سیخناخ بوو... ئا ئەوە شوێنەکانیانە هەر لەو بەرەوە بیگرە... مچە قەڵەو... خدرە لەک... زەینەڵ... مچەی ئاوڕەحمان... لەتیف نازانم کێ... سەی نووری... ئەو کابرا نوورانییەی تەنیشت دەرگاکە تا مرد لە وێرد و تەلیلەی خۆی نەکەوت... ئەوە شوکری خۆمان! ئەمە دوو ڕۆژە هیچی نەخواردووە... ئیتر بەرەودوا ئەوەش باش بزانە... لێل ئیرادەی خوایا هیچ ناوترێ...»

***

ئەوەی دەمرد لەهەر قاوشێک بووایە، لەپاڵ پەرژینەکەیان دادەنا، تا ژمارەی تەرمەکان دەبووە چەند تەرمێک ئەوجا سابیر و مەلا مەحموود کردبوویانە عادەت دەمەو عەسران دەیان ناشتن... ئەمە سێ ڕۆژە بەیانی و ئێوارە تەرمیان دەناشت ئەم سێ ڕۆژە ژمارەیەکی زۆر دەمرن نەدەگەیشتنە ناشتنیاندا بۆیە بەیانی و سەر لەئێوارەکەشی هەر خەریکی ناشتن بوون... کارێکی کەشیان زیادی کردبوو، کە یەکێکیان بۆ ناشتن دەبرد چاویشیان بۆ ئەو دەست و قاچانە دەگێڕا کە گەماڵەکان نیوەیان دەخوارد و پاشماوەکەیان لەسەر لمەکەوە بەجێ دەهێشت، سەرلەنوێ دەیان خستەوە ژێر لمەکەوە سابیر ئەو ڕووداوانەی گەلێ جار بۆ قاوشەکە گێڕابووەوە، جارێکیان ئەم باسانەی دەگێڕایەوە:

«حەمە سیس» قاچی خۆی درێژکرد و شەرواڵە خامەکەی هەڵماڵی وتی: «بڕوا ناکەم هیچ گەماڵێ تەماحی ئەم قاچەی من بکات، کە بەگوێزانیش دایبساوی تۆزقاڵێ گۆشتی لێ ناکەیتەوە». لەڕاستیدا لەبەر نەخواردن هەموویان برا حەمە سیسێک بوون بۆ خۆیان، هەرچەندە ئەو قسەوباسە هی ئەوە نەبوو، پیاو پێبکەنێ کەچی قسەکانی حەمە سیس بزەیەکی کورتی خستە سەر لێویان... بەڵام ئەوەی هەموویانی مت کرد و فرمێسکی بە





زۆریان ڕشت ئەو ئێوارەیە بوو کە سابیر کوژەکە و دوعاکەی لە گیرفان دەرهێنا:

– «ئەوە چییە؟!» یەک دوانێ لە یەک کاتدا پرسیان.

– «هی کێیە؟!»

– «کێ پێتی داوە؟».

– «بۆ دەنگ ناکەی شەقمان برد...!».

سابیر دڵڕەقی کرد و ڕاستییەکەی نایە مشتیان... دواجاریش پەشیمان بووەوە... بەڵام کە قسە لەدەم دەرچوو ناگەڕێتەوە...

«نازانم ئەو تەرمە بچکۆڵانەیە لە کام قاوشەوەیان هێنابوو... کە من چوومە خوارەوە لەناو عارەبانەکیان دانابوو، هەر پێنج شەش مانگان بوو... ئەو کوژەکە و دوعایەم بە مەلاژگیەوە بینی، بە تاڵێ لە پرچە خورماییەکەیەوە گرێ درابوو ئەو ئێوارەیە چاوەڕێی مەلا مەحموودم نەکرد، بەتەنیا لە عەرەبانەکەم دەرهێنا وەک جگەرگۆشەیەکی خۆم بەسنگمەوە گرت... لە بان لمەکە گریان گرتمی... خۆم پێ ڕاگیر نەدەکرا، لمەکە هێشتا ژیلەمۆ بوو، چاوم گێڕا هەندێ نایلۆن بە پنچکێکەوە گیری خواردبوو، هێنام و بەسەرییەوە پێچام... ناشتم و گەڕامەوە... تومەز دوای من گەماڵەکان دەریان هێناوە ئەمەم لە نزیک پەرژینەکە لەگەڵ هەندێ قژە سەر و پارچە ئێسکدا دۆزییەوە... ئەم دوعا و کوژەکەیە پاشماوەی ئەم مناڵە پرچ خورماییەیە...

***

ئەمڕۆ وەک هەموو ڕۆژێ دەمەو عەسرێک سابیر چووە خوارەوە، تا ئەو تەرمانە بنێژێ کە لەپاڵ پەرژینەکەیان دادەنان... تەرم کچێکی قژ زەردی دە دوانزە ساڵی لەپاڵ پەرژینەکە دانرابوو... تاکە بازنێکی شووشەی سووری لە مەچەکدا بوو... مەچەکیشی ئەستووری قەلەمێکی مابووەوە... چاوەڕێی کەسی نەکرد بێت و لەگەڵیا بینێژن لە باوەشی گرت، لە بان هەردوو مەچەکی داینا و لە دەرگا بچووکەکەوە ئاودیو بوو بۆ ناو لمەکە... مەلا

مەحموود و یاساولێکی بینی لە ناشتنی یەکێکی کە ببوونەوە وا دەگەڕێنەوە... «گۆڕستانێکی زرمەمان لێرە پێکەوە نا... ئەگەر گۆڕەکان کێلیان هەبووایە، یەکێک بەڕێکەوت بێرەدا گوزەری بکردایە لە دڵی خۆیا دەیگوت: «ببێ و نەبێ لەم نزیکانەدا ئاوەدانییەکی قەڵەباڵغ و گەورەیە هەیە...» خەمێکی نادیار دایگرت... تەرمەکەی دانا هاتە سەر چۆک و دەستی بەلم هەڵدانەوە کرد... «ئەمزانی... دڵم پێی دەوتم دەبێ یەکتر ببینینەوە... لە خەیاڵی کێ دابووە تۆ لێرە ببینم!...»

دەنگێکی ناسک وەک لەو دیو دیوارێکەوە بێ کەوتە بەر گوێی... لە لم هەڵدانەوە کەوت... دەستی لەناو لمەکە وشک بووەوە... گوێی هەڵخست... بڕوای بەگوێی خۆی نەدەکرد... «بەڵام ئەوەتا نزیکە و لەگەڵ منیایەتی».

«ئاخریەکەی گەیشتینە یەک ئێستا کەس ناتوانێ...»

«ئەم دەنگە... ئەم دەنگە...» ترسا... تەزوویەکی ساردی پیا هات... بڕوای بەگوێی خۆی نەدەکرد... ئەوەتا هەمان دەنگە:

«گوناهی من نەبوو، کەسوکارەکەم نەیانهێشت یەک ببینین... تۆش چاوت بەرایی نەدا لە ئاواییەکەی ئێمە بمێنێیتەوە، ئەوەبوو چوویتە ئاوایی قەڵا... پێت لێمان بڕی تا بەو ناوانەدا گوزەریشت نەئەکرد... ئیتر ئومێدم بڕا... بەڵام ئەمزانی هەر دەتبینمەوە...»

شڵەژا بەدەنگێکی بەرز وەک لەگەڵ یەکێکی کەدا بدوێ «دەنگی چنارە... باشە چنار لێرە چ دەکات...» دەستی هێشتا لەناو لمەکە دەرنەهێنابوو... هەستی کرد گیانی دەلەرزێ، بە دوودڵی و گومانەوە سەری هەڵبڕی... چاوی بۆ ئەو لایە هەڵخست کە دەنگەکەی لێوە دەهات... تارماییەکی بینی!! وا پێ پێ بۆ لای دێت «چنار لەم بیابانە چی دەکات...» لە دڵی خۆیەوە وای گوت بەتەواوی نزیک بووەوە: «چنار ئەمە تۆی؟... لەم بیابانە چی ئەکەیت... چی بۆ ئەم دۆزەخەی هێنای... دەبا نەتبینن...»

«ئێمە خۆمان بەهەموو کەسێ نیشان نادەین... تەنها تۆ دەمبینی ترسی





منت نەبێ تۆ واز لەمە بێنە... من ئەو کاتانە لەلای خۆمان شەوان کە تیترواسکەکان خەمی خۆیانیان بەو دەشتەدا بڵاو دەکردەوە... دەمگوت: ئەوە سابیر بانگی من دەکات... من بەڕۆژیش ڕێبوارێکم ببینیایە بەرەو ئاوایی دێت چاوم لێ نەدەترووکاند تا نزیک دەبووەوە دەمگوت ڕەنگە ئەوە سابیر بێ بەڵام قەت نەهاتی...»

«چنار لەبیرتە لەسەر ئاوەسپی، چاڵە بۆستانمان دەکرد؟...»

«ئاوەسپی؟! وەک چاوی من و ئەو ئافرەتانەی لەگەڵماندان وشکی کردووە... ئێستا کەس بۆستان ناکات... ئاوایی لەو بنارە نابینی... بۆتە جێگای گورگ و چەقەڵ...»

«چنار ئەزانی بۆچی لە هەوەڵەوە دێهاتەکانیان لەناوبرد؟... ئاوایی بڕبڕەی پشتی شارە... شار و شارنشینەکان وەکو دێ و لادێیی پێ ناکرێ...»

«بەڵام هەندێ لە خەڵکی ئاواییەکان بەر ئەم لافاوە نەکەوتن هەتا ماوەیەک خەڵکی دەترسان داڵدەیان بدەن...»

«چنار لە کوێی بێم بۆ لای تۆ...؟»

«پەلەت نەبێ... دێی... ئێمە ڕزگارمان بوو، زۆرین... سابیر ویستیان (پیسمان بکەن)!...»

«ئەی نامەردینە...»

«بە کێ دەڵێی؟... بەوانەی لای خۆمان ئەڵێی یا بەمانەی ئێرە؟...».

«هەموویان چنار... هەموویان... باشە چنار کە جیاتانیان کردەوە بۆ کوێتانیان برد؟...»

«من تۆزێ لە زمانەکەیان تێ ئەگەم... ئەیان وت ناهێڵین ئیتر ئەم ئافرەتانە مناڵیان ببێ... شتێکیان دەرخوارد ئەداین، ئێمەش لە برسانا دەمانخوارد... دایکم و فاتەی خوشکمیان زیندەگۆڕ کرد... دایکم کە دەیگێڕێتەوە هەر دەگری... ئەوە بۆ وایان لێمان کرد؟!»

گوێی لە ترپەی پێیەک بوو دوور دەکەوتەوە... کە لە پاڵ مزگەوتەکە دادەنیشت چاوەڕێی دەکرد چنار بۆ سەر ئاو بێ... کە دەهات گوێی لە ترپەی

پێی دەگرت... کە لەسەریشەوە دەگەڕایەوە ئاوا ترپەی پێی دەهات تا لە کۆڵانەکەوە پێچی دەکردەوە... سابیر سەرسامە... من ئەمە بۆ هەرکەسێ بگێڕمەوە نەک بڕوام پێ ناکات بە شێتیشم دادەنێ... ئەوا کەی وا بووە؟!... چناری کچە گەرمیانییەکی شەرمن، کەی وای لێ هاتووە... خۆ کاتی خۆی ئەوەندەی ئێستا بۆمان نەلوا بەدەم یەکەوە بوەستین و قسە لەگەڵ یەکتردا بکەین... هەمدیس تاس بردییەوە...

دەستی ئارەقەی کردبوو لمەکە بەدەست و مەچەکیەوە لکابوو... ئەو ترس و سڵەمینەوەی کەمێ لەمەوپێشی ڕەوییەوە. بە ئەسپایی تەرمی کچۆڵە پرچ زەردەکەی لەناو چاڵە لمەکە دانا و بەدەس بە لم شاردییەوە. لە گەڕانەوەدا هەستی کرد هێشتا لەشی موچڕکی پێدا دێ، لەبەر دەرگا بچووکەکە ئاوڕێکی دایەوە، لە دوورەوە سووچی قەڵاکەی ئەولای بینی، لەناو حەوشەدا ئەو یاساوڵەی بینی کە ڕای سپاردبوو سۆراخی دایکی گەرمیانی بۆ بکات... بەچاو هێمایەکی بۆ قاوشی ئافرەتەکان کرد (شم) ئاواشی گوت. سابیر تێگەیشت، دایکی گەرمیان لەم قاوشە دایە، ئەوەشی پێ گوت کە بۆ شوێنێکی کە گوازراوەتەوە و ئیتر یەکتر نابینن...

کە گەڕایەوە قاوشەکەی خۆیان لەسەر داوای هاپۆ، لفتە لەسەر جێگاکەی سابیر دانیشتبوو، بەهێمنی ئەڵلاوەیسییەکی بەسۆز و کاریگەری دەست پێ کردبوو، هاپۆ لە پەنجەرەکەوە چاوی لەو دەشتە بڕیبوو، (ئەڵڵاوەیسی)یەکە بردبوویە جیهانێکی ترەوە، ئەوانی کەش هاپۆ ئاسا بەکپ و خامۆشیەکەیاندا دیاربوو یادگار و بیرەوەرییەکانیان ناخیانی دەرزی ئاژن دەکرد... وشەکانی ئاسنێکی سوورەوەکراوە بوون بەدەروونیاندا دەچژان... چوون چیلکەیەکی تەڕی ناو سۆبایەکی ماڵێکی لای خۆیان لە ناوەوە دەسووتان و چاویشیان پڕ ببوو، ها ئێستا ها نەختێکی کە سەر دەکەن...

«کۆن ئەو دڵ دیدەش بەرایی بدۆ
وە گەرمیان بدیۆ وەبێ تۆ
هەوارگە ماتەم گوزەرگە بێ ڕەنگ





شۆنەکەم پڕ خەم سەیرانگە دڵتەنگ
خوێشان پەرێشان پەلاس نەکەردەن
توخوا بازەشان چۆن تۆشا مەردەن»

دیار بوو ماوەیەک بوو لفتە دەستی پێ کردبوو، لەگەڵ وشەکاندا دەسووتا، بۆیە وا کاری کردبووە سەریان بە «کەسم ئای کەسم» ئەڵلاوەیسییەکەی بڕییەوە... ئەو کۆتاییە و بەو دەربڕینە مەگەر هەر ئەوانەی ئەوێ بزانن چ کوتەکێکی قیڕین بوو بە سەریانا درا...

هاپۆ لەگەڵ تەواوبوونی گۆرانییەکەدا تەماشاکەی بۆ ناو قاوشەکە گوێزایەوە... سابیری بینی

«خۆ شوکور و حەمە غەریب پەرێشانن...!»

«کاتێ بەجێم هێشتن باش بوون...!» وای گوت و چووە تەک گەرمیانەوە دەستی خستە سەر شانی و بەخۆیەوەی نووساند، دەمی نا بەگوێیەوە: «لێرەیە... دایکت لەو قاوشەیە ئەمجارە کە چوومە لایان ئەیبینم و پێی ئەڵێم لەبەر پەنجەرەکە دانیشە تا گەرمیانی کوڕت ببینی...».

گەرمیان خۆی پێ نەگیرا وەک چۆن منداڵێک باوکی دیارییەکی بۆ دێنێتەوە لە خۆشیانا باوەش لە باوکی دەدات، ئاوا قۆڵی لە ملی سابیر ئاڵاند... بەڵام سابیر لەناو دەریای بیرکردنەوەیەکی کەدا بوو... «نازانم بۆ هاپۆی بگێڕمەوە؟ نەیگێڕمەوە؟ بڕوا دەکات ئەمڕۆ لەگەڵ چناردا قسەم کردووە؟... وا چاکە با جارێ بەردێکی بخەمە سەر و دەنگ نەکەم...».

شاییەکەی ئەو ساڵەی هاتەوە یاد... «کوڕوکاڵی ئاوایی دەورەیان دام... تازە چووبوومە ئاوایی... بەزۆر بۆ ناو ڕەشبەڵەکەکەیان پەلەکێش کردم و دەیانگوت: «ڕەنگە کوڕە شاری هەڵپەڕکێ نەزانێ...» ئەملام عەدنان و ئەولام وەیسەی برای چنار بوو... ئەوجا نەمدەزانی وەیسە برای چنارە... نازانم بۆچی وەیسە دەستی بەردا، کچێکی خرپن هاتە دەستمەوە، دەستێکی گۆشتنی نەرم کەوتە نێو دەستم جارجارە شلکەی ڕانی لە ڕانم دەکەوت، هاتە سەرما بەئاستەم دەستی بگووشم... دەنگی نەکرد!... دووبارەم کردەوە... هەستم کرد گلۆڵەیە ئاوریشم قورساییەکی بەئاستەمی

خستە سەر دەستم، لەپێشدا وام زانی جۆرە تەمێ کردنێکە و دەیەوێ واز لەو دەستبازییە بێنم... لەم کاتەدا گۆرانیبێژەکە کە بەگۆرانییەکی خۆش هەڵپەڕکێیەکەی گەرم کردبوو، لەپڕ لە زەوییەکە دانیشت و گۆرانییەکەی بڕی، هەڵپەڕکێیەکەش داغانی کرد، لەم کاتەدا بەدەنگێکی ناسک وتی: «بۆچی کوڕە شاری هەمــوویان ئاوا بێ شـەرم و چاو قـایمن؟» بزەیەکی ماناداریشی خستــە سەر لێوی ئەمە بووە سەرەتای دڵدارییەکی پاک و بێگەرد...خوازبێنیم کرد، باوکی ڕازی نەبوو، ئیتر منیش ئەو ئاواییەم بەجێ هێشت و چوومە قەڵا...».

«سابیر ئەوە چیتە بۆ پرسیارێکی شوکور و حەمە غەریب ناکەی؟!»

«هاپۆ خۆزگەم بەوەی ئەمرێ و ڕزگاری ئەبێت!»

چووە تەک حەمە غەریب، بەدیارییەوە دانیشت چاوی لە چاوی بڕی... دەستێکی لە دەستی دا، ساردوسڕ، ڕوومەتی پەڵەپەڵە ڕەش هەڵگەڕابوو... بیری کەوتەوە ئەوانەی لەم دواییــەدا مردن هەمــوویان ئاوا ڕوومەتیان پەڵەی ڕەشی دەردەکرد و ڕەش هەڵدەگەڕان...

«حەمە غەریب... من سابیرم... حەمە غەریب...» بەبێ تاقەتییەوە پێڵووی بەرز کردەوە

– «پرسیاری شوانە و دایکیت بۆ نەکردم...» سابیر ویستی شتێ بڵێ هەر نەبێ لە سەرەمەرگیشیا بێ کەمێ دڵی خۆش بێ بەڵام نەیوێرا درۆی لەگەڵ بکات... نەشی دەویست بەجارێ هیوای ببڕێ و بەو نائومێدییەوە سەر بنێتەوە.

«شەرتی خوابێ سبەی پرسیارێکت بۆ بکەم...» هیچی نەگوت، هەمدیس چاوی لێکنایەوە...

لەوێ هەستا ئەمجارە شوکوری بەسەرکردەوە... وەکو مەشکە دەهەژی... تایەکی گەرم دای گرتبوو، لەگەڵ هەناسەدانیدا ئایەکی بۆ دەکرد «ئای... ئای... ئای...» هیچی بۆ نەوترا، کەمێ بەدیارییەوە دانشا و گەڕایەوە جێگاکەی خۆی...





ئەمشەو سابیر نەک جەستەی، ڕۆحی ماندووە... ئەمشەویش مناڵێک بەردەوام دەگری و نایبڕێتەوە... هەر کاتێکیش کە گوێی لە گریانی مناڵێک دەبوو، یەکسەر گریانەکەی (شوانە)ی بیر دەکەوتەوە... پێی درێژ کرد ئەوەندەی نەبرد خەوی لێ کەوت... شوانە لەسەر کۆڵانەکە دەبێتە گوڵێک ئەو گوڵە هەر لەگەرمیان دەڕوێ لە هیچ شوێنێکی دونیادا گوڵێک نییە ئەو ڕەنگ و بۆیەی هەبێ، یەکێک دێ و پۆستاڵەکەی دەنێتە سەر گوڵەکە، پێدەکەنێ... پێی هەڵدەگرێ گوڵەکە دیار نییە، بەڵام بۆنی ئەو ناوە ناگرێتەوە، بۆنێکی خۆش خۆشن... بۆ لێرە دانیشتووی دایکە؟!... هەر نەهاتیتەوە... دایە مەگری... ڕۆڵە ناونووسیان کردووین، خەڵکەکە ئێژێ ئێوەش دەبەن، خۆزی ڕۆڵە، هەر تۆ ببینم... قەینا... سەگەکان دانیان جیڕ دەکەنەوە... ئەو ناوە یەک پارچە سەگە. سەگ دەبارێ... سەگەکان خەریکن دەیخۆن...

دەمەو بەیان خەبەری بووەوە وا لێرەش لەناو قاوشەکە و بەم دەمەوبەیانە تارماییەک دێتە بەرچاوی... چاوی هەڵگڵۆفت، بەرەبەرە باشتر دەیدی... ناسییەوە... «کوڕە گەنجەکەی خاڵە شاسواری کوێخا نەجمی خانەخوێیە... سیروان ئەوە تۆی؟ چۆن گەیشتیتە ئێرە. ئەی باوکت... قادری برات... فاتەی خوشکت...».

«تەنیا باوکم لێرەیە... قادر و دایکم و فاتەی خوشکم لای منن...».

«لە کوێن؟»

«هەر کوێیەکیان بوێ لەوێ دەبن... هەموو ڕۆژێکیش دەیانبینم... دایکم و فاتم خۆیان باسیان بۆ کردم دەڵێن ئەوەندە ئازارمان نەچەشت زوو ڕزگارمان بوو!!... سابیر دەبینی شەوان لەکە چەند فێنک و خۆشە خۆڵە پەتانییەکەی لای خۆمانت دێنێتەوە یاد... لەبیرتە شەوان، بەتایبەتی شەوانی مانگەشەو لە پاین خەرمانەکانەوە لەو ڕاستییە بۆ خۆمان دادەنیشتین؛ یەکێکمان دەنارد لە بۆستانەکانی ئاوەسپی شووتی و کاڵەکی بۆ دەهێناین...

«باسی دایکت بۆ نەکردم... دەزانی زۆری خزمەت کردم...»

(ئا... فاتەی خوشکم وتی: لە شوێنێکدا دایاننایین زۆر بووین، ئەمجا بەماشێنی گەورە گەورە لمیان بەسەراکردین، لەپێشدا وامان زانی گاڵتەمان لەگەڵدا دەکەن... کە لمەکە گەیشتە ناو قەدمان زانیمان نیازیان خراپە... لمەکە گەیشتە ئاستی دەم و پلمان... هەناسەمان بۆ نەدەدرا زۆری نەبرد ئاگامان لە خۆمان نەما... بەڵام سابیر ئەوەی من و قادری برام بینیمان یاخوا تۆ نەیبینی...

«کە لە یەکیان جیا کردینەوە ئێوەیان بۆ کوێ برد؟»

«ئێمە ڕۆژێ پێش ئێوە گەیشتینە ئێرە... ئا لێرەدا ڕۆژێک... نەوەڵڵا تاقێک ماینەوە، دواجار هەموومانیان بۆ ئەوێ برد ئیتر لەوێ...»

«خەڵکی ئاواییتان کێ لەگەڵدایە؟»

«کێت ئەوێ؟!»

«ئەی ئێستا لە کوێی؟!»

«کوێم بوێ لەوێ ئەبم...! ڕۆژ نییە سەردانێکی لای خۆمان نەکەم... با بارت گرانتر نەکەم و باسی ئەوێت بۆ نەگێڕمەوە...»

«وەختە پەرپوپۆ دەردەکەم هەواڵێکی ئەو ناوەم پێ بێژە با کەمێ بارم سووک بێت...»

«ئەو حەمکە دێهاتانە شتاقیان بەپێوە نەماوە... وا دەزانی هەر ئاوەدانیشی لێ نەبووە... دوێنێ لەوێ بووم...! گەماڵە بۆرەی خۆمان لەشوێن دیوەخانەکە پاڵی لێ دابووەوە، کە بینیمی هات بۆنی دەست و قاچی کردم، لەژێر خشت و دیواری ڕووخاودا ئارد و نانە ڕەق پرشوبڵاو بۆتەوە ئەوانە ئەخوات، ئەوەی سەیرە هەندێ مریشک و جووجەڵە لەو ناوەدا تاربوون فرسەت دەستێنێ یەکێکیان ئەگرێت و ئەیخوات... کەس بۆی نییە بگاتە ئەو دێهاتانەی لای خۆمان، ئێژن نابێ ئەو زەویوزارانە بکێڵدرێن، دەبێ هەتا هەتایە هەر وا بە بەیاری بمێنێتەوە... سابیر ئێژن ماوەیەکی تر خەڵکی شارەکانیش دێننە ئەم ناوانە، هەندێکیان سەری خۆیان هەڵدەگرن و دەڕۆن...





سابیر بۆ وایان لێ کردین... خۆ تۆ دەزانی شەڕی هیچ کەسێکمان نەکرد بۆ خۆمان خەریکی مەڕوماڵات و کشتوکاڵ بووین زیانمان بۆ مۆریلەش نەبوو... لەبیرتە شەو و ڕۆژ ئەو دیوەخانەی ئێمە جمەی دەهات و بێ میوان نەئەبووین، کەچی ئەزانم باوکم ئێستا وا خەریکە لە برسانا ئەمرێت...»

«پێت نەوتم تۆ چۆن...؟»

«ئەتەوێ بزانی... کە بۆ ئەو قەڵایەیان گواستینەوە هەمووومان لاو بووین... هەر جارەی ٢٥-٣٠ کەسێکیان لێ هەڵئەبژاردین، لەناو ژوورێک دایان دەنایین... ژوورەکە دوو بەقەد دیوەخانەکەی خۆمان ئەبوو... سووسەبڕیان ئەکرد؛ ئینجا چۆن خۆمان کە بۆ ڕاو ئەچووین لەبیرتە؟... کونە ڕێوێمان قان ئەدا، ئاوا بە دووکەڵ قانیان داین... دووکەڵێکی بۆنخۆش و ڕەنگ دێز... کە هەناسەمان ئەدا دووکەڵەکەمان هەڵمژی، هەر ئەوەندەمان خۆش بوو سنگمان ئەتگوت ئاگرت تیا هەڵایساندووە... وەک بارێکی قورسیشت بەسەر سنگەوە نرابێ هەناسەمان بۆ نەدرا... لە حەژمەتا سەرمان کردە باوەشی یەکترەوە، نەشمان ئەتوانی هاوار بکەین... دووکەڵەکە باشتر ئەچووە سنگمانەوە ئەگەر هاوارمان بکردایە... خوێن لە گوێچکە و لووت و دەممانەوە فیچقەی دەکرد، پاش چاو تروکاندنێک خەومان لێ کەوت، ئا بەم جۆرە هەر جارەی بڕێکیان وا لێ ئەکرد... هەندێ کەسی تر هەن خەڵکی هەڵەبجەن من چۆن باسی دەکەم ئەوانیشیان بەم دەردی ئێمە بردبوو... ئەو دووکەڵەیان هەر بۆ ئێمە دروست کردووە... درەنگە با من بڕۆم بەدوعا...»

قاوشەکە بەرەبەرە ڕووناک بووەوە... سابیر لە ئارەقێکی لینج نیشتووە... هاپۆ لەسەر پیشەی خۆی کە خەبەری بووەوە گرانی خۆی خستە سەر قۆڵێکی و سەری قووت کردەوە... سابیری بینی، ئاهێکی خێرای لەدەم دەرچوو دەستی برد و خستیە سەر توێڵی سابیرەوە

- «سابیر بۆ وا ڕەنگت هەڵبزڕکاوە» بە لەپ ئارەقەکەی نێوچەوانی سڕی... «گوایە بەتەما بووم هەڵسی و پرسیارێکی حەمە غەریب و شوکورم بۆ بکەی... سابیر ئەمجارە وردوبارێک ئەوەی ئەوجا و بەسەرهاتی ئەم دەمەو بەیانییەی بۆ گێڕایەوە... بەڵام هاپۆ لە دواییدا بزەیەکی خۆشی بۆ

کرد... سابیر لە دڵی خۆیەوە گوتی: «خۆزی بۆم باس نەدەکرد...»...

***

هەفتەیەکی تەواو حەمە غەریب و شوکور لە گیانەڵادا بوون. گیانیان بەدەستەوە نەدەدا... لە نیوەشەودا یەکێک کە بەتەنیشت حەمە غەریبەوە بوو هەواڵی گیان بەدەستەوەدانی بەقاوشەکە دا

«حەمە غەریبیش خۆمان خۆش...»

«ئەی ماڵی کاولم... انا لله وانا الیه راجعون...» هاپۆ ئاوا خەمی خۆی دەربڕی... تا ڕۆژ ببووەوە بەدیارییەوە دانیشتن دەمەو بەیان هاپۆ شوکوری کەوتەوە یاد:

– «ئا بزانن شوکور چۆنە».

– «هاپۆ، هەر سەر لەئێوارە بوو یەک دووجار دەمی بەیەکا دا و گیانی دەرچوو...»

– «ئەی بۆ دەنگت نەکرد؟!»

– «دەنگی چی بکەم چیمان لە دەست دێ»

سابیر قەت وا پەلەی نەکردووە لە ناشتنی مردووەکاندا... ئەمجارەیان هەر دەڵێی کێچ کەوتۆتە کەوڵیەوە، پەلەیەتی...! ماوەیەکە چناری لێ ون بووە... دەنگی نییە... لەو ڕۆژەوە لەبەرخۆیەوە دەڵێ «ئەمجارەیان هەواڵی دایکمی لێ دەپرسم... پرسیاری وەیسەی لێ دەکەم... پێی دەڵێم سۆراخێکی ماڵی ئێمەش بکە... دایکم دەبێ چۆن بێ... تۆ بڵێی باوکم لێم ببووری؟ بەقسەم نەکرد... دەزانم ئێستا خەمی من چ ئاگرێکی هەڵایساندووە و لە ناخی بەربووە، من باوکی خۆم دەناسم چەند دڵ ناسک و بە بەزەییە و چەنیش خۆشی دەوێم... ئەمانەی پێ دەڵێم... نازانم بۆ ماوەیەکە دیار نییە؟ تۆ بڵێی ئەو جۆرە کەسانە هەر جارێک دەربکەون و ئیتر نەبینرێنەوە... ئەی سیروانم چەند جارێ نەبینی؟ ئەمانە پەپوولە ئاسان، کوێیان بوێ بۆی دەچن، کەس دەست بەرێگایاندا ناهێنێ... سیروان هەموو جارێ دڵی دەدامەوە، بەڵام جارەکەی پێشوو هەواڵێکی ناخۆشی پێ





ڕاگەیاندم، وەک خەمم کەم بێ، ئەوەش بووە سەربار... کفرم کرد پرسیاری ئەو ئافرەت و مناڵانەم لێ پرسی کە بەر لافاوەکە نەکەوتوون... دەمم سووتا خۆزی کفری وام نەدەکرد...

«چیت بۆ باس بکەم، خۆزی ئەوانیشیان لەگەڵ ئێمەدا ئەهێنا...!».

«بۆ... بۆ وا ئەڵێی؟! هەر نەبێ ماون...».

«مردن لە هەندێ مانەوە چاکترە...! بێ لانە و داڵدە لەو ناوانە ماونەتەوە کەس بەخۆیانەوەیان ناگرن... تاک و تەرا خێرەومەندێک جاروبار لایەکیان لێ دەکاتەوە، تا هەندێکیان خزم و کەسەکانیشیان پشتیان تێ کردوون، زۆربەیان دەرۆزە دەکەن ئەو منداڵانە کە گەورە دەبن مرۆیەکی ئاسایی نابن پێش هەموو شتێ ناتوانن کەسیان خۆش بوێ، هەندێ ئافرەتیان پێیان خلیسکاوە کەوتوونەتە نێو... منداڵەکانیان پاکەت و وردەواڵە بەدەسگێڕی لە شەقامەکاندا دەفرۆشن هەر لە ئێستاوە فێری هەزار بەزم بوونە... زۆر کەمیان خزمێکی نزیکی بەخۆیەوەی گرتووە ئەوەیشی پێی بزانن کاری وای کردووە لە سێدارەی ئەدەن. نامەوێ لەمە زیاتر بڵێم... جارێکی کە بەدرێژی بۆتی دەگێڕمەوە...

پێم گوت:

«ئەی باشە کەسێک نییە خەمێکتان بخوات، ڕەنگە هەر لەسەر مێزی خواردنەوە بکەونە بیریان... یانیش بازرگانی بەم کارەساتەی ئێمەوە دەکەن؟...»

***

لەپاڵ پەرژینەکەدا، بێجگە لە تەرمی شوکور و حەمە غەریب، سێ تەرمی کە دانرابوون... سابیر لەگەڵ حەمە غەریبدا پێوەندییەکی تایبەتییان هەبوو... لەپاڵ پەرژینەکە خەیاڵ بۆ ئەو دوانیوەڕۆیە بردییەوە کە کارەساتەکە ڕووی دا... «... دەمی لە خۆڵەکە چەقیبوو، کە هەڵمگرت، خۆڵەکەی ژێر سەری سوور هەڵگەڕابوو... بۆ شت کڕین دەچوومە ماڵیان، نەیدەزانی بە باشی ناوم بڵێ، پێی دەوتم «سەبیل»... کە دەڕۆیشت دایک و باوکی لە هاتنم ئاگادار بکاتەوە دەیگوت دایە «سەبیل» ئیتر دەیانزانی منم... حەمە

غەریب، زستان و هاوین، باران و تۆف بوایە... قرچەی گەرمای هاوین لە ماڵەوە نەدەمای، بەو دێهاتانەدا دەگەڕای... ساڵێ تەنها دوو ڕۆژ لە ماڵ دەمایتەوە، جەژنی ڕەمەزان و ڕۆژی جەژنی قوربان... ئیتر تۆ میوانی ماڵی خۆت بووی، هەگبەیەکت دەخستە سەر گوێدرێژەکەت و بەئاواییەکانا دەگەڕای، شەوانیش تا درەنگانێ یا لە دیوەخان یا لەو ڕاستییەی نزیک دارتووەکە، دەوریان دەدای هەواڵ و دەنگوباسی ئەو ئاواییانەت دەگێڕایەوە... هەریەکێ ناسیاوێکی، خزمێکی سۆراخی نەبوایە تۆیان ڕادەسپارد، بەیانی کە دەگەڕایتەوە دڵنیات دەکردن، دیاری و ئەمانەتێکیشیان هەبوایە دەتگەیاند... حەمە غەریب گەردەنم ئازاد بکە ڕاستی هەواڵی شوانەم لێت شاردەوە و پێم نەگوتی... نەمویست ئازاری ڕوحت بدەم، بەرگەی خەفەتێکی ئاوات نەدەگرت... چیم بگوتبا... گوتم با هەر نەبێ ئەو تۆزە ئومێدەی لە دڵ بمێنێ... زۆربەی ئەمانەی ئێرە بەوە دڵی خۆیان دەدەنەوە و وایان بردۆتە عەقلی خۆیانەوە گوایە کەسوکاریان ئێستا وا لە شوێن و جێگای خۆیاندان! واش نەڵێن بڕوایان بەوە هەیە کە ماندوون و نەمردوون... حەمە غەریب... تۆ زەواڵت بۆ مێروولەش نەبوو!. بڕواش ناکەم مناڵێکت لێ دڵگیر بووبێ... بە قەرز شتت پێ دەفرۆشتین... قەند و چای و دەفتەری جگەرە و تەڕەپیاز و سابوونیان بەقەرز دەبرد... تۆش لە دەفتەرێکدا دەتنووسی، تا خەڵە و خەرمان سەبرت لێ دەکردن... لەو دەشت و هەردانەدا پەککەوتەیەکت ببینیایە، مناڵێک، ئافرەتێکت لە ڕێگا بدیبیایە، خۆت دەبووی بە پیادە و ئەوانت سوار دەکرد... لەو ئێوارەوە کە لە ژوورەکە جێت بۆ کردمەوە نەمدی جارێ چییە پێبکەنی یا بێیتە گفت!!... ئەم ماوە درێژە بیرت لە چی دەکردەوە؟ لە دڵی خۆتدا چیت دەوت؟ گوناهی ئەو کشوماتییەت ببیتە تەوقێک و لە ملی ئەوانەی ئێرە و ئەوێ بکرێ...! سابیر بەدیار تەرمەکەیەوە ئاوای دەگوت... گریا دەستی نابووە بینی، هەڵنەستایە، دایئەکورکان... ئەوان دەمێک بوو تەرمەکانی کەیان بردبوو، زۆری نەبرد گەڕانەوە بۆیان خستە سەر عارەبانە دەستییەکەوە و بە تەنیا بردی... کە لە دەرگاکە چووە ئەو دیودا گەماڵەکانی





بینی، بەبۆنکردن بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆیشتن کە تەرمەکانیان تۆزێ پێش ئێستا ناشت... عارەبانەکەی ڕاگرت، بەدەوری خۆیدا چاوی گێڕا تا یەک دوو بەردی لە پاڵ پنچکێکدا دۆزییەوە، گەماڵەکانی دا وەبەر بەرد، تا دووریانی خستەوە... دەستی لەناو لمەکەدا بوو لمەکەی وەلاوە دەدا... دەنگێکی ناسک دەنگی تریقانەوەیەکی مناڵانەی ناسک ڕایچەنی... «ئەوە چی ئەکەی!...» لە سەرسوڕمانا هیچی بۆ نەدەهات... «وا چۆن ئەبێ خۆ بۆ منیش هەر وات کرد... گەماڵەکان بەئاسانی دەریان کردم، زۆر ئازاریان دام... لەو ڕۆژەوە بەدوای باوکمدا ئەگەڕێم... دۆزیمەوە... باوکم وەکو جاران گەمەم لەگەڵدا ناکات...! مۆن بووە... ئەڵێ لە خەفەتی دایکت کەسم لەبیر نەماوە... وام پێ ئەڵێ... ئەو ڕۆژە کە وامان بەسەرهات، من و شلێر لە پاین ئاواییەوە بۆ خۆمان وازیمان ئەکرد... لای بەرخۆڵەکان بووین من بە پووش و پەڕۆ بووکێکم کردبوو، ئەو کاتە عەسکەرەکان هاتن لێم بەجێ ما... ئێستا هەموو ڕۆژێ ئەڕۆمەوە بەدوایا ئەگەڕێم نایدۆزمەوە... ئەوە بەڕاست ئاواییەکەمانیان بۆ وا لێ کردووە؟! لە ماڵی خۆمانەوە ئێژم لە کەلاوەکەی ماڵەکەمانەوە ئەتوانم ڕاست و ڕاست بڕۆم و بگەمە ماڵی شلێر... ئەوجا یەک دوو کۆڵانم ئەکرد، دەچوومە سەر سوڕکانە گەورەکەوە، لەوێوە بەغار ئەچوومە لای ماڵی حەمە نەگبەت، پێچم ئەخواردەوە ئەوجا ماڵی شلێر دەرئەکەوت!! تۆ خەڵکی کام ئاواییت؟ «ئەی نازانی خەڵکی ئاوایی توکنم... ئەوەندە بووک و عارەبانەی تێڵ و تۆپ و هەروا بێتەوە هێن و... ئەوەندە زۆرن، هەندێکیان کەوتۆتە ژێر خشتەکانەوە... لە ژێر خشتێکدا بووکێکم بینی دەست و قاچی نەمابوو، هینەکەی من نەبوو، نەمهاورد...

«ئەی عاقڵ دایکت لە کوێیە؟»

«چاوەڕێی ئەکەم... خۆی تێت!... نازانم بووکەکەم چۆن بدۆزمەوە؟!»

«ئەگەر کاتی خۆی بۆ یەک بوایەین مناڵێکی قسەخۆشی وەک ئەمەمان دەبوو...» دەنگێکی ناسک بەڵام گڕتر لەپڕێکا قسەکانیانی بڕی و وای بە سابیر گوت، لە دەنگی مناڵەکە دوورتربوو... بەڵام ترپەی پێی تا دەهات

نزیکتر دەبووەوە...

«چنار...!»

«دەمێکە کولّم لێتان گرتووە و تەماشاتان ئەکەم، ئەو منالّە چەند قسەی خۆشە... ئەزانی سابیر کاتێ دایکم و فاتەی خوشکمیان برد، دە دوانزە منالّیشیان لەگەڵدا بوون... دایکم کە ئەیگێڕێتەوە خۆی پێ ناگیرێ و دەست بەگریان ئەکات: دایکێک دوو منالّی پێ دەبێ، لەو کاتەی ماشێنەکان لمیان بەسەرماندا ئەکرد، دایکەکەیان دەستی خستە سەر چاوی یەکێکیان نەکو لمەکە بچێتە چاوی!

دایکم دەڵێ لەو کاتەدا تکای لە من کرد وریای ئەوەکەی تریان بم...

«کەم ئەم باسانەم بۆ بگێڕەوە... بەرگەی ئەم هەموو خەفەت و ئازارە ناگرم... تۆ کە ئەمجارە چوویتەوە سۆراخێکی ماڵی خۆمانم بۆ بکە... بزانە دایکم چۆنە... باوکم چی ئەکات؟...»

لەم کاتەدا سەگوەڕێک ئاوڕی پێ دایەوە... لە هەمان کاتدا گوێی لە ترپەی پێیەک بوو بەرەبەرە دوور دەکەوتەوە هەمان ئەو ترپەیە بوو کە لە پاڵ دیوارێک دادەنیشت چنار تێدەپەڕی و ئەویش گوێی لەو ترپە پڕ مۆسیقایە دەگرت

«ئەی ئاوایی چۆنە؟»

«ئاوایی بەخەڵکەکەیەوە ئاواییە» بەحاڵ گوێی لەمە بوو... لمێکی زۆری بەسەر تەرمەکەدا کرد، لە ترسی گەماڵەکان نەکو دەری بهێنن بەردی قۆقزی ئەو ناوانەی کۆکردەوە، لەسەر لمەکەی دانان و هەندێ لمی کەی بەسەراکردن... هەڵسا خەریکی خۆ تەکاندن بوو... «ماندوو نەبی» پیرەمێردێک، هەر کەمێ لەولایەوە لەسەر لمەکە شانی دادابووەوە، ماندوویەتی پێوە دیاربوو.

«خۆت ماندوو نەبی...»

«من ماندوو نابم...»

«نەمبینیت... لە کەیەوە لێرە دانیشتووی؟».





«هەر ئێستا گەیشتم! لای خۆمان بووم... ماندووم بەڵام ماندووی ڕێگا نیم، شتێکی کە ماندووی کردووم...»

سابیر لە دڵی خۆیەوە وتی «نایناسم و نەمدیوە... بیرم نایە پیرەمێردێکی ئاوام ناشتبێ! ڕەنگە لە قەڵایەکی کە مردبێت... هەرچەندە سابیر ئەمەی لە دڵی خۆیەوە گوت، بەڵام ئەو وتی:

«ڕاست دەکەی... من لە شوێنێکی کە بووم...».

«وتت لای خۆمان بووی؟!»

«بەڵێ لای خۆمانەوە... ئێژم ئیتر لە داخانا نەگەڕێمەوە... ئەو خەڵکەی دەوروبەری لای خۆمان ناوێکی سەیریان لێ ناوین! ئەنفالمان پێ ئێژن... ئەنفال چییە؟».

«ئەنفال سوورەتێکە لە قورئانی پیرۆز».

«بۆچی قورحان وتوویەتی وامان بەسەربێنن؟!»

«نەخێر قورئان بەمە ڕازی نییە!».

«کە ڕازی نییە بۆ تەفروتوونایان ناکات؟!».

«ئەیکات...»

«کەی؟»

«پشووت بێ...»

«دەک قوڕ بەماڵتەوە بدرێ وا درا... هێشتا ئێژێ پشووت بێ...»

پیرەمێردەکە بەتووڕەبوونێکەوە وای وت و خواحافیزی نەکرد و هەستا و ڕۆیشت...

***

سابیر کە گەڕایەوە قاوشەکە، لفتە هەمدیس دەستی پێ کردبوو... لەسەرخۆ یارغەزاڵێکی دەچڕی...

«نازانم ئەم لفتەیە بەچی دڵی خۆشە وا لە گۆرانی خۆی ناکەوێ و ئێستاش وا یارغەزاڵم بۆ دەچڕێ؟»

کابرایەکی ناو جافایەتی، کە ئێستەش نەزانرا چۆن چۆنی کەوتە ناو ئەم

قاوشەوە و چۆن لە ئاوایییەکانی لای خۆیانەوە بڕ بووە و لەگەڵ ئەمانەدا هێناویانە... چونکی دانیشتووانی ئەو ناوەیان بۆ شوێنێکی کە برد... ئێستا کە وا دەڵێ خۆی لە سەرەتای هاتنە ئێرەیاندا شەوانە دەستی بەهۆرە دەکرد و نەیدەبڕییـــەوە! تا لەم دواییـــیـــانەدا وازی هێنا، کپ و بێـــدەنگ، لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەستی لە سوێڵی جیا نەدەبووەوە، هەر دەستی پێدا دەهێنا و بای دەدا... چەند جارێ باسی لای خۆیانی بۆ دەگێڕاینەوە، دەبوایە باسی سمێڵی خۆیشی بکردایە... دەیگوت: هەموو بەیانییەک بە ڕۆنی بادەم چەورم دەکرد، کە بادەمم دەست نەکەوتایە بە ڕۆنی گەنەگەرچەک چەورم دەکرد... لەگەڵ لفتەدا سازبوون... بێجگە لە لفتە لە کەسی قبووڵ نەدەکرد...

«لالە بۆچی گۆرانی هەر تەنها لە کاتی خۆشی و بەزم و شاییدا دەگوترێ؟ گۆرانی بۆ کاتی تەنگانە و دڵتەنگیش دەست دەدا ئەگەر هەر بۆ کاتی خۆشی گۆرانی بوترایە، ئەوا لە گەرمیاندا گۆرانی نەدەبوو، چونکی خۆشیمان کەمە... گۆرانی ئەم گەرمیانە بۆیە وا کاریگەرە چونکی لە دڵتەنگی و خەفەت و ئازارەوە سەری هەڵداوە...» لفتە ئاوا وەرامی لالەی دایەوە، هەر دەستی بە سمێڵی دادەهێنا...

***

وا ماوەیەکە گەرماکەی ئەم چەند مانگەی ڕابردوو کەمێ دامردووە... گەرما نەبوو تەنوورێکی هەڵایساو بوو... ئەوەی ئەم گەرما نەحلەتیە بەم خەڵکەی کرد مەگەر برسییەتی و لێک دابڕانی کەسوکار پێیانی کردبێ، تا لە مردنی ئەو خەڵکەدا دەستی باڵای هەبوو... گەرما هەربووە بووە، بەڵام نەکو وەکو ئەمەی ئێرە... پیرە خۆر هەر کە ڕمێک بەرز دەبووەوە دەستی بە ئاگر باران دەکرد، لم دەبووە سووڕکانێکی گڕ تێبەربوو بەرد و چەو و تاوێری، پشکۆ و ئەسکڵێ بوون بۆخۆیان، لە حەژمەتا پیاو ئەڵهای خواردنی نەدەکرد... ئەوجا کە دەستەڵاتی گەرماکەیان نەبوو، دونیایەکی کەیان بۆخۆیان دەخوڵقاند... تەسەڵای خۆیان پێ دەدایەوە و گەرماکەیان لەبیر خۆ دەبردەوە... ئیتر دەستیان پێ دەکرد:





«ئێستا لە قەراخی ڕۆخانە نەبی بەلۆچ ئاو بەسەروچاوی خۆتا بکەی...»

«گەرما چۆن وا ئەبێ؟»

«هەر زۆر گەرما بوایە مەنجەڵێ ئاومان ئەهێنا ئەو ناوەمان ئاوڕشێن ئەکرد... کە شەماڵ لێی ئەدا پیاو حەزی ئەکرد شانی لێ بدایەتەوە...» بەم جۆرە بەگژ گەرماکەدا دەچوون... ئاواش دەیانویست لەبیر خۆیانی بەرنەوە...!

وا ماوەیەکە پایز نیشانەی هاتنی خۆی ئاشکرا کردووە، دارتووەکەی ئەوسەر قەڵاکە دەنکە دەنکە گەڵای لێ دەوەرێ، خۆریش بەبەزەییتر دیارە و ئەوەندەش خۆی ماتەڵ ناکات و زووتر لە جاران ئاوا دەبێت... لێرە هەر جۆرە گۆڕانێک، با بچووکیش بوایە، با و تۆز هەڵی کردایە، گەرما بوایە، شەوەکەی مانگەشەو بوایە، هەر شتێکی کەی لەم بابەتە، دەبووە مایەی ورووژانی یاد و هزری خەڵکی ناو قەڵاکە... جا یا دوو دوو دادەنیشتن، خەتوورە و واڵا وردەکانیان بۆ یەک دەگێڕایەوە ئەگەر یەکێکیش کەسی دەست نەکەوتایە ئەوە بۆخۆی دەدوا یا لە سووچێک دادەنیشت و دەستی بە ورتەورت و بڵەمەبڵەمە دەکرد، کە دەتبینین گومانت لە مێشک و هۆشیان پەیدا دەکرد، تۆ بڵێی تێکچووبن؟... هەموو تووشی ئەم خووە بووبوون، بۆ چەند ساتێک خۆیان لەبیر دەکرد، هی واش هەبوو، لەهەر کوێیەک بوایە، مات و بێدەنگ دادەنیشت تەماشاکەی لە شوێنێکی نادیار گیر دەکرد و لەوبارە دەمایەوە... هەرچەندە برسییەتی و بێزارییەکە باڵی خەیاڵیانی قرتاندبوو... نەیاندەتوانی بەرزەفـــڕ هەڵی دەن بەڵام هەرچۆنێک بوایە پشوویەکی پێ دەدان و زوو دەگەڕانەوە دونیای ناو قەڵاکە، بەڵام لە جاران بارگران و هەناسە ساردتر، پەشیمان سەت پەشیمان لەو زیادەڕۆییە کە دەیانکرد لەو خەتوورە و هزر و خەیاڵ پلاوانەی کە بە بیریانا هات، سەت خۆزگەیان دەخواست کە هیچیان بە بیرا نەهاتبا، چونکی ئەو ماوە کورتەی بیرەوەرییەکانیان بەسەر دەکردەوە باری خەمیانی قورستر دەکرد... بۆیە وایان لێ هاتووە لە یاد و یادکـــردنەوەی بتـــرسن، چونکی دەزانن ئەو پڕکێشییەیان دوایی چی جەزرەبەیەکیان دەداتێ... تەنها لفتە ئەو یاد و

بیرەوەرییانەی خۆی بەگۆرانی دەردەبڕی... وا لە پێشوازی پایزدا یارغەزاڵێکی لەسەرخۆ دەڵێ:

زەردی خەزانت خەتای پایزە
ڕەنگ زەردیەکەی من دووری ئازیزە

«... هاوینیشمان بەڕێ خست، وا پایز هات، ترووسکەی ئومێدێک بەدی ناکرێت... دەبینم خوو و تەبیعەتی خەڵکەکەش بەتەواوی گۆڕاوە... وەک ماشینێکی بێ گیان دێن و دەڕۆن... لەسەرخۆ سست دەجووڵێنەوە... ئێستا ئەوەندە باسی ئاوایی و لای خۆیان ناکەن... ئەڵهای کەسوکارە بێ سەروشوێنەکانیشیان ناکەن!!... جاران لەگەڵ هەر یەکێکدا دادەنیشتی باسی شاوشکور بوون و گەڕانەوەی، دەکرد ئێستا ئەوە لە دەمی کەسێ نابیستی!... ئومێدبڕ بوون؟!... قاوشەکان بەتەواوی تەنک بوونەتەوە... هەندێک کە لە جێگایەک دانیشت، تا ئێوارە لە شوێنەکەی خۆی ناجووڵێ!!... یا لە بێزاریا یا توانای هەڵسوکەوتی نەماوە، هەندێکیش تاقەتی وردکردنی سەموونەکەشی نییە... کە نیازیشی کرد بۆ شوێنێکی کە بڕوات دەست بەدیوارەوە دەگرێت... لە یەکتر ناپرسنەوە، وەک یەکتریان نەدیبێ، تەماشایەکی دەکات و بەلایا گوزەر دەکات... ئەگەر بێت و دوو ڕۆژیش ئەو سەموونە ڕەقانەشیان نەدرێتێ هەڵپە ناکەن و مەبەستیان نییە... لەم ڕۆژانەدا بوو هاپۆ خدر مرد، بەڵام باش بوو بەم دەردە نەچوو هێشتا بەخۆیەوە بوو... سەیرە بەیانییەکی زوو لەبەر پەنجەرەکە بە نکە نک هەستا دەستی بەدیوارەکەوە گرت، بۆ دوور ڕوانی... کە چوومە تەکیەوە خوڕان خوڕان فرمێسک بەسەر ڕیشە سپییەکەیدا هاتە خوارێ... باڵم گرت لەسەر جێگاکەی داینێمەوە بە دەنگێکی لەرزۆک – کە دەنگیم بیست خورپە لەدڵمەوە هات و زانیم پەرێشانە:

– «تا ئەمڕۆ هەر بەتەما بووم... نەبوو... نە هەواڵێ نە سۆراخێ نەبوو... سابیر نەبوو... نەکەس دەنگی بەئێمە ئەگات نە ئێمەش دەنگمان بەکەس دەگات، دەستم دامێنت چاوت بەگەرمیانەوە بێت، لەبەرخۆیەوە بەحاڵ دەنگی دەردەچوو...





پووشەکەی جەستەم وەپەنا کەفتەن
سامیعەم خەبەر یاران نەشنەفتەن
خصوص شەڕارەی دووری زۆر کەردەن
مەزرەعەی هەستیم وای سەبوون بەردەن
بینایی دیدەم تۆ وە سەلامەت
دیدەنیی دیدار کەوت ئەو قیامەت

لەسەر جێگاکەی پاڵم خستەوە، یەک دووجار لێوی تەتەڵەی کرد، بزەیەکی خەماوی بۆ یەکجاری لەسەر لێوی مایەوە...» منیش هەست دەکەم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توانا و هێزم تیا نامێنێ... ماوەیەکە سابیر کشوماتییەکەی زیادی کردووە، لە بەیانییەوە تا ئێوارەکەی لەناو حەوشەدا ئەم سێبەر و ئەو سێبەر دەکات... چۆکی خۆی لە باوەش دەگرێت و زاق زاق بۆ شوێنێکی نادیار دەڕوانێ... سەری لە خۆی سوڕ دەمێنێ... هێشتا باشە، ئەم هەموو برسێتییە ئەم هەموو دیمەنە سامناکانە... ناشتنی ئەم حەمکە مناڵ و ئافرەت و پیرەمێردانە، کەچی هێشتا ماوە... هێشتا زۆر شتی لەبیر نەچۆتەوە... بەڵام وەکو جاران شتە وردەکانی نایەتەوە بیر... ئەو شتانەی زەق بوون دەهاتنەوە بیری... مناڵی خێزانێکی دەست نەڕۆ، کۆچکردنیان بۆ دووز... هاوڕێیانی شار... ئەوانەی لەبیری ماون... حەمە، کامەران، دلێر، و چەند کەسێکی کە... لە خۆی دەپرسی: دەبێ ئێستا لە کوێ بن؟ بەقسەم نەکردن... با بڕۆین، گاڵتەم بەقسەکانیان دەهات، ئەوان پیلاوی غەریبیان لە پێ کرد و ڕۆیشتن... منیش، هەر چەنێ سەر بەهیچ لایەنێک نەبووم کەچی لە شار تەنگیان پێ هەڵچنیم ناچار دەشتم دا لەبەر... ئینجا ئەم کارەساتە... وا ڕۆژ بەڕۆژ توانام نامێنێ و بەم تەمەنە وەک پەککەوتەیەک دە هەنگاو ڕێ بکەم دەبێ پشوویەک بدەم... لم و گەرماکە تووشی هەناسەبڕکێیان کردووم... هیچم لەمانە زیاتر نییە... بێ خاوەن دەمرم و لەشەکەشم سەگ دەیخوات... دەبێ شتێ بکەم... لەم کاتەدا پێکەنینێکی گاڵتەئامێزی گوێ لێ بوو، سەری هەڵبڕی: ئەوەتا... کوڕە گەنجەکەیە و تەماشای دەکات، باشتر دەرکەوت... وا بە بزەیەکی خەماوی و تێکەڵ

بەگازاندە و تیز پێکردنەوە بەرامبەری گرتووم... دەنگیش ناکات! بێدەنگییەکەی لە بزەکەی پتر ئازارم دەدات... «ئێستە هاتیتە سەر قسەکەم؟... چ سوودێکی هەیە؟... ئەو کاتە ئومێدێک هەبوو، ئومێدێکی کەم، بەڵام خۆ ئەم دۆزەخەت نەدەدی ئەگەر بەقسەت بکردایەم... گوناهی من لە ئەستۆی تۆدایە...».

«من لەوە ترسام هەوڵەکە سەرنەگرێ...» دەمی بەیەکا هات، فرمێسک نەیهێشت قسەکانی تەواو بکات... وەک بەزەیی پێدابێتەوە گەنجەکە شێوەی قسەکردنەکەی گۆڕی...

«هەر چۆنێک بێ لە دانیشتووی قەڵاکەی ئەولا بەختەوەرتری... بۆیان گێڕامەوە: هەندێکیان قانگ دراون هەندێکیان میکرۆبی نەخۆشییان کردە لەشیانەوە تووشی نەخۆشی گران گران بوون و مردن... هەندێکیان تووشی سەرئێشەیەکی بەدیعاتبوون بەجۆرێ هیچیان لەبیر نەدەما، هەتا ناوی کەسوکاریشیان لەبیر چووەوە، هەندێ پێستیان دەخورا... مات و خامۆش دادەنیشتن ئێستا ئەو قەڵایە کەسی تیادا نەماوە، کەسیش نزیکی ئەو قەڵایە ناکەوێ، نەکو تووشی ئەو نەخۆشیانە بن... ڕەنگە تۆش ببەن هەندێ نەخۆشیت لەسەر تاقی بکەنەوە... تا هێزت تیادا ماوە – من وەکو تۆ نیم – بڕۆ... تا پەلە بکەی درەنگە... بەڵام لەبیرت نەچێ، ئەمە بیابانە و گاڵتە نییە، هەردە و دەشتەکەی لای خۆمان نییە... بڕۆ ئەگەر مای ئەوا هەر دەگەیتە شوێنێک، کە گەیشتیتە هەقەجێ چیت دیوە بیگێڕەرەوە... ئێ؟... بشمریت هەر نەبێ لەشت نابیتە خۆراکی سەگ، داڵ و جانەوەر بتخوات، لەوەی باشترە سەگ بتخوات...» وای گوت و لەبەرچاوی نەما...

... دەڕۆم... هەندێ ئاو و چەند سەموونێک دەکەمە توێشووی خۆم... دەڕۆم... چاوی بەحەوشەکەدا گێڕا... هەندێ کەس وەک منالێک تازە پێی گرتبێ ئاوا هەنگاویان دەنا... بێدەنگ لەو ناوەدا دەهاتن و دەچوون...

***

یەک دوو ڕۆژێکە وزە وز پەیدابووە. ئەمە یەکەم جارە شتێکی وا بەرگوێ بکەوێ... سەرەڕای کاس و وڕی ئەوانەی قەڵا هەندێکیان بۆ





هەواڵەکە گوێیان قووت کردبووەوە کەسیش نازانێ ئەم هەواڵە سەیر و سەمەرەیش ئەمە بوو:

«هەندێ لە پەککەوتەکان و منداڵەکان بەردەدرێن...!!»

تا ئەوانەی دەستیان لە هەموو شتێ شُشتبوو و بەتەمای هیچ نەمابوون، شتێک لە ناخیاندا چرۆی کرد... سەرلەنوێ خەیاڵی ماڵ و منداڵ و هەردە و دەشتو کۆسارانی خستە کەللەیانەوە، ئەوانە خۆیان بەیەکێک لە بەربووەکان دادەنا... هەواڵێکی ئاسان نەبوو... دەزانی چ دەگەیەنێ؟ گەڕانەوە، ئەم هەواڵە مێشکیانی وریا کردەوە... کێ دەڵێ ئێستا کەسوکارەکەشم بەرنەبوونە؟ لەوانەیە دەمێک بێ لە شوێن و جێگای خۆیاندا بن... من چووزانم... کاتێ دەگەمە ماڵەوە، دەبینم ئەوان لەوێن، بەیەکتر شاد دەبینەوە، دەست بەکار و کاسبی خۆمان دەکەینەوە، زەوی وەک دایک وایە، چ کاتێ ڕووی تێ بکەی ناتبێزێنێ، خواش سەری دابێ ڕزقیش هەر دەدا... کولێتێک دیوارێکمان نەزانێ ڕووخانبێتی، پووش و قەلەجاری زۆر و زەبەند، خۆڵ و بەرد هەر باسی ناکرێ... چاکیان دەکەینەوە... بەڕۆژ هەزار و یەک جار ئاوا دەگەڕانەوە... شەوانیش خەویان دەدی لە نیوەشەودا دادەچڵەکین و شایەتمانیان دەهێنا... خەونەکانیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە...

«خێرە... ئینشائەڵڵا... خێرە... خۆبەتی... تۆ ۆ ۆ دەگەڕێیتەوە...»

ئەوەشیان لەبیر نەدەچوو هەر بەو شەوە کوڵێ ڕاسپێری و دوعا و سەلامیان دەدایە دەست ئەو خوا پێداوەی خەوەکەی دیتبوو...

«سڵاو لە فلان و فیسار دەکەم... چاوی ماچ دەکەم... پێی بێژە ئەگەر منالەکانی بینی چاوی پێیانەوە بێ... هەندێ پارەم لای فلانە با لێی وەرگرێ و بۆ منالەکانی خەرج بکات... تا دێمەوە...!!»

«بڕیارێکە داومە و ناگەڕێمەوە دەڕۆم... ئەی باشە گەرمیان؟ خەمی ئەومە... ئا... دۆزیمەوە...! شەوێ یاساوڵێک دەبینم...»

لە حەوشەدا بینی... دەستی گرت و بردییە پەنایەکەوە...

«ئیشێکم پێت کەوتووە»

ئاوای پێ گوت و سەفتەیە پارەی دایە دەستەوە. هەر یەکێ دەمرد، ئەگەر

پارەیەکی پێ بوایە سابیر لای خۆی هەڵی دەگرت... یاساوڵەکە گەشایەوە:

«بلێ چیت دەوێ».

«بیستوومانە هەندێ پەککەوتە و منداڵ بەرەڵڵا دەکرێن...»

«بەڵێ وایە... کێ پێی وتی؟»

«گگ بخە تەک ژن و پیاوێکی پەککەوتەوە»

«سەرچاو...»

***

دەمەو عەسرێک دوای چاوەڕوانییەکی دوو هەفتەیی هەواڵەکە ڕاست دەرچوو... نزیکەی پەنجا ئافرەت و پیاوی پەککەوتەیان لە قاوشەکانەوە هێنایە پێش دەرگا بچووکەکە، نزیکەی دە منداڵیشیان لەگەڵدا بوو، گەرمیان یەکێ لەو مناڵانە بوو، بەتەک ئافرەتێکەوە دایاننا...

«سبەی زوو بە ئۆتۆمۆبێل دەتانگەڕێنینەوە شوێنی خۆتان.» ئاوایان پێ گوتن.

سابیر چووە لای گەرمیانەوە... لە باوەشی گرت، ئەملاوئەولای ماچ کرد و دەستی کردە گریان... «تۆش دەردەچی کاکە سابیر... دێم بۆ لات... بیرتە پێت وتم دێم بۆ ئاواییەکەتان، لەبیرت نەچێ چاوەڕێت دەکەم...».

«دێم گەرمیان دێم...»

«ئەوانەی ناومان خوێندنەوە نەچنە قاوشەکانی خۆیان، با شەو هەر لێرە بمێننەوە تا سبەی زوو بکەوینە ڕێ...»... یاساوڵێک وای پێیان گوت.

***

مانگەشەوە، بایەکی مەیلەو فێنک هەڵی کردووە، یەکێ لە یاساوڵەکان هاتە لای سابیر و هەواڵی مردنی یەکێکی پێ دا... «فرسەتە ئەمشەو پێی پێوە دەنێم... ئەو تەرمە ئەمشەو دەنێژم و لەوێوە ناو خوای لێ دێنم... دەبا هەندێک ئاو بکەمە ناو شتێکەوە و لەگەڵ خۆمی ببەم، یەک دوو سەموونیش»... ئەوەی پێویست بوو پەیدای کرد. چووە لای گەرمیانەوە هەمدیس لەباوەشی گرت و ئەملاوئەولای ماچ کرد «ئەمە دوا تەرمە کە من بینێژم با من کەمێ خۆم دوابخەم وا لە دەرگاکەش چوونە ئەودیوا... جارێ





هەر ڕاست دەڕۆم تا لە قەڵاکە دوور دەکەومەوە ئینجا دەستی ڕاست دەگرم، نازانم بەپێ چەندە، بەڵام دەزانم ئەگەر لێم تێک نەچێ و لە ڕێگا شتێکم بەسەرا نەیەت لەم ئاستەوە هەر بڕۆم دەگەمە شارێکی بچووک، خۆم بەشارەکەدا دەکەم دواجار بەپێیانیش بێ شار بەشار و دێ بە دێ تا دەگەمەوە لای خۆمان... دەنگی وەڕینی گەماڵەکان دەبیسم... وا مانگیش ئاوابوو... ئاسمان بووە یەک پارچە ئەستێرە دەبێ وریای ئەوە بم ئەو ئاستەم لێ ون نەبێ کە وام داناوە ئاوەدانی لێیە...

دەنگێک دێتە گوێم! بانگی من دەکات لەناو هەزارەها دەنگدا جیای دەکەمەوە... دەنگی چنارە!... لەپێشەوەش دەنگێکی تر بانگم دەکا... ئەمەش دەنگی دایکمە... بگەڕێمەوە بۆ قەڵاکە! پاش ماوەیەکی کە منیش دەچمەوە لای چنار... یا ... نەء جارێکی کە ناگەڕێمەوە ئەو قەڵایە... وا هاتم دایە هاتم... وا بەڕێوەوەم، لە باوەشی تۆدا بمرم لەوە چاکترە لەم قەڵا بەدناوەدا لە حەزرەتا و لە برسانا بمرم، دواجاریش ببمە خۆراکی ئەو گەماڵانە... وا دێم...

**١٩٨٩-١٩٩٢ - دوزخورماتو**

**تێبینی:**

* شیعرەکان شیعری شاعیری نەمر (مەولەوی)ن.

** ئەو ناوانەی لێرەدا هاتوون، ڕەنگە بەرێکەوت لەگەڵ ناوی کەسێکدا جووت بن بەڵام مەبەستم نەبووە.